# هونەری نووسینی چیرۆک

# هونەری نووسینی چیرۆک

حەمەسەعید حەسەن

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

حەمەسەعید حەسەن
هونەری نووسینی چیرۆک
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٥٨
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٧٩ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

## هونەری نووسین

خـوێندنەوە بە شـێـوەیەکی گـشـتـی کـارێکی چاکـە، چونکە زانیـاریمان پێ دەبەخشێت، وەلێ خوێندنەوەی بەرهەمـی ئەدەبی، وێڕای بەخشینی زانیـاری، وامـان لێ دەکـات، ئیـنسـانێکی باشـتـر بین لـەوەی کـە هـەین، ئەوە بۆیە ئەوانەی ئەدەب دەخوێننەوە، زێتر جێی متمـانەن. ئەو کەسـانەی ئێمـە لەنێو کـتـێـبـدا دەیانبـینین، لـە کەسـانـی زیندوو دەچن، تەواو وەک ئێمـە دەپـەیڤن، هەناسـە دەدەن، دەگرین و پێدەکەنن، وەلێ کاتێک دەخوازین بـاوەشیـان پێدا بکەین، وەک ئـەوە وایە هـەوا لـە ئامـێـز بگرین. خـوێندنـەوە وەک سـەکـۆی شـانۆیەک وایە، تێـیـدا نووسـەر و خـوێنـەر، سـەرقـاڵی نمایشکردنی شـانۆنامـەیەکی فانتـازی ئامێزن، لەو نمایشکردنەدا، ڕۆڵی خوێنەر هیچی لە ڕۆڵی نووسـەر کـەمـتـر نیـیـە. جۆزیف کـۆنراد لە نامـەیەکدا بۆ هاوڕێیـەکی دەنووسێت:

(هەواڵێکی چەند خۆشە، کە کتێبەکەمت بە دڵە، ئەگەر چی ئەوەی من نووسیـومە، تەنیـا نیوەی یەکەمی کتێبەکەیە و نیـوەی دووەمیم بۆ خوێنەر جێ هێشتووە، تەواوی بکات.)

کـتـێـبی چاک وا لە خـوێنەر دەکـات، هەست بکات، ئەوی دەیخـوێنێـتـەوە، ئەزموونـی خۆیەتی. ئەدەبی چاک، لەناکاو، شتێکی گرنگمـان وەبیر دێنێتەوە، کـە پێـشـتـر زانیـومـانـە، وەلێ لە یادمـان چووەتەوە. ژنەکـەی تۆلسـتـۆی لە سـەروەخـتی پاکنووسکردنـی (شـەڕ و ئاشـتـی)دا، دەکەوێتە ئەتمۆسـفێـرێکی هێندە شـاعـیرانـەوە، پێی وا دەبێت، ئەوە ڕۆمـانەکـە نییـە کـە هێندە جـوانە، بەڵکوو ئەوە خۆیەتی کە هێندە زیرەکە.

نووسـینی جـوان، کـارێکی تا بڵـێـیت سـەخت و ئەسـتـەمـە، بۆیە هـێندە

کاریگەرە، سەرنجی هەر دێڕێک یان پەرەگرافێک لە نووسینێکی جوان بدەیت، وا هەست دەکەیت، نووسەرەکەی بە باشترین شێوە دایڕشتووە و هیچ ئەلتەرناتیڤێکت بە خەیاڵدا نایەت، لەوی نووسەر بالاتر بێت.

مەشقکردن و کاری بەردەوام، وەک چۆن بۆ هەموو بوارێک پێویستن، لە نووسینیشدا هەمان بایەخیان هەیە. بیرۆکە و ڕیتم، دووانەیەکن، بێ یەکدی ناژین، نووسەری چاک، بەدەگمەن وشەیەک لە هەمان ڕستەدا دووبارە دەکاتەوە.

تەنانەت ئەگەر بۆ نموونە لە ڕستەی یەکەمدا (کۆچ)ی بەکار هێنابوو، لە ڕستەی دووەمدا، هانا بۆ (ڕەو) دەبات و (کۆچ) دووبارە ناکاتەوە. نووسەران بە دەگمەن باسی تەکنیکی کارکردنی خۆیان دەکەن، ئەوی خوازیارە لە نهێنییەکانی چۆنییەتی کارکردنیان تێبگات، هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەی نییە، بێجگە لەوەی بە وردی لە بەرهەمەکانیان بکۆڵێتەوە.

نووسەر بۆ کێ دەنووسێت؟ مارگرێت ئابێنیوس دەیگوت: (بۆ خوێنەرێکی نەبینراو دەنووسم.) ئەوی نامە بنووسێت، دەزانێت ڕووی دەمی لە کێیە، وەلێ بۆ نووسەر، دەستنیشانکردنی وەرگر، کارێکی ئاسان نییە. ئەگەر خوێنەر نووسەرێکی خۆش بوێت، دڵی لەگەڵ خوێندنەوەی هەر دێڕێکی نووسینەکانیدا، لێ دەدات، ئەگەر قینی لێی بێت، بە نرخی خۆڵەمێش، پشکۆی وشەکانی لێ دەکڕێت. ستیگ داگەرمان هێندە بە ترسەوە دەینووسی، دەیگوت: (بووم بە کۆیلەی ناوی خۆم، زۆر ترسی ئەوەم هەیە، دێڕێک بنووسم، ناوەکەم بریندار بکات.)

نووسەری چاک تەنیا لەو بوارەدا دەنووسێت کە شارەزایی تێیدا هەیە. نووسەر با بەسەر زمانیشدا زاڵ بێت، ئەگەر لە بوارێکدا کە بواری شارەزایی وی نییە، خۆی تاقی کردەوە، زمان بە هانایەوە نایەت و دەگلێت. نووسەری چاک لە ڕێی ڕستەیەک یان دێڕێکەوە یان تەنانەت لە ڕێی ڕەوتار و بیرکردنەوەی کارەکتەرێکەوە، حوکم لەسەر بەرهەمێکی ئەدەبی نادات، ئەگەر وای کرد، خوێنەر متمانەی پێ ناکات. نووسەری چاک لە شتە بچووکەکاندا،

شـتی گـەورە دەبینێت، وەلێ نووسـەری بێـتـوانا، پێی وایـە دەسـتـرەنگینی لەوەدایە باسی شتە گەورەکان بکات.

مێتۆدێکی دیاریکراو نییـە، تا نووسـەر ڕەچاوی بکات و ئیدی خـاترجەم بێت لەوەی هـەر چییەکی نووسی بایەخدارە، تەنیا ئەوە فریای نووسـەر دەکەوێت کە مـتـمـانـەی تـەواوی بە توانای خـۆی نـەبێت و بەردەوام بە ترس و دڵەڕاوکـێـوە بنووسێت. سـامـۆێـل بەتلـەر دوو مـۆچـیـاریی هـەیە، یەکـەمـیـان: کـە شـیـعـرێکت نووسی، لە خـۆت بپرسە، ئایا ئـەوەی نووسیـومـە بەرگەی سـەد سـاڵی داهـاتوو دەگرێت، یان هـەر زوو ئێکسپایەر دەبێت؟ دووەمیان: تێکستەکەت بە کاوەخۆ و بە دەنگی بڵند، بۆ خـۆت بخـوێنەوە، بۆ ئـەوەی هـەست بە کـەمـوکـوڕییـەکـانی بکەیت. نووسـەری چاک بە وردی بەسـەر نووسـینەکانیـدا دەچێتـەوە و هـەمـوو ئەو وشـە، ڕسـتـە، دێڕ و پەرەگرافانە بژار دەکات کە وا دەکەن تێکسـتـەکـەی قەڵەو بنوێنێت.

سـتریندبێری بۆیە بە نەمری مـاوەتەوە، چونکە بە جۆرێک خـێزانی سـوێدیی پێکەوە گرێ داوە، سوێدییـەکان لە بەرهـەمەکانی ویدا بۆ ڕەگـوڕیشـەی خـۆیان دەگەڕێن. ئەوی (گوننار ئێکەلوێف)ی لەدوا ڕۆژەکانی ژیانیدا دیتبێت، هـەستی کـردووە، ئەو شـاعـیـرە بە زەبری وشـەی جـوان، گـرەوی لە ئازار و مـەرگ بردووەتەوە، وەلێ ئێریک لیندەگرێن، لـە کۆتایی ژیانیدا لە داڵێک دەچوو، دوای ئەو هـەموو دوورفـڕینە، لە لاقەکانی بەولاوە، هیچی دیکە شک نەبا، پشـتی پێی قایم بێت.

بۆچی دەنووسیت؟ سـەمـۆێل بێکێت لە وەڵامی ئەو پرسـیـارەدا گـوتبـووی: (ئاخـر هـیچ ئیـشـێکی دیکە نازانم.) ئۆلۆف لاگـەرکـرانتـز پێی وایـە، نووسـین لەگـەڵمـاندا لـە دایک دەبێت، قـەدەرێکە توانای ئەوەمـان نییـە، خـۆمـانی لێ لا بدەین، تەنیـاییش یەکێکە لەو هۆکـارانەی خـەڵک بۆ نووسـین هـان دەدات، کـە کەسمان شک نەبرد، گوێمان بۆ ڕادێرێت، ئیدی ناچار دەبین، بنووسین. ئەگەر هـەست دەکەیت، دوا نووسـینت لەوی پێشـووت بەهێزتر نییـە، ئەگەر وای بۆ دەچیت، هیچ توانای تازە لە وشـە کۆنەکاندا نادۆزیتـەوە، ئەگەر پێت وایە، هـەر

هەمان دەربڕین و قسەکانی پێشووت دووبارە دەکەیەوە، چی زووترە، دەست لە نووسین هەڵبگرە!

ئەم باسە دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە نووسراوە:

Olof Lgercrantz, Om konsten att läsa och skriva, Sandbok AB 2003 Falun.

## چۆن فێری نووسینی چیرۆک دەبین؟

تا هەنووکە شتێک دانەهاتووە،
بۆ بە گژداچوونەوەی خەمناکی و بێزاری،
هێندەی چیرۆک کاریگەر بێت.

١

ئەوین پێناسە ناکرێت، تا خۆت نەکەویتە نێو داوی ئەوینەوە، نازانیت ئەوین چییە. ئەوین شتێک نییە ئاسایی، شتێکە سەرسوڕهێن، وەک جادوو. ڕەنگە ئەوین، گەڕان بێت بە دوای شتێکدا کە نازانین چییە، وەلێ دەزانین پێویستمان پێیەتی. ڕەنگە ئەوین خەونێک بێت، شاعیرێک بتوانێت بە زمانێکی زێدەجوان، بە هۆی ڕستەی بازنەییەوە بۆمانی بگێڕێتەوە، گێڕانەوەیەک نە سەرەتای هەبێت، نە کۆتایی. ڕەنگە نووسینیش شتێک بێت وەک ئەوین، وەک چۆن ئەوە تەنیا خودی ئەویندارە، هەست بە نهێنییەکانی عیشق دەکات، ئەوە تەنیا نووسەریشە، پەی بە لایەنە نادیارەکانی نووسین دەبات.

پیاو ئەگەر ژنێکی خۆش ویست، چی نهێنیی خۆی هەیە، با هەندێکیان لایەنە لاوازەکانیشی ئاشکرا بکەن، لە کنی دەیاندرکێنێت، بێ گوێدانە ئەوەی، دەشێت بە درکاندنی هەندێک لەو نهێنییانە، ئەو شکۆ و سەنگینییەی جارانی لە کن ژنە نەمێنێت. نووسین لای نووسەری ڕاستەقینە، ئەو ژنە دلۆڤانەیە کە متمانەی پێ دەکات و بە ڕاشکاوی و ڕاستگۆییەوە، ڕازی خۆی بۆ دەردەبڕێت. ئەوە بۆیە کاتێک چیرۆکبێژ، خودی چیرۆکنووسەکەیە و بەشێک

له بیۆگرافیای خۆی دەنووسێتەوە، چیرۆکەکەی دەبێتە جێی متمانەی خوێنەر، با خەیاڵ و واقیع بە جۆرێک دەستیان لە ملی یەکدیش ئاڵابێت، لێک جیاکردنەوەیان کارێکی ئەستەم بێت.

(ڕۆمان) هەیە، هێشتا چاپ نەکراوە، مردووە، ئاخر بە مردوویی لە دایک بووە، ئەو جۆرە نووسینانە، ئەوە ناهێنن، دەقیقەیەک لە کاتی خۆمانیان بۆ تەرخان بکەین، ئاخر ئەو دەقیقە گرانبەهایەمان بەفیڕۆ دەچێت. ئەگەر چەند سەعاتێکمان بۆ خوێندنەوەی (ڕۆمان)ێک تەرخان کرد و لە کۆتاییدا هەستمان کرد، ئەو چەند سەعاتەمان لە کیس چووە، هەقە مافی ئەوەمان هەبێت، لەبری ئەو وەختە بەفیڕۆچووەمان، داوای قەرەبوو، لە نووسەری (ڕۆمان)ەکە بکەین. ڕۆمانی جوان بە چنینەکەی سەرسامان دەکات، فۆرمەکەی تایبەتمەندیی خۆی دەبێت و ڕەمزەکانیشی پریشکێک دەبەخشن، کوانووی چەندان حیکایەت لە زەینماندا دەگەشێنێتەوە.

(چۆن دەتوانین ڕۆمانێکی باش بنووسین؟ هیچ ڕێگەچارەیەکمان لەبەر دەمدا نییە، غەیری ئەوەی کە دەبێت، ڕۆماننووسێکی باش بین.)(1) لەم سەردەمی دیگیتاڵەدا، ڕۆماننووسین زۆر ئاسانترە لەو وەختەی تۆلیستۆی ڕۆمانی تێدا دەنووسی، ئاخر ئەو و هاوڕێکانی، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زۆر ماندوو دەبوون و هەنووکە بەدەستخستنی زانیاری لە هەر بوارێکدا بخوازین، زۆر ئاسانترە. بێنگت یانگفێلدت کتێبێکی دەربارەی جۆزێف برۆدسکی، ئەو شاعیرە ڕووسەی ساڵی ١٩٨٧ نۆبێڵی پێ بەخشرا، نووسیوە، (زمان خوداوەندە)ی بۆ ناونیشانەکەی هەڵبژاردووە. وەک چۆن خوداوەند خوڵقێنەری دنیایە، شاعیریش خالقی شیعرە، خودا بۆ خوڵقاندنی دنیا، هیچی لەبەر دەستدا نەبووە، شاعیر بۆ ئەفراندنی شیعر، وشە، یان دروستتر زمان شک دەبات. زمان خوداوەندە، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بایەخی زمان، ڕەنگە زمان بۆ ڕۆماننووس بایەخی گەلێک لەوە زیاتریش بێت کە لای شاعیر هەیەتی.

خوێندنەوەی بەرهەم و لاساییکردنەوەی شێوازی نووسەرانی گەورە

سـوودیان زۆرە، بەڵام لەوانە گـرنگتـر، بەهـرەیە، بەهرە شـتـێک نیـیـە وەک سـرووش لـە ئاسـمـانەوە بەسـەرمـاندا ببـارێت، ڕەنگە بەهـرە، لە (بەهێـزیی تێبـینی)دا چڕ ببـێتـەوە، یان جـۆرێک بێت، لە وردبینی، بینینی ئەو شـتـانەی کـەسـانی دیکە نایانبـینن. ئاخـۆ ئەگـەر بەهرە نەبووایە، ڤاگنەر دەیتـوانی بە کـاریگەرییـەتیی ڕیتـمی بـارینی بـاران، جـوانتـرین پارچەمـوزیکی خـۆی دابهێـنێت؟ کەواتە ڕەنگە بەهرە، پێوەندیی بە توانای بیسـتنیشـەوە هەبێت، ئەوەی بێتهـۆڤن، وەک بیسـتن کەمـایەسیی هەبـووە و بەهرەمەندێکی گەورەیش بووە، دەگمەنە و ناکرێتە پێوانە.

ئەوە جـۆرێکە لە کـارەسـات، نـووسـەر بۆ ڕەخنەگر بـنووسـێت، ئاخـر ئەگـەر وای کـرد، ئەوا هیچ چێـژێک لە پرۆسـەی نووسین وەرناگـرێت. هەقە نووسـەر پێـشـەکی بۆ خـۆی بنووسـێت، تـەواو وەک ئەوانـەی بێ ئـەوەی نیـازی بڵاوکـردنـەوەیان هەبێت، ڕۆژانە لـە دەفـتـەرێکدا بیـرەوەرییـەکـانی خـۆیان دەنووسنەوە، ئاخر نووسـینەوەی بیرەوەری، جۆرێکە لە تێراپی، تێراپییـەک کە چێـژمـان پـێ دەبەخشـێت و هێـورمـان دەکـاتەوە. بێـجگە لـەوە، ڕەنگە ڕۆژێک دابێت، ئەو کـورتە بیـرەوەرییـانـە لە نووسـینەوەی ڕۆمـانێکدا کۆمـەکمـان پـێ بکەن، تەواو وەک ئەو دەفتـەری تێبینییەی کە ڕۆماننووس پێویسـتی پێی هەیە و بەردەوام ئـەو سـەرنجـانـەی تێـدا تـۆمـار دەکـات کـە بۆ کـاری داهـاتووی سوودیان لـێ دەبینێت. ڕەنگە ڕۆماننووس تەنیا یەک هـاوڕێی دڵسـۆزی هەبێت، هـاوڕێیـەک کـە لـە تەنگانەدا، بە هانایەوە دێت، مـەبـەسـتم لـەو هـاوڕێیـە، ئەو دەفتـەرەیە کە تێبینییـەکانی تێدا تۆمار دەکات. هەمەنگوای یەکێک بوو لەو نووسـەرە گەورانەی پشتی بە دەفتـەری تێبینی دەبەست و هەر زانیارییەک یان لێکدانەوەیـەکی بە گـرنگ زانیـبـا، دەسـتـبـەجـێ تۆمـاری دەکـرد و دواتر سەروەختی ڕۆماننووسین، بە شێوەیەکی هونەری جێی بۆ دەکردنەوە.

ئینسـان کە قسـە دەکات، بە هـۆی قسـەکانییـەوە، کرۆکی خـۆی دەخاتە ڕوو. ئەوە ئاخـاوتنە، کـەسـایەتیـمـان دەردەخـات، بۆیە لە ڕۆمـاندا دیالـۆگ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت و کـاریگەریی زۆر لە وەسف و گێڕانەوە زیاترە و زێتـریش جێی

متمانەیە بۆ ناساندنی کارەکتەرەکان. وەک چۆن ناونیشانی ڕۆمان بۆ بەندکردنی کۆتری سەرنجی خوێنەر، بایەخی خۆی هەیە، دەستپێکی ڕۆمانیش ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، ئەگەر ڕستەکانی سەرەتای ڕۆمان، سەرنجی خوێنەریان تا ئەو ئاستەی وەک جادووی لێ کرابێت، ڕاکێشا، ئیدی ئەستەمە دەست لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە هەڵبگرێت، بە پێچەوانەیشەوە، ئەگەر داڕشتنی سەرەتای ڕۆمانێک لاواز و ڕەقوتەق بوو، ئەگەری ئەوە هەیە، هەر زوو خوێنەر لە خوێندنەوەی سارد ببێتەوە. ڕۆماننووس ئازاد نییە لەوەی چۆن کۆتایی بە چیرۆکەکەی دەهێنێت، ئاخر کۆتایی ئەگەر کوتوپڕیی پێوە دیاربوو، خوێنەر نائومێد دەبێت و وای بۆ دەچێت، فێڵی لێ کراوە و هەست دەکات ماندووبوونی بە خەسار چووە. ڕەنگە بتوانین بە هۆی کۆرسێکەوە، فێری نووسین ببین، بەڵام ئاخۆ لە هیچ فێرگەیەکدا، فێری ئەوە دەبین، چیرۆکێک بنووسین، هێندە ئەفسووناوی بێت، لە یادی خوێنەردا کاڵ نەبێتەوە. ڕەنگە باشترین ڕێنیشاندەر بۆ فێربوونی هونەری نووسین، وردبوونەوە بێت لە ئەزموونی گەورەنووسەران.

ئێمە کە دەست بە شیعرنووسین دەکەین، هێشتا شیعری (نالی)مان نەدیتوە، یان دیتومانە و وەک پێویست لێی حاڵیی نەبووین، ئەگەر نا، لەو هەموو جوانکاری، وردەکاری و فرەماناییەی شیعری نالی، تێگەیشتباین، وەک مەحاڵ وابوو، زاتمان کردبا، شیعر بنووسین. کە (ئانا کارنینا) دەبێت بەژێر شەمەندەفەرەوە، تۆلستۆی خوڕخوڕ بۆ مەرگی ئەو کارەکتەرەی دەگری. ڕەنگە ئەگەر ئەو ڕۆمانە بخوێنینەوە و وەک پێویست لێی تێبگەین، ئیدی پێمان شەرم بێت، ئەوەی دەینووسین، ناوی ڕۆمانی لێ بنێین. هێرمان هێسە لە سەرەتای لاویەتیدا دەیخواست ببێتە جادووگەر و پەی بە نهێنییەکانی خەڵک ببات و چارەسەر بۆ کێشەکانیان ببینێتەوە، ئەو خەونەی بە نووسینی ڕۆمان و لە خوڵقاندنی کارەکتەرگەلی نەمردا بەدی هێنا.

ئەوی پیشەی نووسین بێت، کەسێکە بەسەر هونەری نووسیندا زاڵ کە دەتوانێت پوختەی بابەتەکەی لە چوارچێوەی دەق بگرێت. بایەخی هیچ دەقێک

بەوەوە بەند نییە، چەند دانە لە کتێبەکە فرۆشراوە، یان نووسەرەکەی چەندی لێ قازانج کردووە. سەنگی مەحەک بۆ بایەخی دەق، داهێنانە. ئەوە داهێنان نییە، کەسانی نێو ڕۆمانەکەمان، تەواو وەک خۆمان بیر بکەنەوە و شەیدای ئەو شتانە بن کە خۆمان حەزمان لێیانە. ڕۆماننووسی داهێنەر لێ دەگەڕێت، کارەکتەرەکانی کەسانی جیاواز بن، ئامادەی گۆڕان بن و خۆیان لەسەر بەردی واقیع چارەنووسی خۆیان هەڵبکۆڵن. ڕۆمان پێوەندیی بە کرانەوەوە هەیە، ئەو نووسەرەی دەرگەی لەسەر خودی خۆی داخستبێت، توانای خولقاندنی دەنگی جیاوازی نابێت، بۆیە بەرهەمی ناکەوێتە خانەی داهێنانەوە.

چۆن فێری نووسینی ڕۆمان دەبین؟ ڕەنگە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە لە توانای کەسدا نەبێت، ئاخر هەندێک ڕێنمایی وەها نییە کە بە ڕەچاوکردنیان، ڕۆماننووس لە دایک ببێت، بەڵام هەندێک ڕێنوێنی هەیە، ئەگەر لەبەر چاویان بگرین، سەروەختی نووسینی ڕۆمان کۆمەکمان دەکەن. وەک: هەرگیز واقیع وەها وێنە مەکێشە کە هیچ ڕووناکییەکی تێدا بەدی نەکرێت، هەمیشە، دەقەلایەک بۆ هاتنە ژوورەوەی تروسکایی بهێڵەوە! بە پاساوی ئەوەی گوایە نووسەرێکی زانایت و خەریکی بە دەستەوەدانی ماناگەلی قووڵیت، هانا بۆ زمانێکی ئاڵۆز مەبە! ئاخر خوێنەر کەیفی بەو جۆرە نووسەرە لووتبڵندانە نایەت. دەتوانیت کەڵک لە ئەزموون و ژیاننامەی خۆت وەربگریت، بەڵام با تەنیا چیرۆکبێژ، یان تاقە کارەکتەرێک لە خۆت بچێت. وەک چۆن لە ژیانی هەر کەسێکدا، لای کەم شتێکی نهێنی هەیە، هەوڵ بدە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی نهێنییەک هەبێت، ئەگەر نا خوێنەر هیچ پەرۆشییەکی بۆ تەواوکردنی ڕۆمانەکە نامێنێت.(٢)

سیزان دەڵێت: (بۆ ئەوەی لە جیۆلۆجیای دیمەنە سروشتییەکان تێبگەین، پێویستە لە بەرزی و نزمی و قووڵیی، چیا و گرد و دۆڵەکانی جەستەی ژن ورد ببینەوە.) ئەوە بۆیە ڤان گۆخ لە ڕێی ئەوینی ژنە سێکسفرۆشێکەوە، عاشقی مرۆڤایەتی بوو. (ژن وەک لقێکی ناسک و پاراو وایە، با، بەملا و بەولایدا

دەبات، وەلێ زریان نایشکێنێتەوە.) بۆیە ڕۆماننووسی لێزان، هەمیشە بە چاوی ڕێزەوە بۆ ژن دەڕوانێت، ئاخر دەزانێت، ئەگەر ژنی دۆڕاند، داهاتووی لە کیس دەچێت. ڕۆماننووسی چاک فێرمان دەکات بە نەرمونیانی، ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی توندوتیژی بگرین و بە خۆشەویستی بە گژ کینەدا بچینەوە، ئەوە نەبوو شەهرەزاد لە ڕێی گێڕانەوەوە، شەهرەیاری دڕندەی کەوی کرد.

هەندێک تەکنیکی نووسین هەن، پێویستە نووسەر فێریان ببێت، لەوانە: چۆن کۆتایی بە بەشێک دەهێنێت و بەشێکی دیکە دەست پێ دەکات، بێ ئەوەی ئەو نهێنییەی درکاندبێت کە لە بەشی پێشوودا ئاماژەی بۆ کردووە. مارلین مۆنرۆ دەیگوت: لوتکەی ورووژاندن ئەوەیە، ئەو شتە بشاریتەوە کە بینەر چاوەڕێیە ببینێت. نووسەر پێویستە خوێنەر لە چاوەڕوانیدا بهێڵێتەوە و تا کۆتایی شتێک لە تەمومژ بهێڵێتەوە، ئەگەر نا خوێنەر بە تامەزرۆییەوە، دوای ڕووداوەکان ناکەوێت. ولیەم فۆکنەر دەیگوت: (پێویستە گێڕانەوە لە سێبەری ڕووداودا بێت، کە ڕووناکیمان خستە سەر ڕووداوێک، بە لایەنێکی دیکەی تاریک، کۆتایی بەو بەشە بهێنین.)

ئایا بیرۆکەی ڕۆمان، ئیلهامە و خودا بە نووسەری دەبەخشێت؟ نا، زادەی بەگەڕخستنی عەقڵە و لە ساتەوەختی داهێناندا بە بیری نووسەردا دێت و بەشێکە لە هونەری ڕۆماننووسین. داهێنانی بیرۆکە کاری عەقڵە و پێویستی بە بەرچاوڕوونی، ڕامانی چڕ، خەیاڵی فراوان و زەوقێکی باڵا هەیە. ڕۆماننووسی گەورە بەرپرسە بەرانبەر هەر وشەیەک لە وشەکانی و لە تەلاری ئەو پرۆژەیەدا کە بە هۆشیارییەوە ڕۆی ناوە، هەر یەک لە ڕستەکانی بەردێک دەبێت. ڕۆمان پرۆژەی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی شوێن و وەختە لە دەرەوەی واقیع، ڕۆماننووس شاهیدێکی ڕاستگۆی سەربەخۆیە، ژیان لەژێر چەپۆکی زەمان ڕزگار دەکات.

٢

چونکە لە ماڵی کورتەچیرۆکدا، تەنیا جێی یەک، ئەوپەڕی دوو، کارەکتەری سەرەکی دەبێتەوە، بۆیە پێویستە نووسەر دەست بە وشەوە بگرێت و بروسکەئاسا ئاوڕ لە کەسایەتییە لاوەکییەکانی ناو چیرۆکەکەی بداتەوە. ولیەم فۆکنەر دەیگوت: (پێویستە نووسەر خۆشەویستەکانی خۆی بکوژێت.) مەبەستی ئەوەبوو، هەر ڕستەیەک، با جوان و دڵڕفێنیش بێت، ئەگەر لە خزمەتی چیرۆکەکەدا نەبوو، پێویستە نووسەر فەرامۆشی بکات. کورتەچیرۆک باس لە یەک ڕووداوی دیاریکراو دەکات و تاقە ناکۆکییەک بەسەر دەکاتەوە، وەختێکی کورت دەخایەنێت، نووسەر تێیدا ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو جەرگەی باسەکەوە، ئیدی گێڕانەوە بێ کۆسپ هەڵدەقوڵێت و چیرۆکنووس خۆڕسکانە، وەڵامی پرسیارگەلی: چی، کێ، کەی، لەکوێ و چۆن دەداتەوە.

چی؟ ئەوەیە نووسەر نابێت شتێکی زۆر ئاسایی و ڕۆژانە بگێڕێتەوە، پێویستە کێشەیەکی سەرنجڕاکێش لە ئارادا هەبێت و نووسەر بزانێت چ بیرۆکەیەکی پێیە و نیازی گێڕانەوەی چی هەیە. کێشەیەک، ناکۆکییەک یان ئاستەنگێک هەیە، پێویستە خوێنەر کەمەندکێش بکات، بە جۆرێک یان خۆی تێدا ببینێتەوە، یان حەزی لێ بێت لە ناویدا بژی. کەواتە کێشەکە پێویستە پێوەندیی بەو شتانەوە هەبێت کە جێگەی بایەخی زۆربەن، وەک: ململانێی نێوان خێر و شەڕ، ژیان و مردن، ئەوین و ڕک، یان: تەنیایی و نائومێدی.

کێ؟ ئەوە زۆر گرنگە، هەر زوو خوێنەر بزانێت، ئەوە کێیە کە کێشەی هەیە؟ تەمەنی چەندە؟ شێوەی چۆنە؟ ڕۆژانە چۆن ژیان بەسەر دەبات؟ چۆن دەپەیڤێت و چۆن بیر دەکاتەووە؟ نووسەر دەبێت خۆی هەموو شتێک لە بارەی کارەکتەرە سەرەکییەکەیەوە بزانێت، وەلێ تەنیا لایەنە گرنگ و هەرە تایبەتییەکانی بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات. نووسەر یەکسەر هەموو لایەنە سەرنجڕاکێشەکانی قارەمانەکەی باس ناکات، وردەوردە ڕووناکی دەخاتە سەر ژیانی.

کـەی و لەکـوێ؟ نووســەر دەبێت وەخت و شـوێنی ڕووداو دیاری بکات و ئاماژە بۆ تایبەتمەندییە بایەخدارەکانی ئەو شوێنوەختە بکات. چۆن؟ نووسەر دەبێت ئەوە ڕوون بکاتەوە، کارەکتەرەکەی چۆن تووشی کێشەکە دەبێت؟ چۆن هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات؟ ئەوە سەرنجراکێش دەبێت، ئەگەر نووسەر، خـوێنەریش بۆ بیـرکـردنەوە هان بدات و کـۆمـەڵێک (بـۆچی؟) لە کن ویش بورووژێنێت، وەک: بۆچی قارەمانەکە وای گوت؟ یان: بۆچی سەفەری نەکرد؟ تەنانەت نووسەر دەتوانێت کارێک بکات، خوێنەر خەیاڵی بخاتە گەڕ و بە دوای چارەسەری کێشەی کارەکتەرەکەدا بگەڕێت.

چیرۆک ئەگەر (دیالۆگ)ی تێدابوو، نابێت هیچ قسەیەکی بێ مانا، یان بێ بایەخی تێدابێت، پێویستە گوتەکان، درامای چیرۆکەکە بەرەو لوتکە ببەن، کـارێک بکەن خـوێنەر بە تامـەزرۆییـیـەوە دوای ڕووداوەکـە و لێکدانەوەی قارەمانەکە بکەوێت. ئەوەیش گرنگە کە هەمـوو چیرۆکێک پێویستە (پەیام)ێکی پێ بێت و شتێک بە خوێنەر بڵێت. (چیرۆکبێژ)ەکە کێیە؟ ئەوە زۆر بایەخدارە کە کێ چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە. ئایا کەسی بگۆی یەکەمە کە (فۆرمی من)ی پێ دەڵێن؟ ئاخـر ئەگەر وابوو، ئەوە بەو مـانایە دێت کـە گـێـڕەرەوە خـۆی لە ناو (ڕووداو)ەکەدا ژیاوە.(*) ڕەنگە ئەوی چیرۆکەکـە دەگێـڕێتەوە کەسی سـێـیەم بێت، چیرۆکبێژی هەمووشتزان بێت، یان بە چەند چیرۆکبێژێک، هەر یەکە و لە ڕوانگەی خۆیەوە، چیرۆکەکە بگێڕنەوە و گێڕانەوەی کەسیان لە هی ئەوی دیکەیان نەچێت. ئەگەر گێڕەرەوە، قوتابییەکی دە دوازدە ساڵان بوو، نابێت تێبینییەکانی لە هی کەسێکی بە ساڵداچووی خاوەنئەزموون بچێت.

سەرەتا و کۆتایی چیرۆک ڕۆڵێکی گەلەک بایەخداریان هەیە، بۆیە پێویستە نووسەر چی توانا شک دەبات، لەو دوو بەشەدا وەگەڕی بخات. وەک چۆن ئەوە گرنگە دەستپێکی چیرۆک هێندە سەرنجراکێش بێت، خوێنەر دیل بکات و لێ نەگەڕێت، دەست لە خوێندنەوەی هەڵبگرێت، ئەوەیش هەر گرنگە، نووسەر بە جۆرێک کۆتایی بە چیرۆکەکە بهێنێت کە جێی باوەڕی خوێنەر بێت. ئەگەر نووسەر لە کۆتاییدا بڵێت: ئەوەی بۆم گێڕانەوە، خەون بوو، یان ئەگەر لە پڕ

دڵڕەقێک وەک دلۆڤان نیشان بدات، خوێنەر نائومێد دەبێت و وا هەست دەکات فریو دراوە.

نووسەر دەبێت سەروەختی گێڕانەوە هەندێک سەرەداو نیشان بدات، تا پشکۆی کونجکۆڵیی خوێنەر زێتر بگەشێنێتەوە و ناچاری بکات دوای بەسەرهاتەکە بکەوێت. هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، پێویستە داوێکی سوور هەبێت کە بۆ خوێنەر ئاسان بێت دوای بکەوێت، ئەو داوە سووره زادەی پێوەندییەکی پتەوی نێوان پێکهاتەکانی چیرۆکەکەیە. ئەگەر نووسەر چیرۆکەکەی بە کراوەیی جێ بهێڵێت، ئەوە یاریدەی خوێنەر دەدات، بیر بکاتەوە و خەیاڵ وەگەڕ بخات، تا کۆتاییەکی بۆ ببینێتەوە.

دەشێت لە هەموو ژانرێکی ئەدەبیدا تووشی کورتەچیرۆک ببین، ئاخر ڕەنگە شیعرێک چیرۆکێکی کورت بگێڕێتەوە، شانۆنامەیش هەروەها، ڕەنگە لە ناو ڕۆمانێکدا، هەندێک کورتەچیرۆک هەبن. هەن بەو پاساوەی، سەرنجی هەر بەسەرهاتێکی میللی بدەین، کورتەچیرۆکێکی لە هەناویدا حەشار داوە، وای بۆ دەچن، ڕەگوڕیشەی کورتەچیرۆک دەچێتەوە سەر ئەفسانە و حەکایەتی فۆلکلۆری. پێ دەچێت هەزار و یەکشەوە، لەسەر ئاستی دنیا، بەناوبانگترین (کۆچیرۆک) بێت. گیۆڤانی بۆکاشیۆ بە (کۆچیرۆک)ی دیکامیرۆن کە لە سەد (کورتەچیرۆک) پێک دێت و لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەیەمدا بڵاو دەبێتەوە، ڕچە دەشکێنێت و ئیدی بڵاوبوونەوەی (کۆچیرۆک) دەبێتە نەریت، هەرچەندە کورتەچیرۆکی هونەری زۆر درەنگتر سەر هەڵدەدات.

ئەوە سەیر نییە لە باسی کورتەچیرۆکدا وەڵامی پرسیارگەلی چی، کێ، کەی، لەکوێ و چۆن بدەینەوە، ئاخر نۆڤێللا، بە مانای (هەواڵێکی گرنگ)یش دێت. هارالد ئێلۆڤسۆن پێی وایە، کورتەچیرۆک: گێڕانەوەیەکی ئەدەبییانەی (بەسەرهاتێکی سەرنجڕاکێش)ە کە پێوەندییەکی پتەوی بە واقیعەوە هەیە و ناکۆکیی نێوان هەندێک کارەکتەر دەداتە بەر ڕووناکی. کورتەچیرۆکی کلاسیک دیوی دەرەوە بەسەر دەکاتەوە، وەلێ هی مۆدێرن، بایەخ بە کێشەکانی نێو ناخی ئینسان دەدات. مۆنۆلۆگی ناوەکی کە جێی بایەخی

چیرۆکی مۆدێرنە، دیالۆگێکی بێدەنگە، گوتوبێژێکە لە نێوان کارەکتەر و خۆیدا و مەبەست لە بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە، سڕینەوەی دیواری نێوان کارەکتەر و خوێنەرە.

مۆنۆلۆگی ناوەکی هەرچەندە بێ دەستتێوەردانی نووسەر لە ناخی کارەکتەرەوە هەڵدەقوڵێت، وەلێ پێوەندییەکی پتەوی بە واقیعەوە هەیە و لە دواجاردا هەر دەڕژێتەوە نێو گۆلی گێڕانەوەوە. جیاوازییەکی دیکەی نێوان چیرۆکی کلاسیک و مۆدێرن ئەوەیە، لە هی دووەمیاندا، گرنگ ئەو شتانەیە کە نەگوتراون و دەبێت خوێنەر لە نێوان و لەودیو دێڕەکانەوە بۆیان بگەڕێت، ئەوە بۆیە زۆر جار کورتەچیرۆک بە تێکستێکی ناتەواو ناودێر دەکرێت، ئاخر ئەوە خوێنەرە کە تەواوی دەکات. ئەوەیش زۆر گرنگە کە کورتەچیرۆک پێویستە بە زمانێکی مۆدێرنی ستاندارد بنووسرێت، نەک بە زمانێکی دێرینی گوندی، نەک بە دیالێکتی دەڤەرێک.

٣

چیرۆکیش وەک شیعر لە بازنەی هیچ پێناسەیەکدا گیر ناخوات و ڕەنگە قسە لەسەر هەر چیرۆکێک بکەین، ئەزموونێکی نوێ بێت لە تەکنیکدا. ئەگەر ڕۆمان هونەری سەدەی نۆزدەیەم بێت، ئەوا کورتەچیرۆک هونەری سەدەی بیستەمە و لەسەر دەستی (گی دی مۆپاسان و ئەنتوان چیخۆف)دا پێگەیشت و جۆیس و کافکا و هەمەنگوای، هێندەی دی گەشەیان پێ دا. بە گشتی لە کورتەچیرۆکدا، بابەتێک، مەبەستێک و ڕووداوێک هەیە، زەمان تێیدا هێندە بزۆز نییە، مەگەر لە چوارچێوەیەکی تەسکدا، کارەکتەرەکان نە شانسی ئەوەیان هەیە، هێندە ئەم شوێن و ئەو شوێن بکەن، نە هی ئەوەی ئاوڕ لە سالآنێکی درێژی تەمەنیان بدرێتەوە. هەموو ڕێسایەک هەڵاوێردنی خۆی هەیە، ئەوە نییە کورتەچیرۆکی (فێڵ)ی مۆپاسان، وەختێکی درێژ دەخایەنێت؟ ڕەنگە یەکیەتیی ڕووداو، شوێن و کات، لە شانۆنامەی کلاسیکەوە، بەرەو کورتەچیرۆک دزەی کردبێت.

لە کورتەچیرۆکدا نزیکەی هەموو ڕەگەزەکانی ڕۆمان هەنە، بەڵام بە چڕترین شێوە. دەڵێن کورتەچیرۆک خوشکەگچکەی ڕۆمانە، وەلێ تەنیا بەو مانایە نا، کە وشەکانی ئەمیان لە هی ئەویان کەمترە. تێزێک هەیە دەڵێت: ئەوە بۆیە ڕۆمان لە سەدەی پێشوودا، لە ئەمریکا هێندە گەشەی بە خۆیەوە بینی، چونکە نزیکەی هەموو چیرۆکنووسە بە ئینگلیزی نووسەکانی ئەوێ، بە کورتەچیرۆک دەستیان بە نووسین کرد. لەوێ پێیان وابوو، نووسەری چاک، وەختێک گەنجە، کورتەچیرۆک دەنووسێت، کە تەمەنی هەڵکشا و ئەزموونی پەیدا کرد، ئینجا خەریکی نووسینی ڕۆمان دەبێت. ئەمە بەو مانایە نییە، کە نووسینی کورتەچیرۆک کارێکی ئاسانە، ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە، ڕێی تێ دەچێت، کەمیی وشەکانی ئەو ژانرە فریوی دابن.

کورتەچیرۆک کە هونەرێکە، ناچێتەوە سەر کەلەپووری کوردی، ئاخر ئێمەیش وەک تەواوی گەلانی دیکەی خۆرهەڵات، لە خۆرئاواییەکانەوە فێری بووین، هێندە چڕە، تا ئەو ئاستەی نابێت وشەیەکی وای تێدا بێت کە بتوانین دەستبەرداری ببین، یان تەنانەت بیگۆڕین بە وشەیەکی دیکە، تەواو وەک لە شیعردا باوە، بۆیە کەم نین ئەوانەی پێیان وایە، کورتەچیرۆک لە شیعرەوە نزیکترە وەک لە ڕۆمانەوە.

کورتەچیرۆک نە توانای ئەوەی هەیە، چەند کێشەیەک بەسەر بکاتەوە، نە پێی دەکرێت، دوای ژیاننامەی چەند نەوەیەک بکەوێت، هەر هیچ نەبێت، لە سۆنگەی ئەوەوە کە چڕکردنەوەی زمان، یەکێکە لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی ئەو ژانرە ئەدەبییە.

ئەدگار ئالان پۆ پێی وابوو، کورتەچیرۆک ئەوەیە لە چارەکەسەعاتێکدا بخوێنرێتەوە، یان ئەو ئەوپەڕی سێ چارەک سەعات. ولیەم سارۆیان، دەیگوت: کورتەچیرۆک پێویستە لە نێوان دووهەزار و پێنجسەد تا دەهەزار وشەدا بێت، ئەگەر لە دووهەزار و پێنجسەد وشە کەمتر بوو، دەبێتە چیرۆکی زۆر کورت، ئەگەر لە دەهەزار وشە زیاتر بوو، دەبێتە کورتەچیرۆکی درێژ و ئەگەر لە بیستهەزار وشەی تێپەڕاند، دەبێتە کورتەڕۆمان. هەر سارۆیان خۆی دەڵێت:

ئەم سنووربەندییە هەرچەندە ئاسانکارییە بۆ ڕەخنەگر، بەڵام شتێکی بێ مانایە.[1]

بۆ ئەوەی کورتەچیرۆکێکی جوان بگێڕینەوە، دەبێت ئەو چیرۆکە لە ناخماندا هەبێت، ئەگەر نا ئەوەی کە خاوەنی جوانترین تەکنیکی گێڕانەوەین، هیچ بە هانامانەوە نایەت. چیخۆف (١٨٦٠ – ١٩٠٤) لەوەی تێپەڕاند کە چیرۆک لە سەرەتا، ڕووداو و کۆتایی پێک بێت، ئاخر ئەو هەم سەرەتای فەرامۆش دەکرد و ڕاستەوخۆ دەچووە ناو بابەتەکەوە، هەم هیچ کۆتاییەکیشی دیاری نەدەکرد. ئەوەی لە کن چیخۆف گرنگ بوو، یەک بە دوای یەکدا هاتنی لۆگیکیی بەشەکانی ڕووداوەکە نەبوو، خولقاندنی حاڵەتێکی دەروونیی گونجاو و هاوهەستی بوو، هاوهەستی لە نێوان خوێنەر و کارەکتەردا. ئێستایش ئەوە جێی مشتومڕە کە ئایا سەرهەڵدانی کورتەچیرۆک زادەی پێویستییەکی کۆمەڵایەتی بوو، یان هونەری؟ لە کن چیخۆف، کورتەچیرۆک درۆیەک بوو، نووسەر و خوێنەر لەسەری ڕێک دەکەوتن. کورتەچیرۆک بۆیە بایەخ بە تەنیایی دەدات، تا ئینسان لە دەست دوورەپەرێزی ڕزگاری ببێت و پێوەندیی کۆمەڵایەتیی بۆ دابین بکرێت، بۆیە باسی پەراوێزخراوەکان دەکات، تا بۆ ناو جەرگەی ژیانیان بگەڕێنێتەوە.

کورتەچیرۆک کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا سەری هەڵداوە، وێنەی دیمەنێکی تیژتێپەڕ لە ژیان دەکێشێت و چونکە وردبینی، زیرەکی و زمانێکی چڕی گەرەکە، هونەرێکی گەلەک سەختە. سەرەتا، شاکەس، چنین، خوێندنەوەی باری دەروونی کارەکتەر، دیالۆگی ئامانجدار، ململانێ، گرێ، ئالۆزی، هێشتنەوەی خوێنەر لە دڵەڕاوکێدا، کردنەوەی گرێ و کۆتاییەکی هونەری، ئەو ڕەگەزە گرنگانەن کە لە کورتەچیرۆکدا بایەخێکی زۆریان هەیە. چیرۆکنووسی بەتوانا، لە دەستی دێت وا لە خوێنەر بکات، دوای گێڕانەوە بکەوێت، تا چیرۆکەکە دەگاتە لوتکە، بێ ئەوەی بهێڵێت وەرگر پێشبینی کۆتایی چیرۆکەکە بکات. وێڕای ئەوانە، تێمە یان بیرۆکەی سەرەکی، گۆشەنیگای گێڕانەوە، دیمەن یان ژینگە، ئەتمۆسفیر، زمان، توانای دەربڕین،

شێواز و تەکنیک، بڕبڕەی پشتی هونەری نووسینی کورتەچیرۆکن.

هەرچەندە کورتەچیرۆک کاتێک گەیشتە لای عەرەب و فارس، لە ئەورووپا زێتر لە سەدەیەک بوو، سەری هەڵدابوو، وەلێ بۆچوونێکی وا هەیە کە ئەو ژانرە لە خۆرئاواوە بۆ ناو ئەدەبی فارسی و عەرەبی نەهاتووە، بەڵکوو رەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ حەکایەتەکانی شەهرەزاد و لە ڕێی ئیسپانیاوە بە خۆرئاوا گەییشتووە. ئەوەی کە ئەدەبی خۆرئاوایی سوودی لە هەزار و یەکشەوە دیتووە، جێی گومان نییە و ڕەنگە هەر لە سۆنگەی ئەوەیشەوە بووبێت کە ئەو شاکارە پڕە لە فانتازیا و ئەفسانە. هەندێک نووسەری عەرەب، هێندە زێدەڕۆیی لە گەشبینیدا دەکەن، تا ئەو سنوورەی پێیان وایە، (کۆمێدیای خودایی)ی دانتی، بە کاریگەریەتیی پەیامی غوفران نووسراوە، یان (ڕۆبنسۆن کرۆسۆ)ی دی فۆ، زایەڵەی هاواری (زیندووی بێدارزادە)ی (ئیبن توفەیل)ە و تەنانەت (پیکاریسکی عەرەبی،) کۆمەکی بە (هەنری میللەر، سالینگەر و جاک کیرواک)یش کردووە! کاریگەریەتی کاتێک ڕوو دەدات، هاوسەنگی لە نێوان عەقڵەکاندا هەبێت، نە ئاوەزێکی مەزن کاریگەریەتی لەسەر عەقڵێکی گچکە جێ دەهێڵێت، نە ئاوەزی بچووک، توانای بزواندنی عەقڵی گەورەی هەیە.[٢]

ئەوەی لای عەرەب بە (مەقامە) ناوبانگی ڕۆییشتووە، هەواڵێکی سەرنجڕاکێشە، لە شێوەی گوتوبێژێکی ڕەواندا و زێتر پشتی بە جوانکاری لە بواری دەربڕیندا قایمە، تێیدا نە بایەخ بە لایەنی دەروونیی کەسەکان دەدرێت و نە چنینی هونەری، بۆیە نە وەک بابەت و بیرۆکە، نە وەک فۆرم و شێواز لە کورتەچیرۆک ناچێت. مەقامە با بکەوێتە خانەی ئەدەبیشەوە، بەڵام کورتەچیرۆک نییە، حەکایەتێکی گەلێک جار بە سەجەع نووسراوە، ڕەوانبێژی تێیدا لە مانا گرنگترە، ڕۆڵێکی فێرکارانە دەبینێت و مۆچیاری دەبەخشێتەوە، هەمەدانی لە نیوەی دووەمی سەدەی چوارەمی کۆچیدا دایهێناوە و حەریری گەشەی پێ داوە. لە مەقامەدا، چوار ڕەگەز جێی بایەخن: چیرۆکبێژ کە شاکەسە، زمانی ڕەوان و جوان، چارەسەرکردنی کێشەیەک و گەیاندنی

زانیاری یان ئامۆژگارییەک. سێ ڕەگەزەکەی یەکەم جێگیرن و چوارەم لەگەڵ زەماندا لە گۆڕاندایە. گوتە تەمومژاوییەکانی نێو مەقامە، گێڕانەوە ئاڵۆز دەکەن، ئاخر مەقامە لە زەخرەفەی گوتنەوە نزیکترە وەک لە هونەری چیرۆکەوە و هەر دەڵێیت مەبەستی سەرەکیی لێی، گوتنەوەی دەرسی زمانە.

جۆرە چیرۆکێک هەیە (پیکاریسک)ی پێ دەڵێن، گوایە بە کاریگەریەتیی مەقامە لە سەدەی شازدەیەمدا، لە ئیسپانیاوە سەری هەڵداوە. (پیکارۆ) کەسێکی پەراوێزخراوی سەرچڵی لێهاتووە کە هەست دەکات دنیا تەژییە لە ساختە، بەدکاری، دووڕوویی و زۆرداری، ئیدی هیچ گوێ بە نەریت و مۆراڵ نادات و بە گژ واقیعدا دەچێتەوە. لە پەراوێزدا بوون، لایەنێکی هاوبەشی نێوان شاکەسی مەقامە و پیکارۆیە، جیاوازییەکیشیان ئەوەیە، بە پێچەوانەی شاکەسی مەقامەوە کە گۆڕانی بەسەردا نایەت، پیکارۆ کەسایەتییەکە لە گۆڕاندا، ڕەنگە ئەمەیش زادەی ئەوەبێت پیکاریسک چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە، وەلێ بواری کاری مەقامە، زێتر پێوەندیی بە ڕەوانبێژییەوە هەیە. گەشتوگوزاریش کە لە پیکاریسکدا پانتاییەکی بەرین داگیر دەکات، لە مەقامەدا جێی بایەخ نییە.[٣]

ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین پێناسەی کورتەچیرۆک، ئەوەی ییتس بێت کە دەڵێت: (کورتەچیرۆک، چیرۆکێکی کورتە.) لای مەحەممەد خزەییر کە لە عێراقدا مامۆستای هونەری کورتەچیرۆک نووسینە، گرنگترین ڕەگەزی ئەو ژانرە ئەدەبییە، (ناوک)ە، ئیدی هەموو ڕەگەزەکانی دیکە، هەر لە واقیع، خەیاڵ، شاکەس و چیرۆکبێژەوە، تا تەواوی چیرۆکەکە، پەپوولەن لە دەوری ئاگری ئەو ناوکە دەسووڕێنەوە. ناوکیش کە دەشێت سێکوچکەی ژیان و مردن و ئەوین بێت، یا دووانەی هەبوون و نەبوون بێت، (لۆگۆس)ی چیرۆکەکەیە و هێندە بیرۆکەی لێ دەکەوێتەوە کە لە ژمارە نایەن و ڕەنگە هێندەی ژمارەی چیرۆکنووسان و گۆشەنیگا و فۆرمی جیاواز بن. ئەوە هەر ناوکە، چیرۆک بەرەو کۆتاییەکی بەهێز دەبات، وەک کۆتایی چیرۆکی پاڵتۆی گۆگۆڵ، کە کارمەندێکی بێ دەسەڵات، پاڵتۆی لێ زەوت دەکرێت، چونکە لە واقیعدا توانای

سەندنەوەی تۆڵەی نییە، بە خەیاڵ، هەقی خۆی دەستێنێتەوە، ئەوە نییە، دەمرێت و تارماییەکەی شەوان پاڵتۆ لە ڕێبواران دەڕفێنێت![٤]

ژێدەری بەشی یەکەم

(1) Mats Bergstrand, konsten att skriva, D. N 25/11 2008 Stockholm.

(٢) برهان الخطيب، تعلم فن الرواية، فصل من كتاب الروائي و الرواية.

ژێدەر و پەراوێزی بەشی دووەم

(1) Mona Balldin, Vad är en novell? 19. 12. 2005

(2) Malin Byström, Om novellen 26/1/2006

(*) ڕووداوم بۆیە لە نێوان دوو کەواندا داناوە، چونکە هیچ مەرج نییە، چیرۆک پشت بە ڕووداوێکی ڕاستەقینە ببەستێت.

ژێدەری بەشی سێیەم

(١) د. عبدالعزيز السبيل، مفهوم القصة القصيرة بين آراء النقاد و رؤي المبدعين.

(٢) محمد خضير، الحكاية الجديدة، مؤسسة عبدالحميد شومان، ص٦٥ آب ١٩٩٥ عمان.

(٣) د. شكوة السادات حسيني، ما بين المقامة و القصة القصيرة، أماراباك، مجلة الأكاديمية الأمريكية العربية، ٢٠١٠ عدد (١) ص ٢٣ – ٣٧

(٤) محمد خضير، الحكاية الجديدة، مؤسسة عبدالحميد شومان، ص٤٨ آب ١٩٩٥ عمان.

# هونەری گێڕانەوە لای ماریۆ ڤارگاس یۆسا

١

وا نیـو سـەدەیە، لە ڕێی هونەری گـێـڕانەوەوە، مـیلیتـاریزم بەدناو دەکـات، سـەنگەری لە شـاسـوارانی بواری گـەندەڵکاری گـرتووە و بە گـژ ئـەوانەدا دەچێتەوە، بەد، سوود لە دەسـەڵات وەردەگرن. کـە ١٩٦٨ سۆڤـییەت پەلامـاری چیکۆسلۆڤاکیا دەدات و فیدڵ کاسـترۆ داکۆکی لەو هەڵوێستـە دەکات، کە ئازادییـەکان لـە سایەی دەسـەڵاتی ئەو سـەرکردە کۆمـۆنیستـەدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرتەسک دەکرێنەوە، ئیدی ماریۆ ڤارگاس یۆسـا بە یەکجاری کۆتایی بە دۆسـتـایەتی نێـوان خـۆی و شـۆڕشی کـوبا دەهێنێت، ئاخـر ئەو بۆیە لایەنی کاسترۆی دەگرت، تا ئازادی بۆ خەڵک دابین بکات. ئەو کە لە تافی لاویدا وەک چەپێکی توند خـۆی ناسـاند، دواتر وەک لیبرالێک لە هـەواری ڕاستـی ناوەندا گیرسایەوە.

١٩٩٠ خـۆی بـۆ سـەرۆکی پێـرو کـاندید دەکــات، لە سـووڕی دووەمی هەڵبـژاردنـەکـەدا بە (ئەلبـێـرتۆ فـیـجـیـمـۆری)ی دەدۆڕێنێت، دە سـاڵ دواتر سـەرۆکی براوە، چونکە تۆمـەتی گـەندەڵکاریی وەپاڵ دەدرێت، هەڵدێت و لە ژاپۆنەوە بە فـاکسـێک دەست لە کـار دەکـێـشـێـتـەوە. بیـست سـاڵ دواتر، ئەکـادیمیـای سـوێد، لە ٧ی ئۆکـتـۆبەری ٢٠١٠ دا، خـەڵاتی نۆبێڵ بە مـاریۆ ڤـارگـاس یۆسـا، (چونکە توانیـبـووی کـرۆکی پێکـهاتـەی دەسـەڵات بداتە بەر ڕووناکی و وێنەی ڕاستەقینەی تاک لە سەروەختی بەرەنگاربوونەوە، یاخیبوون و نسکۆدا هەڵبکۆڵێت،) دەبەخشێت. ڕەنگە ناودارترین شـەڕی نێوان ئەدیبـان ئەو شـەڕەی بەینی یۆسا و گـارسـیا گـابریێل مـارکـیز بێت کە ١٩٨٢ نـوبێـڵی

وەرگرت. ١٩٧٦ یۆسا لە مەکسیکۆ سیتی بە بۆکسێک لاچاوی مارکیز شین دەکاتەوە و بەوە کۆتایی بە چیرۆکی هاوڕێیەتیی نێوانیان دێت. شەڕێکی دیکەی گرنگ کە یۆسا بەشداریی تێدا کرد، یان دروستتر بە وشە لایەنی گرت، هێرشی ئەمریکا بوو بۆ سەر عێراق.

ماریۆ ڤارگاس یۆسا کە گەشەی بە هونەری گێڕانەوە، لە زەمانی جیاوازەوە و بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک چیرۆکبێژ، داوە، ئەندامی هەردوو ئەکادیمیای پێرو و ئیسپانیایشە، لە گەلێک لە زانکۆکانی وڵاتانی دنیاوە، بۆ گوتنەوەی دەرس بانگهێشت دەکرێت، ئاخر ئەو وێڕای ئەوەی ئوستادی هونەری گێڕانەوەیە، ڕەخنەگرێکی ئەدەبیی مەزنیشە. کە (پێتەر ئێنگلوند)ی سکرتێری ئەکادیمیای سوێد، پێی ڕادەگەیەنێت، خەڵاتی نۆبێلی ٢٠١٠ لە ئەدەبدا، بەر ئەو کەوتووە، دەڵێت: ئەو خەڵاتە هەر بۆ من نییە، بۆ زمانی (ئیسپانیایی)یشە کە لای کەم نیو ملیارد کەس پێی دەئاخفن، شادمانم کە ئەو خەڵاتەم لەبەر ئەدەبەکەم پێ دەبەخشرێت، نەک لەبەر بۆچوونە سیاسییەکانم، بۆیە پەیمان بێت تا دوا ڕۆژی ژیانم هەر بنووسم. جیاوازییەکی نێوان یۆسا و مارکیز ئەوەیە، ئەمیان لە بواری سیاسیشدا چالاکە و تەنانەت لە تەلەڤیزیۆنی فەرەنساوە، بەرنامەیەکی سیاسیی بە ناوی (قوللەی بابل)ەوە هەبوو، وەلێ ئەویان پێی وایە، ئەرکی سیاسییانەی سەر شانی نووسەر ئەوەیە، جوانتر بنووسێت.

ڕۆمانەکانی یۆسا، لەوانە: هاوڕێ مایتا، مالّی سەوز، پوورەژولیا و نووسەر، سەردەمی قارەمان، بەدکارییەکانی کیژۆڵەیەکی لاسار، لە ستایشی باوەژندا، ماسی لە ئاودا و ئاهەنگی سابرێن، بۆ گەلەک زمان وەرگێڕدراون، ڕەنگە بەناوبانگترین ڕۆمانی وی، (شار و سەگگەل) بێت کە هەم لە پێرو بە هەزاران دانەی بە ئاشکرا لێ سووتێندرا و هەم لە ئیسپانیا تا فرانکۆ مابوو، سانسۆر لێ نەدەگەڕا وەک خۆی چاپ بکرێت. یۆسا ١٩٣٦ لە پێرو لە دایک بووە و لە ١٩٦٢دا، بە بیستوشەش سالّی، (شار و سەگگەل)ی بلاو کردووەتەوە و تێیدا ئاوڕووی (پێرو)ی بردووە، ئاخر ئەو پێی وایە، هەر

ڕۆمانووسێک ستایشی وڵاتەکەی خۆی بکات، جێی متمانە نییە. شار لەو ڕۆمانەدا، لیمای پایتەختە و سەگگەلیش دانیشتووانەکەی، بە تایبەتی ئەو قوتابییانەی لەگەڵ ڕۆمانووسدا لە هەمان فێرگەی سەربازی دەیانخوێند. یۆسا لەو ڕۆمانە و لە چەند بەرهەمێکی تریشیدا، بە توندی ڕەخنە لە هیرارکی، ئەو دەسەڵاتە سەربازییە نائینسانییەی لە کۆمەڵگەیەکی نایەکسانی چینایەتیدا، لە سەرەوە بەرەو خوارەوە شۆڕ دەبێتەوە، دەگرێت.

یۆسا لە سارتەرەوە فێر بووبوو، (وشە توانای گۆڕینی مێژووی هەیە،) کامو دەرسی دادابوو کە هەرگیز (مۆراڵ لە سیاسەت جیا نەکاتەوە.) یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی یۆسا ئەوەیە، پێمان دەڵێت، دیکتاتۆر هەر لە سەرەتاوە، وەک دڕندە لە دایک نابێت، بەڵکوو ئەویش ئینسانێکە و بە زەبری هەلومەرجەکە، هێدی هێدی دەبێتە جانەوەر. (چۆن ئینسان دەبێت بە دڕندە؟) یۆسا لە (ئاهەنگی سابرێن)دا، بە پوختی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە. لەو ڕۆمانەدا دیکتاتۆر لە هەوڵی ئەوەدایە، دەست لەگەڵ کچی سەرەک وەزیرانەکەیدا کە تەمەنی چواردە ساڵە تێکەڵ بکات! یۆسا پێی وایە و ڕاستیشی بۆ چووە، (بانگەشەکردن بۆ کۆمەڵگەی نموونەیی، دڕندەگەلی لە نموونەی تالیبان بەرهەم دەهێنێت و ئەوانەیشی بەڵێنی دابینکردنی بەهەشتمان پێ دەدەن، دۆزەخمان بۆ چێ دەکەن.)

(ئەگەر ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی جاران هەیبوو، بۆ ئەدەبی نەگێڕینەوە، خەبات لە دژی بەربەریزم زەحمەتتر دەبێت.) ئەوە یەکێکە لە گوتە جوانەکانی یۆسا، کە پێی وایە، نووسەری گەورە پێش هەموو شتێک زادەی دیسپلین و کۆڵنەدانە. ڕەنگە ئەوە لوتکەی دیسپیلین و ئەوپەڕی کۆڵنەدان بێت، یۆسا بە تەمەنی حەفتاوچوار ساڵییەوە، سەعات شەشی بەیانی لە خەو ڕادەبێت و خۆی بۆ گوتنەوەی دەرسی هونەری گێڕانەوە، لە زانکۆی پرینستنی ئەمریکایی ئامادە دەکات. یۆسا وای بۆ دەچێت: (ئەدەب توانای گەمەکردنی دەسەڵات بە تاک کەمتر دەکاتەوە، گەشە بە گیانی ڕەخنەگرتن دەدات و زۆرلێکراوان بۆ یاخیبوون هان دەدات، ئەوە بۆیە دەسەڵاتداری ستەمکار،

دەستبەرداری سانسۆر نابێت.)

یۆسا کە نووسینی کردووە بە پیشە، کە بە زمانێک دەنووسێت کڵپەی لێ هەڵدەستێت، هەرگیز خۆی لە دنیای فەنتازیادا بەند ناکات، هەمیشە لاقێکی لەسەر شەقامی واقیعە، بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی، خەیاڵ وەگەڕ دەخات و وەک گەلێک لە نووسەرانی لاتین ئەمریکا، سەر بە ڕێبازی ڕیالیزمی جادوویی نییە. یۆسا پێی وایە، یەکێک لە ئەرکەکانی ئەدەب ئەوەیە، ئەوە بیری خوێنەران بخاتەوە کە (ئەو زەوینەی لەسەری ڕاوەستاون با پتەویش بنوێنێت، ئەو شارەی تێیدا نیشتەجێن با لە ئاوەدانیش بچێت، بەڵام چونکە بەدکاران لە هەموو جێیەکدا خۆیان حەشار داوە، نزیکەی هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە، لەناکاو گەردەلوول هەڵبکات.) ئەو وای بۆ دەچێت: (ئەدەب پێویستە نیگەران و سەرقاڵمان بکات، هەم چێژی لێ وەربگرین و هەمیش وشەکانی لە کۆمەڵێک مینی بچووک بچن، هۆشیاری و یادەوەریمان بتەقێننەوە.)

ژیانی یۆسا هەمیشە لە گۆڕاندا بووە، لە پێرو هاتووەتە دنیاوە و ساڵانێک لە بۆلیڤیا ژیاوە، بۆ خوێندن، دەرسگوتنەوە و مەبەستی دیکە، بە ئاسانی ئەم وڵات جێ دەهێڵێت و لەوی دی نیشتەجێ دەبێت، ماڵئاوایی لەم ژن دەکات و لە دەرگای ژنێکی دیکە دەدات، واز لە چەپ دەهێنێت و لە هەواری ڕاستدا لەنگەر دەگرێت، هەرچەندە ئیشی یەکەمی نووسینە، کەچی جارێک دەبێتە هەڵسووڕاوێکی چالاکی بواری سیاسەت و جارێکی دیکە مامۆستای زانکۆ. هەر نووسەر نییە، ڕۆژنامەنووس، ڕاگەیاندنکار، شانۆنامەنووس، گوتارنووس و ڕەخنەگری ئەدەبیشە و بەرهەمی ڤیکتۆر هۆگو، گوستاڤ فلوبیر و جورج لویس بورخێس و هەنری میللەری هەڵسەنگاندووە.

٢

خەیاڵ زادەی ناڕازیبوونە لەو ژیانەی کە هەیە و ئامرازێکە بۆ جوانترکردنی واقیع. ئەوە خەیاڵە کە هەستێکی وامان لە کن دروست دەکات، پێمان وابێت، ئەوەی لە ڕۆماندا دەیخوێنینەوە، واقیعە نەک وەهم. لە دوای خوێندنەوەی هەر

ڕۆمانێکی چاکەوە، هۆشیارانەتر سەرنجی ژیان دەدەین و هیچ دوور نییە، بە کاریگەریەتیی ڕۆمانێکی جوان، لە واقیعێکی تاڵ یاخی ببین و بە گژیدا بچینەوە. ئەوە بۆیە بە درێژایی مێژوو، کۆنەپارێزان هەوڵیان داوە، باڵی خەیاڵ بقرتێنن، یان لای کەم خەیاڵ بخەنە ژێر سانسۆرەوە. ئەرکی سەرەکیی دادگە بەدناوەکانی پشکنینی سەدەکانی ناوەڕاست، کۆنترۆڵکردنی خەیاڵ بوو.

فلوبیر دەیگوت: (نووسین شێوەیەکە لە شێوەکانی ژیان.) ئەوی وەها بیر بکاتەوە، بۆ ئەوە نانووسێت، بژی، بۆ ئەوە دەژی، بنووسێت. ئەوی بە ڕاستی خۆی بۆ نووسین تەرخان بکات، تەواو وەک کەسێکە کە بڕوایەکی قووڵی بە ئایینێک هەبێت و هەموو وەخت و توانای خۆی پێ بەخشی بێت. تەنیا کەسانی وەها دەتوانن ببنە نووسەر و بەرهەمی نەمر لە دوای خۆیانەوە، بەجێ بهێڵن.

ئەدەب هەرچەندە زادەی خەیاڵە، وەلێ پێوەندییەکی پتەوی بە واقیعەوە هەیە. بە دەگمەن ڕۆمانێک هەیە، یان ڕەنگە هەر نەبێت، هەندێک لە کارەکتەرەکانی، کەسانی ڕاستەقینە نەبن، یان هەموو ڕووداوەکانی خەیاڵکرد بن و هیچی دیکە. ڕاستە نووسەر واقیع نانووسێتەوە، بەڵام، ئەوەی دەینووسێتەوە، هەمیشە ڕەگێکی لە واقیعدا هەیە و نزیکەی هەمیشە، ڕۆماننووس باسی ئەو کەسانە دەکات کە بە شێوەیەک لە شێوەکان، کاریگەرییان لەسەری هەبووە، یان ئەو ڕووداوانە بەسەر دەکاتەوە کە هەستیان بزواندووە.

ئاژەڵێکی ئەفسانەیی هەیە، لەسەر خۆی دەژی و لە پێیەکانییەوە، دەست بە خواردنی خۆی دەکات، ئەو ئاژەڵە ناوی کاتوبلیباسە و فلوبیر و بورخیس باسیان لێ کردووە، ڕۆماننووسیش وەک ئەو زیندەوەرە ئەفسانەییە، ئەزموونی خۆی دەبێت بەتوێشووی سەفەری نووسینەکانی. ئەزموونی ژیان، نەک هەر جێپەنجەی خۆی لەسەر هەست و نەستی نووسەر جێ دەهێڵێت، بەڵکوو وەها ئابڵووقەی دەدات، ناچاری دەکات بۆ خۆ دەربازکردن لەو ئابڵووقەیە، هانا بۆ نووسین ببات. ئەوە بۆیە زۆر جار، نووسەران دەڵێن: فلان

کەسایەتی یان ڕووداو، لەمێژبوو سەری قاڵ کردبووم، باشبوو، نووسیمەوە و لێی ڕزگار بووم.

لە نووسینی ڕۆماندا نزیکەی هەمیشە خاڵی دەستپێکردن کە دەتوانین ناوی بنێین شوێنی هەڵفڕین، ژیانی ڕاستەقینەی نووسەر خۆیەتی، بەلاّم شوێنی نیشتنەوە، زەوینی واقیع نییە، جێیەکە خەیاڵی نووسەر دایدەهێنێت، ئاخر ئەگەر نووسەر بە خۆی دەست پێ بکات و هەر بە خۆیشی کۆتایی پێ بهێنێت، ئەگەر لە خۆی جودا نەبێتەوە، ئەوەی بەرهەمی دەهێنێت، ڕۆمان نابێت، بەڵگەنامەیەک دەبێت، دەربارەی ژیاننامەی خۆی. ئەو ڕۆماننووسەی ئەو شتانە نانووسێت کە ناخی داوای لێ دەکەن و دەچێت بەو ئومێدەی سەرکەوتن و ناوبانگ مسۆگەر بکات، بابەتی دیکە هەڵدەبژێرێت، ئەوە نووسەرێکی ڕاستەقینە نییە و نزیکەی هەمیشە دووچاری نسکۆ دێت.

ڕۆمان (درۆ)یەکە، هەوڵ دەدات لە ڕاستی بچێت. ڕۆمان جۆرێکە لە فریودان، لە ئەدەبی بالاّدا، خوێنەر فریودراوێکە هەست بەوە ناکات، فێڵی لێ کراوە، لە ئەدەبی لاوازدا، فێڵەکە ئاشکرایە و ڕۆماننووس دەستەکەی دیارە. ڕۆمان شتێکە زادەی خەیاڵ، بەلاّم نووسەر هەموو توانای خۆی دەخاتە گەڕ، تا خوێنەر بەوە قایل بکات، ئەوەی دەیخوێنێتەوە، ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە. ئەرکی ڕۆماننووس ئەوەیە، وامان لێ بکات، وەهم بە واقیع بزانین و سەرابیش بە کانیاو. ئەرکی ڕۆماننووس تەواو لە هیی جادووگەر دەچێت، ئەوە نییە جادووگەریش دەخوازێت بڕوا بەوە بکەین کە توانای ئەوەی هەیە، دەستەسڕ بکات بە کۆتر!

تەغریب، ئەو تیۆرییە ناودارەی بەرتۆڵد برێخت دایهێناوە، بەردەوام ئەوەمان وەبیر دەهێنێتەوە، ئەوەی لەسەر شانۆ دەیبینین، ژیان یان ڕاستی نییە، شانۆگەرییە. بە پێچەوانەی شانۆی تەغریبی برێختەوە، ڕۆماننووس بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە، قایلمان بکات کە ئەوەی دەیخوێنینەوە، وەهم نییە، واقیعە. هەر ڕۆمانێک، با ئەوپەڕی فانتازیایشی تێدا وەگەڕ خرابێت، ئەگەر وەک شانۆگەرییەکانی برێخت، ئەو هەستەی لە کن دروست کردین کە ڕاستی نییە،

ئەوە بەرهەمێکی ڕووت و ڕەجاڵە و دەرۆزەی پێ دەشێت، ئەوە نمایشێکە بە بووکەشووشە، نمایشێکی وا کە بینەر چاوی لەو دەست و داوانەیە کە بووکەشووشەکان دەجووڵێنن.

لە ئەدەبدا بابەت، بەش بە حاڵی خۆی، چاک یان خراپ نییە، گرنگ ئەوەیە، بابەت لە ڕۆماندا چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و دەخرێتە گەڕ. بورخیس لە بەرهەمەکانیدا بایەخ بە فیکر و مەعریفە دەدات نەک بە هەست و هەڵچوون، لای مارکیز زۆر جار ئێرۆتیکا لە سەنتەردایە، بەڵام ئەو دوو نووسەرە چونکە بەسەر تەکنیکی گێڕانەوەدا زاڵن و خۆڕسکانە دەنووسن، بە چاوپۆشین لە بابەت، ئەستەمە بە زمانی ئیسپانیایی، کەسی دیکە هێندەی وان، دەقی جوانی نووسیبێت. جیاوازییەکی نێوان نووسەری چاک و خراپ ئەوەیە، ئەمیان بە قووڵی و ئەویان هەر بە ڕووکەش، بابەتەکە بەرجەستە دەکات، یان کارەکتەر لای ئەمیان لە ئینسانێکی ئاسایی و لای ئەویان لە بووکەشووشە دەچێت.

لە گێڕانەوەدا، وشەکان، شتەکان و کارەکتەرەکان، بە جۆرێک یەکیان گرتووە، لە یەکدی جیاکردنەوەیان، لەسەروو مەحاڵەوەیە. لە ڕۆماندا ئەو شتەی کە دەیگێڕینەوە، ناتوانین جیای بکەینەوە لە شێوازی گێڕانەوەکەی، ئاخر ئەوە شێوازی گێڕانەوەیە، بڕیار دەدات، ئەوەی دەیگێڕینەوە، جێگەی باوەڕ و متمانەیە یان نا؟ پاراوە یان وشکوبرینگ؟ سادەیە یان ئاڵۆز؟ تراژیدییە یان کۆمیدی؟ لە ڕۆماندا وەک مەحاڵ وایە، بابەت لە شێوە جودا بکەینەوە. ئەرکی هەرە سەختی ڕۆماننووس ڕەنگە ئەوە بێت، کارێکی وا بکات، بڕوای پێ بکەین، وامان لێ بکات، ئەوەی بۆمانی دەگێڕێتەوە بە ڕاستی بزانین نەک بە درۆ. ئەگەر ڕۆماننووس توانای ئەوەی هەبوو، بێلایەنانە چیرۆکەکەمان بۆ بگێڕێتەوە و کارێک بکات وا هەست بکەین، ڕووداوەکان خۆڕسکانە ڕوو دەدەن، نەک بە زەبری ویستی خۆی و دەستتێوەردانی دەرەکی، ئەوا گومان لە ڕاستگۆیی نووسەر ناکەین، جێی باوەڕمان دەبێت و تەنانەت لەناو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیدا دەژین و لە خۆشی و خەمی

کارەکتەرەکانیدا بەشدار دەبین.

بۆ ئەوەی ببیت بە خاوەنی زمانێکی دەوڵەمەند و پاراو، پێویستە سەرومڕ ئەدەبی چاک بخوێنیتەوە. هەمیشە بخوێنەوە! بەڵام هەرگیز لاسایی شێوازی نووسینی ئەو نووسەرانە مەکەوە کە سەرسامت دەکەن. ئەوە زۆر گرینگە بە زمانێکی بەژنزراڤ و رەوان، پەخشانێکی جوان بنووسیت، بەڵام رۆمان زادەی زمانی جوان نییە، بەرهەمی هونەری گێڕانەوەیە، گێڕانەوەیەکی وەها، توانای ئەوەی هەبێت، کارێک بکات، بڕوا بە چیرۆکەکە بکەین. بە شێوازێکی ئاسان بنووسە! با نووسینیت وەک ئاوی روونی کانی، خۆڕسکانە هەڵبقوڵێت!

کارەکتەری سەرەکی لە رۆماندا، ئەو کەسایەتییەیە کە رۆمانەکە دەگێڕێتەوە، گێڕەرەوە ئەوەندە گرنگە، چارەنووسی هەموو کەسایەتییەکانی دیکەی رۆمانەکەیش، بەوەوە بەندە. بەدحاڵیبوونێک سەبارەت بە گێڕەرەوە و نووسەر هەیە و ئەگەر نەڵێم هەموو، ئەوا بەشێکی زۆر لە خوێنەران پێیان وایە، گێڕەرەوە خودی نووسەر خۆیەتی، ئەمەیش هەڵەیەکی گەورەیە. تەنانەت هەندێک لە نووسەرانیش بە تایبەتی کاتێک بە جێناوی کەسی یەکەمی بگۆ، رووداوەکان دەگێڕنەوە و سوود لە بەشێک لە ژیاننامەی خۆیان دەبینن، دەکەونە هەمان هەڵەوە و تووشی هەمان بەدحاڵیبوون دەبن، کاتێک وای بۆ دەچن، گێڕەرەوەی رۆمانەکەیان، خودی خۆیانن، ئاخر وەک چۆن رۆمان زادەی خەیاڵی نووسەرە، گێڕەرەوەیش چونکە بەشێکە لە رۆمان، ئەویش تەواو وەک کارەکتەرەکانی دیکەی نێو رۆمانەکە، هەر زادەی خەیاڵی نووسەرە، تەنیا جیاوازیی نێوان گێڕەرەوە و کارەکتەرەکانی دیکەی نێو رۆمانەکە، ئەوەیە: گێڕەرەوە لە هەموو کارەکتەرەکانی دیکە گرنگترە، چونکە ئەوە گێڕەرەوەیە لە روانگەی خۆیەوە باسی ئەوانی دی دەکات.

گێڕەرەوە کەسێکە لە وشە، نووسەر کەسێکە لە گۆشت و ئێسک، گێڕەرەوە دەشێت زیندەوەرێک بێت، ئیدی هەر زیندەوەرێک، تەنانەت دەشێت بەردێک بێت، بەڵام نووسەر کەسێکی راستەقینەیە. گێڕەرەوە تەنیا لە رۆماندا دەژی و بەو چەشنەیش رووداوەکان دەگێڕێتەوە کە خۆی دەخوازێت و لەگەڵ کۆتایی

پێ هێنانی ڕۆمانەکەدا، کۆتایی بە خەیاڵ و بە هەبوونی دێت، بەڵام نووسەر ژیانی گەلێک دەوڵەمەندتر و هەمەچەشنترە و وەک چۆن پێش ڕۆمانەکە هەبووە، دوای ڕۆمانەکەیش هەر دەمێنێت و درێژە بە ژیان دەدات.

گێڕەرەوە ناتوانێت، باس لە هەر هەموو ژیانی نووسەر بکات، ئاخر نووسەر دوای تەواوبوونی ڕۆمانەکە، با ڕۆمانێکی زۆر درێژیش بێت و پشت بە ژیاننامەی خۆیشی ببەستێت، هەر دەژی، ئاخر هیچ ڕۆمانێک ناتوانێت، سەرجەم وردەکارییەکانی ژیانی نووسەرێک بەسەر بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر نووسەرەکە خۆیشی ئەوەی مەبەست بێت. گێڕەرەوە دەشێت کارەکتەرێکی درێژدادڕ یان کەمدوو بێت، دەشێت کەسێکی هەڵەشە یان هێمن بێت، دەشێت هەموو نهێنییەکانی خۆی بدرکێنێت، یان زۆر لایەن لە تاریکیدا بهێڵێتەوە، دەشێت هەر لە کەسێکی ڕاستەقینە بچێت و خوێنەر متمانەی تەواوی پێ بکات، یان بە پێچەوانەوە، لە بووکەشووشە، یان لە کاریکاتێری کەسێک بچێت.

کێشەی یەکەم و سەرەکیی نووسەر، دەستنیشانکردنی ئەو کەسەیە کە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، بە گشتی نووسەر لە سێ کەس زیاتر شک نابات، یەکەم: گێڕەرەوە یەکێکە لە کارەکتەرەکانی نێو چیرۆکەکە. دووەم: کەسێکی هەمووشتزانی دەرەوەی چیرۆکەکەیە. سێیەم: کەسێکە کە لە کن خوێنەر ڕوون نییە، لەنێو چیرۆکەکەوە قسە دەکات یان لە دەرەوەی. گێڕەرەوەی جۆری یەکەم و دووەم، کۆنە و هی جۆری سێیەم لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆمانی نوێدا پەیدا بووە. بۆ ئەوەی بزانین، نووسەر کام گێڕەرەوەی هەڵبژاردووە، دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین، گێڕەرەوە بە کام جێناو دەپەیڤێت، بە (من) کە بگۆیە، بە (تۆ) کە بشنەوە، یان بە (ئەو) کە بزرە؟ ئەو جێناوەی کە گێڕەرەوە پێی دەپەیڤێت، پێوەندیی نێوان گێڕەرەوە و شوێنی ڕوودانی چیرۆکەکە دیاری دەکات.

ئەگەر بە جێناوی بگۆ (من) قسەی کرد، ئەوا گێڕەرەوە لە هەمان شوێنی ڕوودانی چیرۆکەکەیە و لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکەدا دەژی، ئەگەر بە (ئەو)

کە کەسی سێیەمی بزرە، قسەی کرد، ئەوا گێڕەرەوە، هەرچەندە نە لە جێی ڕووداوەکەیە، نە بەشێکە لەو جیهانەی وێنەی دەکێشێت، بەڵام کەسێکی هەمووشتزانە و ئاگاداری هەموو ورد و درشتێکە. ئەگەر گێڕەرەوە بە کەسی دووەم (تۆ) کە بشنەوە، قسەی کرد، ئەوا کەسێکە ڕوون نییە لە شوێنی ڕووداوە یان نا، وەلێ دەشێت هەموو شتێک بزانێت و بۆ خودی خۆی قسە بکات.

ئەو گێڕەرەوەیەی بە هەمووشتزان ناسراوە، وەک کەسێک ناوی دەبەن کە لاسایی خودا بکاتەوە، ئاخر بێجگە لە خودا، کەس نییە هەموو شتێک بزانێت. ئەوەیش شتێکە ئاسایی کە گێڕەرەوە تەنیا کەسێک نەبێت، دووان، سێیان یان زیاتریش بن و هەر یەکەیان لە گۆشەنیگای خۆیەوە، هەمان چیرۆک بگێڕێتەوە، یان هەر یەکەیان بەشێک لە چیرۆکەکە بگێڕێتەوە. دەشێت گێڕەرەوە بە مەبەستی خۆشاردنەوە، یان لە شەرمدا، یان بۆ خۆ خاکی نیشاندان، بە جێناوی کۆی بگۆ (ئێمە) بدوێت.

لە ڕۆماندا وەخت کرۆنۆلۆگییانە گەشە ناکات، واتا گێڕەرەوە ملکەچی بە زنجیرە بە دوای یەکدا هاتووی دوێنێ، ئەمڕۆ، سبەینێ نییە. دەشێت نووسەر لە ئایندەوە بەرەو ئێستا و ڕابردوو بگەڕێتەوە، یان وەک دەخوازێت زەمان تێکەڵ بکات. زەمان لە ڕۆماندا پێوەندیی بە دەروونی نووسەرەوە هەیە و وەختێکی سایکۆلۆگیاییە نەک کرۆنۆلۆگیایی. نووسەر وەک چۆن دەتوانێت لە ئێستادا باسی هەنووکە بکات، هەروایش دەشێت بە ڕابردوو دەست پێ بکات و لەوێوە ئێستا و داهاتوو بخوێنێتەوە. (کە لە خەو ڕابوو، هێشتا دیناسۆرەکە لەوێ بوو.) لەو چیرۆکەدا کە تاکدێڕییە، گێڕەرەوە لە ئایندەوە باسی ڕابردوویەکی ڕەها دەکات. ئاساییە نووسەر سەرەتا کارەکتەرەکەی وەک پیرێک نیشان بدات و ئینجا هێدی هێدی بەرەو تافی لاوی و منداڵیی بباتەوە. لە (تەپڵی تەنەکە)ی (گۆنتەر گراس)دا، زەمان بۆ هەمووان ئاسایی ڕێ دەکات، تەنیا بۆ قارەمانی ڕۆمانەکە نەبێت، کە زەمان کاری تێ ناکات و هەر بە منداڵیی دەمێنێتەوە.

خەیاڵ شتێکە و فانتازیا شتێکی دیکەیە. لە ڕۆماندا فانتازیا دەشێت جادوو یان ئیعجاز بێت، هەروەها دەشێت داستان یان ئەفسانە بێت. لە ڕۆماندا گرنگ درێژی و کورتی نییە، هەمیشە ئەوە جێی بایەخە، هەر کارەکتەرە و تایبەتمەندیی خۆی هەبێت. مەرج نییە ئەو تایبەتمەندییە هەر بە شۆڕبوونەوە بە ناخی کارەکتەردا، بەدی بێت، ئالان رۆب گریێ دەیویست ڕۆمان لە بن دەستی سایکۆلۆگیا دەرباز بکات و زیاتر بایەخی بە ڕووی دەرەوە دەدا. ڕۆماننووسی چاک سەرلەنوێ واقیع بەرهەم ناهێنێتەوە، شتی نوێ لە ژیاندا دەبینێتەوە، یان هیچ نەبێت بایەخ بە شتە پەراوێزخراو و لەبیرکراوەکان دەدات، بەو شێوەیە لە دەرگەی تازە دەدات، شتی نەگوتراو دەڵێت و پێناسەی نوێی بۆ ژیان و بوون پێیە.

ئەوە گرنگ نییە فڵان ڕۆمان سەر بە کام ڕێبازی ئەدەبییە، ئەوە جێی بایەخە، ڕۆماننووس لە ڕوانگەیەکی نوێوە سەرنجی کات، شوێن و واقیع بدات. ئەگەر سیستەمی ڕۆمان و توانای دەربڕین پێکەوە بگونجێن، ئیدی بابەت و شێواز ئاوێزانی یەکدی دەبن و خوێنەر وەها سەرسام و کەمەندکێش دەکەن، لە بیری دەچێتەوە، نووسەر هانای بۆ کام تەکنیکی گێڕانەوە بردووە و هەست ناکات سەرقاڵی خوێندنەوەی ڕۆمانە، وای بۆ دەچێت، ئەوە ژیانە و دەبێت بە بەشێک لێی، ئەمەیش بۆ نووسەر، لوتکەی سەرکەوتنە.

ئەوەی گۆڕانێکی کوتوپڕی چلۆنایەتی سەرسوڕهێن لە ڕۆماندا ڕوو بدات، وەک نموونە کارەکتەرێکی پیاو، لەناکاو ببێت بە ژن، یان لە دنیای واقیعەوە، لەپڕ بپەڕینەوە بۆ فانتازیا، لە هونەری ڕۆمانووسیندا، (دەمی گرکان)ی پێ دەگوترێت، ئەو جۆرە گۆڕانە، جیاوازە لەوەی گریگۆری سامسا هەر لە سەرەتای ڕۆمانی (بەدگۆڕان)ی (کافکا)وە دەبێتە قالۆنچە. لەو ڕۆمانانەدا کە پشت بە فانتازیا دەبەستن، ڕووداوی سەیر هەیە و شتی نائاسایی دەقەومێت، ڕووداو و شتی ئەفسانەیی کە لێکدانەوەی عەقڵانییان بۆ ناکرێت.

تەکنیکێکی دیکەی نووسین هەیە، بریتییە لە شاردنەوەی زانیاری لە خوێنەر. زۆر جار ڕۆماننووسی لێزان، بە مەبەست هەندێک شت دەشارێتەوە

و لێ دەگەڕێت خوێنەر بیاندۆزێتەوە، یان هەندێک بۆشایی جێ دەهێڵێت تا خوێنەر پڕیان بکاتەوە، ئەو بێدەنگبوونەی نووسەر، پەیامی خۆی هەیە و هەمەنگوای لەو بوارەدا ئوستاد بوو، بۆ نموونە لە (بکوژان)دا پێمان ناڵێت، بۆچی دوو کەس هاتوون ئەندەرسن بکوژن؟ نایدرکێنێت ئەندەرسن کە دەزانێت هاتوون بیکوژن، بۆچی نە هەڵدێت و نە پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە؟ هەمەنگوای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەخاتە ئەستۆی خوێنەر. ئەو بێدەنگییەی نووسەر، هەم خەیاڵی خوێنەر دەوڵەمەند دەکات و هەم خوێنەر توند بە چیرۆکەکەوە دەبەستێتەوە. ئەو تەکنیکە، کە گێڕانەوەی بێدەنگی پێ دەڵێن، وا دەکات چیرۆک لەو شاخە سەهۆڵینانەی نێو زەریا بچێت کە تەنیا لوتکەکەیان دیارە و تەواوکردنی چیرۆکەکە پێویستی بە بەشداریکردنی خوێنەرە.

وەک چۆن شوێنەوارناسێک بە هۆی پاشماوەوە، کۆشکێک بنیات دەنێتەوە، یان زیندەوەرناسێک بە هۆی ئێسکەوە، دەچێتەوە سەر دیناسۆرێک، (ئالان رۆب گریێ)یش خوێنەر بەرەو رووی شوێنەوار و پاشماوەی رۆمان دەکاتەوە، بنیاتنانی کۆشکی تێکستەکە بۆ خوینەر جێ دەهێڵێت. نووسەری ڕۆمانی پۆلیسی هەمیشە پێویستی بەوە دەبێت، پشت بە تەکنیکی زانیاریی شاراوە ببەستێت و لەو ڕێگەیەوە وا بکات خوێنەر بەردەوام بە تامەزرۆییەوە، بۆ ناسینی بکوژەکە کە نووسەر لە کۆتاییدا ئاشکرای دەکات، دوای ڕووداوەکان بکەوێت. ڕۆماننووس دەشێت بۆ گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی ڕێسای (دەفرە هاوبنەکان) ڕەچاو بکات و لە هەمان دەقدا، دوو ڕووداو (یان زیاتر) لە دوو شوێن و دوو زەمانی جیاوازدا بگێڕێتەوە. دوو چیرۆکەکە سەربەخۆ و دوور لە یەکدی ڕوو دەدەن و داوی هاوبەش لە نێوانیاندا گێڕەرەوەیە و بورخیس گوتەنی: هەرچەندە تێکەڵی یەکتری نابن، بەڵام یەکدی تەواو دەکەن. ئەوە ئاساییە لە کەسێکەوە فێری نووسین ببین، وەلێ ئەوە مەحاڵە، کەسێک فێرمان بکات، ئەوەی دەینووسین، بکەوێتە خانەی داهێنانەوە.

سەرچاوەکان:

(١) ماريو فارغاس يوسا، مدار السرطان، ترجمه عن الإسبانية: وليد سليمان.

(2) Mario Vargas Llosa, Litteraturen nödvändig för att väcka sövda sinnen, Översättning frn spanska av Maria Cerderroth, SvD, 15 maj 1997 Stockholm.

(٣) ماريو ڤارگاس يوسا، رسائل الى روائي شاب، ترجمة: صالح علماني، دار المدى، الطبعة الثانية ٢٠١٠ بغداد.

دەفرە هاوبنەکان: أواني مستطرقة.

## بەرسیلەی گومان و ترێی یەقین

ئەگەر نووسەر بە خۆڕسک بەهرەمەند نەبوو، گەرەکە وەک فلوبێر بە کۆششی بەردەوام، بەهرە پەیدا بکات، ئەوانەی بەرهەمە سەرەتاییەکانی فلوبێر بکەن بە پێوانە، هەرگیز پێشبینی ئەوە ناکەن، ئەو بلیمەتەی لێ دەربچێت. وەک چۆن سیاسەتکاری گەندەڵڕەوتار، وێنەی سیاسەتکاری خاوێنیش دەشێوێنێت، نووسەری خراپیش زیان بە نووسەری چاک دەگەیەنێت، ئەو خوێنەرانەیشی بە ئەدەبی بازاڕی سەرسام دەبن، کەیفیان بە ئەدەبی باڵا نایەت، ئەستەمە کەسێک زەرەڕۆمانێکی وەک کۆدی دافنشیی دان براونی پێ لوتکە بێت و دواتر بچێت شاکارەکانی پروست، بورخێس، کافکا یان جۆیس بخوێنێتەوە. کۆمەڵگەیەک شەیدای خوێندنەوەی ئەدەبی باڵا بێت، کۆمەڵگەیەکی داهێنەر و دەوڵەمەند دەبێت و وەک مەحاڵ وایە هیچ دەسەڵاتێک لە توانایدا هەبێت، کۆمەڵگەی وەها فریو بدات.(١)

ڕەنگە لایەنی لاوازی ماریۆ ڤارگاس یۆسا ئەوە بێت، گەلەک شەیدای ڕاکێشانی سەرنجی فلاشی کامێرایە و بە چاوپۆشین لە بیروڕای ئەم و ئەو، هەوڵ دەدات هەمیشە تیشکی لەسەر بێت، ئەوە بۆیە هەندێک بە پیاوێکی تاووسڕەوتار ناوی دەبەن. لە کاتێکدا زێتر لە سێ میلیۆن کەس، دژی هێرشی ئەمریکا، ڕژابوونە سەر شەقامەکانی مەدرید، ئەو ڕاشکاوانە، دژ بە هەڵوێستی زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئیسپانیا، گوتی: من لەگەڵ ئەو جەنگەدام کە ئەمریکا لە دژی عێراق هەڵی گیرساندووە، تەنانەت کە ئەمریکا لە ئەپریلی ٢٠٠٣ دا، عێراق داگیر دەکات، ئەو لە ٢٥ ی حوزەیرانی هەمان ساڵدا، بە فڕۆکەی سەربازی دەگاتە بەغدا و کتێبێکیش لە بارەی ئەو گەشتەیەوە دەنووسێت.

ماریۆ ڤارگاس یۆسا کتێبەکەی ناو دەنێت: (ڕۆژانەیادداشت لە عێراقەوە،) کە تێیدا بیرەوەرییەکانی لە بارەی ئەو دوازدە ڕۆژەوە دەگێڕێتەوە کە لە عێراقدا بەسەری دەبات. کتێبەکە کە لە هەشت بەش پێک دێت، بەشی حەوتەمینی تایبەت دەبێت بە کورد و تێیدا یۆسا باسی ئەو ستەمانە دەکات کە کورد لە (١٩٧٥)ەوە تا ١٩٩١ لە سایەی بەعسدا تووشی هاتووە، ئیدی هەر لە کاولکردنی گوندەکانی کوردستان و ڕاگوێزانەوە تا کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال و کۆڕەو. ئەو لەو گەشتەیدا ڕاستگۆیانە باس لە عەرەباندن و ژمارەی قوربانییەکانی کورد و تاوانەکانی عەلی کیمیکاڵ دەکات. یۆسا لەو سەفەرەیدا سەرێک لە سلێمانی دەدات و وەسفێکی هێندە جوانی دەکات، ڕەنگە چاوی خوێنەری خەڵکی ئەو شارە، فرمێسکی تێ بزێت. لە باسی جلوبەرگی پێشمەرگەدا دەڵێت: (تۆ بڵێیت ئەو جەنگاوەرانە، ئیلهامی دیزاینی پۆشاکەکانیان لە پۆرترێتەکانی ڕامبرانت نەدزیبێت؟) لە بارەی سلێمانییەوە دەنووسێت: (شارێکە جوان، کیژان بە شەقامە خاوێنەکانیدا، کە ئەملا و ئەولایان بە درەخت تەنراوە، بە پۆشاکی خۆرئاواییەوە پیاسە دەکەن. دارستانێک لە سینیی سەتەلایت، سەربانەکانی شاریان داگیر کردووە.)[٢]

یۆسا دەڵێت: هەرچەندە باوکمم خۆش نەدەویست، بەڵام خۆم بە قەرزداری دەزانم، ئاخر ئەوە ئەو بوو وای لێ کردم ئازادانە بیر بکەمەوە و ڕکم لە هەموو جۆرە گوشار و هەژموونێک ببێتەوە، باوکم نەبووایە، نەدەبوومە ئەو نووسەرەی ئێستا هەم. کە سارتەر و کامو لە گۆڤاری (سەردەمە تازەکان)دا، گوتوبێژیان دەکرد، بۆ من ئەوە ڕووداوێکی گەورە بوو، لە (لیما)وە، بە پەرۆشەوە، دوای ئەو ململانێ فیکرییە دەکەوتم. هەم ئەوەم پێ جوان بوو کە سارتەر دەیگوت: وشە کردەوەیە، بە گژ ستەمدا دەچێتەوە و لە گۆڕینی ژیاندا، چالاکانە بەشدار دەبێت، هەم ئەوەیش سەرسامی دەکردم کە کامو دەیفەرموو: نابێت مۆراڵ لە سیاسەت جیا بکرێتەوە، ئەگەر نا، زەبروزەنگ پەرە دەستێنێت و بەربەریزم باڵی ڕەشی بەسەر دنیادا دەکێشێت. ولیەم فۆکنەرم خۆش دەویست بەڵام لاسایی هەمەنگوایم دەکردەوە، هەر چییەک بە

زمانی ئیسپانیایی بنووسرێت، بۆنی سێرڤانتسی لێ دێت. کە چوومە ئەورووپا، لەوێ ئەوە فێر بووم، کەس بە ڕێکەوت نابێت بە نووسەر، بەنووسەربوون، زادەی خولیا، خەبات و دیسپلینە. خەیاڵی من ڕیالیستە، جادوویی نییە، مەبەستم لە خەیاڵی واقیعی، خەیاڵێکە جێگەی بڕوای خوێنەر بێت. من بۆیە خەیاڵ تێکەڵ بە ڕووداو دەکەم، تا درۆی جوانتر دابهێنم. (ڕۆمان نیشتمانێکە لە درۆ، بەڵام شیعر ویژدانی دنیایە، ئەوە بۆیە ئینسان کە بیر دەکاتەوە هەر دەڵێیت دەرۆزەکەرە، وەلێ کە شیعر دەنووسێت لە خوداوەند دەچێت.)[٣]

هەموو شتێک پشت بە شێوە دەبەستێت، ئاخر شێوە بناغەیە و فڵان بابەت جوانە یان نا؟ وەڵام لای شێوەیە کە فاکتەری کاربڕە، ئەوە بۆیە ڕۆماننووس، پێش هەموو شتێک، گەرەکە هونەرمەندێکی وەها لێزان بێت، توانای داهێنانی شێوەی نوێی هەبێت. نابێت نووسەر وەک پەیکەر بەردەوام لە جێیەکی نەگۆڕدا بێت، هەمیشە دژی ئەوە بووم، نووسەر وەک مارسیل پروست لەناو کتێبخانەکەیدا ژیان بەسەر ببات، نووسەر پێویستی بەوە هەیە، هەمیشە پێوەندیی بە دنیاوە هەبێت، ئەوە بۆیە من لە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنیشدا چالاکی دەنوێنم.[٤]

یۆسا شاعیرێکی خراپ دەبێت، وەلێ کە ڕوو دەکاتە ڕۆمان و ڕەخنەی ئەدەبی، لە هەردوو بوارەکەدا بە لوتکە دەگات و دەبێت بە یەکێک لەوانەی ڕێڕەوی ڕووباری ژیان دەگۆڕن، ئەوە بۆیە دوژمنەکانی، پێش دۆستەکانی بەرهەمی دەخوێننەوە. ئەو زوو زوو لەسەر سیاسەت قسە دەکات، هەرچەندە ژینگەی سیاسی هێندە پۆخڵە، ڕەنگە ببێتە هۆی پیسکردنی ڕۆحی نووسەر. کافکا کە لە دنیای بەرین بێزار دەبوو، دەگەڕایەوە بۆ ناخی خۆی، یۆسا لە هەواری ناخی خۆیەوە بە ڕێ دەکەوێت و دنیا دەکات بە نیشتمانی خۆی، ئەوە بۆیە، ئەوێک کە بەشێکە لە گیانی سەردەمەکە، نزیکەی هەمیشە قسەیەکی هەیە، شیاوی گوتن بێت و پێی وایە و ڕاستیشی بۆ چووگە، بۆ ئەوەی خزمەتی ئەوانی دیکە بکەیت، پێویستە خۆتیان لێ جوێ بکەیتەوە و ڕێیەکی

نوێ بدۆزیتەوە.

کارلۆس فوێنتس لە (کورسییەکەی هەڵۆ)دا کە ڕۆمانێکە تەرخانە بۆ باسی دیکتاتۆر، ڕووناکی دەخاتە سەر ئەوەی کە ڕێی بەرەو کورسی، بە ناپاکیکردن و خوێنڕشتندا تێدەپەڕێت. لە ڕوانگەی وییەوە مەحاڵە ئینسانێک خاوێن بێت و دەستی لە کورسیی دەسەڵات گیر ببێت، ئاخر دەسەڵاتخوازان بە پەیژەی شەرمەزاریدا نەبێت، ناگەنە عەرشی دەسەڵات. دیکتاتۆر چونکە بە ئەوین نامۆیە، دەبێتە ڕەمزی ڕک و کینە، ڕیسواکردنی دیکتاتۆر بە ڕۆمان، بواری کاری ماریۆ ڤارگاس یۆسایشە، ئەوە نییە لە (ئاهەنگی نێری)دا، ئەو جۆرە ڕۆمانەی بە لوتکە گەیاندووە. یۆسا دەربارەی ئاهەنگی نێری دەڵێت: (شێوازی نووسینەکەی لە بابەتەکەی بایەخدارترە، زمان و بونیادەکەی لە خودی چیرۆکەکە گرنگترن، ئەدەبێکە خوێنەر هێندە سەرقاڵ دەکات، تا ئەو ئاستەی دووچاری دڵەڕاوکێ دەبێت. ڕۆمان سەرچاوەی ڕەخنەگرتنە لە کۆمەڵگە، ئەوە بۆیە سیستەمە ستەمکارەکان، سانسۆری لەسەر دادەنێن.) ڕۆمانی ئاهەنگی نێری کە باس لە ڕافایێل تروخیللۆسی دیکتاتۆری کۆماری دۆمینیکان کە لە ۱۹۳۰ دا دەسەڵاتی گرتە دەست و لە ۱۹٦۱ کوژرا، دەکات و هەر دەڵێیت باس، باسی سەددام حوسەینی سەرکۆماری عێراقە، دەنگدانەوەیەکی هێندە مەزنی هەبوو، زۆر کەس پێیان وایە، ئەوە ئەو ڕۆمانە بوو، کە ڕەنگە ڕۆمانی لەوە جوانتر لە لاتین ئەمریکادا نەنووسرابێت، یۆسای بە خەڵاتی نۆبێل گەیاند.

لە ڕۆمانی (کچێکی بەد)دا کە زۆر کەس بە (مەدام بۆڤاری)ی (فلوبێر)ی بەراورد دەکەن، یۆسا چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، تێیدا کیژەکە بەردەوام (هەڵە) دەکات و کورەکە هەمیشە لێی دەبوورێت. ڕەنگە ئەوەی کچەکە دەیکات، بکەوێتە خانەی ئازادیی سێکسییەوە و کەس مافی ئەوەی نەبێت لەسەر ئەو ڕەوتارەی سەرکۆنەی بکات. هەقە ئەوەیش بڵێم، یۆسا هێندە بە مادام بۆڤاری سەرسام دەبێت، باسێکی جوان لە بارەیەوە دەنووسێت. (ماڵە سەوزەکە)یش کە یەکێکی دیکەیە لە ڕۆمانەکانی، باسی ماڵێک دەکات بۆ سێکسفرۆشی

تەرخان کراوە کە دەسووتێت، کاول دەبێت و سەرلەنوێ ڕۆ دەنرێتەوە و یۆسا لە تافی لاویدا سەردانی کردووە. یۆسا بە نۆزدە ساڵی لەگەڵ جولیا ناوێکی خزمی خۆیدا زەماوەند دەکات، کە زۆر لە خۆی گەورەتر دەبێت، ڕۆمانی (میمکە جولیا و نووسەر،) زادەی ئەو زەماوەندەیە.

یۆسا لە (پەسەندانی باوەژن)یشدا کە ڕۆمانێکی ئێرۆتیکاییە، دیسانەوە خوێنەر سەرسام دەکات. ئەوەی دەقێک بە زیندوویی دەهێڵێتەوە، خودی دەقەکەیە، ئاخر تێکستێک ئەگەر ڕووت و ڕەجاڵ بێت، دەیان ڕەخنەگری مارانە بە بالایدا هەڵبلێن، ڕۆژێک ناخەنە سەر تەمەنی کورتی. دەقەکانی یۆسا، ئەوە خۆیانن داکۆکی لە خۆیان دەکەن و هیچ حەوجەیان بە کۆمەکی دەرەکی نییە. مێردمنداڵێک کە بە پووری، باوەژنی بانگ دەکات، وای لە ساڵح عەلمانی کە وەرگێڕی عەرەبییە، کردووە، ناوی (پەسندانی پوور) لە ڕۆمانی (پەسندانی باوەژن،)ی ماریۆ ڤارگاس یۆسا بنێت.(*) یۆسا لەو ڕۆمانەیدا کە بە زمانێکی بالا نووسیویەتی، شەش تابلۆی ناوداری کە لەگەڵ دەقەکەدا بلاوی کردوونەوە، وەگەڕ خستووە، ئەمەیش تەکنیکێکی نوێیە و ڕەنگە پێش ئەو هیچ نووسەرێکی دیکە، وەها مامەڵەی لەگەڵ هونەری شێوەکاریدا نەکردبێت. کانداولیس کە پاشای لیدیا بووە و جاکوب جۆردانێس بە تابلۆیەک کە لە مۆزەی ستۆکهۆلمدا پارێزراوە، بە سەری کردووەتەوە، دەڵێت: (لە گۆڕەپانی شەڕدا گەلێک سەرکەوتنم بە دەست هێناوە، وەلێ زێتر شانازی بەو نەبەردانەوە دەکەم کە شەوان لە جێخەودا تۆمارم کردوون.) ئەوەی لە جێخەودا دەگوزەرێت، جێی بایەخی ڕۆمانی پەسندانی باوەژنیشە.

لایەنێکی گرنگی دیکەی ڕۆمانەکە، بوێرییە، بوێرییەک کە خوێنەر تووشی حەپەسان دەکات. ئایا ئەوە لوتکەی بوێری نییە، نووسەر ڕووداوەکان وەها بچنێت کە منداڵێک، لە ڕێی سێکسکردنەوە لەگەڵ باوەژنیدا، داوێکی وای بۆ بنێتەوە، بە دەرکردنی بدات و بەو شێوەیە ڕێگە نەدات، ژنێکی دیکە، جێی دایکی بگرێتەوە؟ بە مەرجێک باوکی، تەواو شەیدای ژنەیە و بەردەوام هەوڵ دەدات پێوەندیی نێوان خۆی و ژنەکەی دەوڵەمەندتر بکات و تەنیا ئەو ژنە

قارەمانی خەونە سێکسییەکانی و ئارەزووە نهێنییەکانیەتی و هەرگیز بێجگە لە لای ژنەکەی، لای کەسی دیکە، بە دوای چێژدا ناگەڕێت.

(وەک سەر چۆن پڕ، بە کڵاوە،
وەک پێ چۆن پڕ، بە پێڵاوە،(**)
گۆی مەمکی تۆش،
پڕ بە دەروازەی گوێچکەمە،
لێم گەڕێ با،
گوێ بۆ ڕازی مەمکت شل کەم!
گەر تۆ نەبای،
دەمردم و نەمدەزانی
چێژ مانای چی،
من لەنێو باوەشی تۆدا،
خۆمم لێ دەبێ بە پاشا.
ئەوینی تۆ وای کردووە،
هەست بە جووڵەی زەمان ناکەم،
وا دەفکرم،
لە ئامێزی گەرمی تۆدا
نە پیر دەبم و نە دەمرم.)

لای یۆسا، ئێرۆتیکا، بەشێکی هەرە گرنگە لە ژیان، ئاخر بە هۆی ئێرۆتیکاوە دەزانین، ئاژەڵان لەنێو خۆیاندا چۆن سێکس دەکەن و دەبێت مرۆڤەکانیش لەنێو خۆیاندا چۆنی بکەن. بە هۆی ئێرۆتیکاوە لە ئەدەبدا، سێکس دەبێتە کارێکی هونەری کە بە دوو باڵی خەیاڵ و ڕۆشنبیرییەکی باڵا دەفرێت. ئێرۆتیکا زادەی شارستانییە پێشکەوتووەکانە و لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگە و سەرهەڵدانی ئازادیدا پەیدا دەبێت، وەلێ لە کۆمەڵگە

سەرەتاییەکاندا ئینسان پێی ئاشنا نەبووە، ئاخر ئەوسا سێکسکردن وەک ئارەزوویەکی ئاژەڵانە، ئامانج لێی تەنیا وەچەخستنەوە بووە. ڕەنگە جیاوازیی سەرەکیی نێوان سێکس و ئێرۆتیکا ئەوە بێت، لە یەکەمیاندا تەنیا جەستە کارایە و لە دووەمیاندا جەستە و خەیاڵێکی دەوڵەمەند. ئێرۆتیکا تەنیا لە بازنەی سێکسکردنێکی شارستانییانەدا گیر ناخوات، ئەوە نییە لە بوارەکانی ئەدەب، شێوەکاری، سینەما و موزیکیشدا، بووە بە هەوێنی چەندان شاکار.(٥)

لایەنێکی سەرنجڕاکێشی دیکەی ڕۆمانی پەسندانی باوەژن، تەرخانکردنی بەشێکە بۆ خۆخاڵیکرنەوەی ئینسان لە پاشەڕۆک، کە ڕەنگە هەرگیز ڕۆمان لە دەرگای ئەو بابەتەی نەدابێت. هەمیشە لە ئەدەبدا، ئەوە گرنگ نییە، باسی چی دەکەین، ئەوە گرنگە، چۆنی باس دەکەین. (هەستی کرد شتێک بۆ چوونە دەرەوە ئامادەیە، ئیدی دەرچە، بۆ ئەوەی شتە بە ئاسانی دەرباز ببێت، خۆی فراوان کرد.) یان: (خۆخاڵیکردنەوە، هاوواتای بەختەوەرییە، بە مەرجێک ئیشەکە بە کاوەخۆ، تا چێژی لێ وەربگرین، بکرێت.)(٦) لێرەدا ئەو تێزەی (فرۆید)مان وەبیر دێتەوە کە گوایە، ئینسان بۆ ئەوەی چێژی سێکسین وەربگرێت، بە ئەنقەست ئیشەکە دوا دەخات! یۆسا سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوەیش ڕادەکێشێت کە هەمیشە خاوێنکردنەوەی جەستە، لە پاکژکردنەوەی ڕۆح ئاسانترە. ڕەنگە چۆن لوولەی تفەنگێک پاک دەکەینەوە، تەواو وەها هەناویشمان خاوێن بکەینەوە، وەلێ گرنگ ئەوەیە دیوارەکانی ڕۆحمان، شتی پیسیان پێوە نەلکابێت.

هەرچەندە (پەسندانی باوەژن) بایەخێکی زۆری بە سێکس داوە، وەلێ تا ئەو سنوورە نا کە سێکس ببێت بە ئامانجی ئینسان، ئاخر زیاد لە قەوارەی خۆی، گەورەکردنی سێکس و بایەخدان بە هەموو وردەکارییەکانی و کردنی بە ئامانجی کۆتایی، زادەی فەقیرخەیاڵی و بەتاڵڕۆحییە. ئەوە لە کن ڤێرجینیا وۆلف پەسەند نییە کە لە ڕۆمانی (یولیسێس)ی (جەیمس جۆیس)دا سەگێک هەڵدەمیزێت، هەرچەندە ئەو هەڵمیزانە لەوێ و ئەم خۆخاڵیکردنەوەیە لە

(پەسندانی باوەژن)دا، ئاماژەن بۆ هەست بە نائومێدی کردن و بێهوودەیی.

یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان مانگ و ژن ئەوەیە، مانگ کە دەبێت بە چوارده شەو، دەگاتە لوتکەی جوانی، وەلێ ژن لە چل ساڵیدا بە دوندی جوانی دەگات. گۆتە (١٧٤٩ – ١٨٣٢) لە شانۆنامەی (فاوست)دا کە تێکەڵەیەکە لە ئەدەب و فەلسەفە، لەسەر زاری فاوستەوە دەڵێت: (ئەوانەم خۆش دەوێت، دوای مەحاڵ دەکەون،) بەڵام هەوڵدان بۆ کەویکردنی مەحاڵ، باجی خۆی هەیە، کە دەبێت درەنگ یان زوو بدرێت. خۆشەویستی ئەو تاقە مەحاڵەیە کە شیاوی ئەوەیە بە دووی بکەوین و سڵ لە سزاکەی، هەر چییەک بێت، نەکەینەوە. کارەسات ئەوەیە، بە خەون دنیایەک لە هیوا ڕۆ بنێین و لەناکاو وەک بڵقێک بتەقێت، یان وەک شەونمێک لەبەر هەتاوی ڕاستیدا، ببێت بە هەڵم. زۆر لە پیاوان وا ڕاهاتوون لە کۆتاییی تەمەنیاندا کە دەزانن هاکا زەنگی مەرگیان لێ درا، ڕوو دەکەنە قاپیی خودا، وەلێ ئەو پیاوەی شوێن مەحاڵ دەکەوێت، لە پاییزی تەمەنیدا ڕوو لە قاپیی ژنێک دەکات، کە بە چل ساڵی لە مانگی چوارده جوانترە.

نووسەر هەرچەندە لە ڕۆمانەکانیدا، باس لە باری دەروونی و کۆمەڵایەتیی خۆی ناکات، کەچی دەشێت دەروونناسان و کۆمەڵناسان، بۆ شیکردنەوەی باری دەروونیی تاکەکان و ناسینی کۆمەڵگە، سوود لە کارەکانی وەربگرن، ئاخر ئەدەب دەوڵەمەندترین سەرچاوەیە لە بارەی ئینسان و کۆمەڵگەوە و ستاندالْ گوتەنی: (ئەگەر بۆ حەقیقەت بە هەموو وردەکارییەکانییەوە، بگەڕێین، ئەوە تەنیا ڕۆمانە نائومێدمان ناکات.)[٧] یۆسا لە ڕۆمانی (پەسندانی باوەژن)دا، هێندە لێزانانە بە ناخی کارەکتەرەکانیدا شۆڕ دەبێتەوە، وەک مەحاڵ وایە، دەروونناسان بتوانن هێندە قووڵ بە ناخی دەروونی کەسێکدا ڕۆ بچن.

لە (پەسندانی باوەژن)دا، وێڕای چیرۆکبێژی هەمووشتزان، چیرۆکبێژی دیکەیش هەیە، تێڕوانینی هیچ کامیان لە هی ئەوی دیکەیان ناچێت، کە کارەکتەرەکانیش دەپەیڤن، قسەکانیان لە هی یەکدی ناچن، نە هەست بە هیچ

زۆر لە خـۆکردنێک دەکـەین و نە ڕووبەڕووی هیـچ ڕستـەیەکی نامـۆ دەبینەوە، مـەنەلۆگـەکانیش هێندە خـۆڕسکن، هەر لە قـسـەی نێو خـەون دەچن. کـە لە بەشـێکی ڕۆمانـەکەوە، دەچینە سـەر بەشـێکی دیکەی، بە ئاسـانی هـەست بەوە دەکـەین، نـووسـەر لە بواری مـۆنتـاژکـردنـدا، شـارەزاییـیـەکی قـووڵی هـەیە. کە نووسـەر هەندێک جـار هـانای بۆ زمـانێکی چڕی شـیـعری بـردووە، هەمیـشـە لە جێی خۆیدا ئەو زمانەی وەگەڕ خستووە.

ئەگەر کەسێکت شک نەبرد،
گوتوبێژت لەگەڵ بکا،
گەر زایەڵەی هاواری خۆت نەژنەفتەوە،
ئەگەر یەکێک پەیدا نەبوو،
بڵێ، فلان شیعرت جوان بوو،
ڕەنگە ئیدی هیچ پاساوێک،
نەبێت بۆ ئەوەی مکوڕ بیت،
لەسەر نووسین.

یۆسا (کە ڕەنگە هیچ نووسەرێکی دیکەی لاتین ئەمریکایی، نە هێندەی ئەو بەرهـەمـی هـەبێت، نە هێندەی ئەو زۆر بخـوێنرێتـەوە،) دەڵێت: نامـەوێت تەنیـا یەک دیمەن ببینم، لەوانەم کە بەردەوام سـەرقاڵی گـەڕانن، ناخوازم لە وڵاتێکدا بەند بم، یان لە زمـانێکدا گیر بخـۆم، لەمێژە زیندانی خـێڵم جێ هێشـتـووە و سـەفـەر بووە بە بەشـێکی ئۆرگانیک لە نووسـینەکانم. داهێنەری ڕاسـتـەقـینە، هەمیشە دڵەڕاوکێی هەیە، تا ئەزموونی زێتریش پەیدا بکات، ترسی زێتری لێ دەنیشێت، ئاخر زێتر هـەست بە بەرپرسـیـارییەتی دەکات و ئامانجی سەختتر و دوورتر بۆ خـۆی دەسـتـنیـشـان دەکات. داهێنەر سـەرنجی هـەر لایەک بدات، مین دەبینێت، ئیدی چۆن هەست بە دڵنیایی بکات؟[٨]

وەختی خۆی ئیسپانیا بە زەبری چەک، لاتین ئەمریکای داگیر کردبوو، وەلێ ئەوە دەیان سـاڵە، لاتین ئەمـریکا بە زەبری وشـە، نەک هـەر ئیـسـپـانیـا، دنیـای

داگیر کردووە.(٩) ئەوە نییە پۆلەمەلی وشەی بورخێس، گابرێللا میسترال، ئاستوریاس، نێرودا، مارکیز، ئۆکتاڤیۆ پاز، کارلۆس فۆینتس، خولیۆ کورتازار و ماریۆ ڤارگاس یۆسا، ئاسمانی دنیا تەی دەکەن؟

٢٠١٠-١٠-٣١

ژێدەر و پەراوێز:

(١) ماريو فارغاس يوسا حاورته جمانة حداد ١٥/ ٠٢/ ٢٠٠٩ ملحق النهار الأدبي.

(٢) ماريو فارغاس يوسا و العراق، حمدي البطران ٢٠٠٤/٨/١ أفق.

(٣) د. طلعت شاهين، ماريو فارجاس يوسا، الرجل الطاووس ٢١ أوكتوبر ٢٠١٠ الإتحاد الثقافي، أبوظبي.

(٤) أياد نصار، عالم يوسا بين التأريخ و السياسة، ٢٢/ ١٠/ ٢٠١٠ الدستور.

(٥) ماريو فارغاس يوسا حاورته جمانة حداد ١٥/ ٠٢/ ٢٠٠٩ ملحق النهار الأدبي.

(٦) إمتداح الخالة، ماريو بارغاس يوسا، ترجمة: صالح علماني، اَلطبعة الثالثة ٢٠٠٧ دار المدى، دمشق.

(٧) موريس أبو ناضر، ألأدب ليس رسالة يكتبها المؤلف الى القارئ ٨ سبتمبر ٢٠١٠ ألحياة.

(٨) المصدر الأول.

(9) INTRODUKION TILL LITTERATUREN I LATINAMERIKA, av Eva Stenvng, www. macondo.nu

(*) madrastra وشە ئیسپانیاییەکەیە کە بە مانای باوەژن دێت. ساڵح عەلمانیی وەرگێڕ لەبەر ڕۆشنایی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا، باوەژنی کردووە بە پوور، ئەو مافەی هەیە یان نا، ئەوە شتێکی دیکەیە، بەڵام وەرگێڕێکی هێندە لێزانە لە چەشنی سامی درووبی کە شاکارەکانی دەستۆیفسکیی دەکرد بە عەرەبی.

(**) هەندێک سووکە گۆڕانکاریم لە ڕستە شیعرییەکاندا کردووە، بەڵام (وەک پێ چۆن پڕ، بە پێڵاوە،) دەربڕینی ماریۆ ڤارگاس یۆسایە بێ دەستکاری.

## مەرگ بانگمان دەکات

سـەدان سـاڵ بوو، حـافـیـز بە غـەزەل، فـیـردۆسـی بە شـانـامـە، سـەعـدی بە گوڵسـتان، خەیام بە چوارینە، ڕوومی بە مـەسنەوی، دنیایان سەرقـاڵ کردبوو، ئەوە وەکوو مـەحـاڵ وابوو، دوای ئەو شـاعـیـرە بلیـمـەتانە، پەخشـانـنووسـێکی فارسیزمان، بتوانێت بە ڕۆمانێکی کورت کە لە سەد ڕووپەل کەمتر دەبێت، کە یەکەمین جار تەنیا سەدوپەنجا دانەی لە تاراوگە لێ چاپ دەکرێت، سـەرنجی دنیا بۆ لای خۆی کێش بکات. ئەو پەخشاننووسە مەحاڵبەزێنە سادق هیدایەت (١٩٠٣ – ١٩٥١) دەبێت کـە ١٩٣٦ لە هـیندسـتـان، لـە شـاری بۆمـبـای، (کوندەپەپووی کوێر) بڵاو دەکاتەوە، ئاخر سوور دەزانێت سانسۆر لە ئێران، ڕێ لە چاپکردنی دەگرێت.

ئەگـەر پێـمـان وابێت، داهێنان ئەوەیە لە عـەدەمـەوە سـەرهەڵ دەدات، یان گـەشـتـێکە لە سـفـرەوە دەست پێ دەکات، ئیدی ناتوانین ڕۆمـانـی (پەیکەری فـەرهـاد)ی عـەباس مـەعـرووفی کـە پشـتـی بە کـوندەپەپووی کـوێری سـادق هیـدایەت بەسـتـووە، بە داهێنان لە قـەڵەم بدەین. ڕەنگە ئـەوەیش شـتـێک بێت وەک مـەحـاڵ، بتـوانین بـە هـۆی گـۆڕینی چیـرۆکبـێـژەوە، لە ڕۆمـانێکی کـۆن، ڕۆمـانێکی نوێ، بخوڵقێنین. ئاخـر جیـاوازیی سەرەکیی دوو ڕۆمانەکە ئەوەیە، لە کـوندەپەپووی کـوێردا، پیـاوێک لەژێر کـاریگـەریەتیی ئەفـیـووندا، خـەریکی گـێـڕانەوەی مـۆتەکـەیە و (واقـیـع)ێک دەداتە بەر ڕووناکی کـە زێـتـر لە وەهـم دەچێت، وەلێ لە پەیکەری فەرهاددا، ژنێک ئەو ڕۆڵە وازی دەکات.

ئەحـمـەد شاملوو داهێنەر بوو، ئاخـر ئەو لاسایی کەسـی نەکردەوە، شیـعری سپیی داهێنا، شـیـعرێک نە بایەخی بە سـەروا دەدا، نە کێشی ڕەچاو دەکرد. شـاملوو پێی وابوو، وەک چۆن سـەروا شـاپەڕی باڵی مـەلی خـەیاڵی شـاعـیـر

هەڵدەكێشێت، (كێش)یش بانكی خەیاڵی شاعیر نابووت دەكات، ئاخر خۆبەستنەوە بە كێشەوە، شاعیر ناچار دەكات، دەرگا لە هەندێك وشە بكاتەوە كە پێویست نین و لە هەندێك وشەی دابخات كە پێویستن، بەمەیش كە بە لاڕێدا بردن و بەرتەسككردنەوەی خەیاڵە، داهێنان زیانێكی زۆری پێ دەگات.

لە كورتەڕۆمانی كوندەپەپووی كوێردا، پیاوێك كە لە كوندەپەپوویەك دەچێت، دەنگی لە گەروویدا گیری خواردبێت و لە شێوەی پەڵەخوێندا تفی بكاتەوە، پیاوێك كە پێ دەچێت ئاوەزی لە دەست دابێت، یان لە گیانەڵڵادا بێت و وڕێنە بكات، پیاوێك كە لە نێوان بێهۆشی و هۆشیاریدا دێت و دەچێت، پیاوێك كە لاقێكی لەنێو دنیای خەوندایە و ئەوی دیكەی لە بێداریدا، پیاوێك خۆیشی نازانێت، خەوی لێ كەوتووە، یان لە هۆش خۆی چووە، پیاوێك كە لە خۆی هەڵدێت، پیاوێك كە سەیری ئاوێنە دەكات، خۆی ناناسێتەوە و پێی وایە، (ئەو)ی جاران لەمێژە مردووە، پیاوێك كە خۆی پێ دەویتێكی بەدبەختە و ژنەكەی پێ سۆزانییە، دیرۆكی ژیانی خۆی كە زێتر لە خەون و مۆتەكە دەچێت، وەك لە ڕاستی، بۆ سێبەرەكەی دەگێڕێتەوە. ئەو پیاوە كە چیرۆكبێژەكەیە، دەڵێت: (دەمخوازم چیرۆكی ژیانی خۆم بۆ سێبەرەكەم بگێڕمەوە، بەڵام نازانم لە كوێوە دەست پێ بكەم، سێبەرەكەم لە خۆم تێگەیشتووترە و تەنیا بۆ ئەو دەتوانم بە باشی بدوێم و چیرۆكی ژیانم وەك هێشووەترێیەك بگوشم و بیرژێنمە گەروویەوە.)

چیرۆكی هونەریی فارسی بە ڕای ڕەخنەگرانی فارس و غەیرە فارس، بە سادق هیدایەت دەست پێ دەكات و ئەو بە باوكی پەخشانی فارسی ناسراوە، ئەوێك كە ئیلهامی لە ئەدەبی ئەورووپاییەوە وەرگرتووە و هەر دەڵێیت لە قوتابخانەكەی (فرانز كافكا)دا(١٨٨٣ – ١٩٢٤) دەرسی ڕەشبینی و هونەری گێڕانەوەی خوێندووە و سوودی لە ئەزموونگەلی (دەستۆیفسكی، چیخۆف و ئەدگار ئالان پۆ)یش بینیوە. كەرتكردنی وەخت، پاش و پێشخستنی زەمان و گەمەكردن بە كارەكتەرێكی دیاریكراو كە چەند ڕۆڵێكی پێ دەبەخشێت،

هەندێکن لەو تەکنیکانەی بەکاری هێناون و (ئۆرهان پاموک)یش کە ٢٠٠٦ نۆبێڵی وەرگرت، لە هەردوو ڕۆمانی(کتێبی ڕەش) و (قەڵای سپی)دا، وەگەڕی خستوون. هیدایەت هەر وەختی لەتوپەت نەکردووە، بە هەمان مێتۆد مامەڵەی لەتەک (شوێن)یشدا کردووە و هەمان مۆتیف و هەمان دیمەن، گەلەک جار پاتە دەکاتەوە.

هێدویگ هاوڕێیەکی زیرەکی پەرپۆشی (هاری پۆتەر)ە لە فۆرمی کوندەپەپوودا، لە کارەکەی سادق هیدایەتدا، کوندەپەپوو، ڕەمزی حیکمەت نییە، خودی چیرۆکبێژەکەیە کە کارەکتەری سەرەکیی کورتەڕۆمانەکەیشە و سیمبۆلی ئەوانەیە پشکۆی ستەمی کۆمەڵایەتی و ئایینی ژیانی داخ کردوون. لە کن هیدایەت، خێر و شەڕ، پێوەندییان بەم ئایین، یان ئەو باوەڕەوە نییە، لە ناخی ئینسانەوە هەڵدەقوڵێن و هەموو ئەو شەڕانەیشی گوایە بۆ داکۆکیکردن لەم یان ئەو ئایین ڕوویان داوە، لەژێر سەری ئەو پیاوانەوە دەستیان پێ کردووە کە خۆیان بە پارێزەری ئایینەکان زانیوە.

هیدایەت دوو شانۆنامەی نووسیوە: (پەروینی کچی ساسان) و (مازیار) لەو دوو ئیشەیدا، ڕەشبینی بەدی ناکرێت، پڕن لە هەستی نیشتمانپەروەری و (نیشتمانپەروەر)یش یەکێکی دیکەیە لە چیرۆکەکانی کە تێیدا، تیشک دەخاتە سەر ناخی نیشتمانپەروەرە دووڕووەکان و ماسک لەسەر سیمای دزێویان لا دەبات. هیدایەت لە بەشێک لە کارەکانیدا، لایەنی کرێکارانی ئێران دەگرێت و ڕووناکی دەخاتە سەر خۆپیشاندان و مانگرتنەکانیان. هیدایەت ئەو ستەمەیشی فەرامۆش نەکردووە کە لە ژنان دەکرێت و بە شێوەیەکی هونەرییانە، وەک ڕیالیستێکی ڕەخنەگر، نەک ڕاستەوخۆ، پەردەی لەسەر خەوشەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی لا داوە.

کە ڕۆژیە لیسکۆ کوندەپەپووی کوێری کرد بە فەرەنسایی، ئیدی هیدایەت ناوبانگی پەیدا کرد، دواتر (ژیلیز لازار)یش (حاجی ئاغا)ی تەرجەمەی هەمان زمان کرد و ئیدی ئیشەکانی بۆ ئینگلیزی و ئەڵمانیاییش وەرگێڕدران. هیچ کارێکی دیکەی سادق هیدایەت، هێندەی کوندەپەپووی کوێر بایەخی پێ

نەدراوە، ئیدی چ بە بەرزنرخاندن بوویێت، یان بە دژایەتیکردن. بەو کورتە رۆمانەوە هەم کاریگەریەتیی ئەفسانە دیارە، هەم هی ئەدەبی سەدەی نۆزدەیەمی رووسیا، وەک چۆن لە ئەدەبی سوریالییەوە نزیکە، ئاوایش هەر دەڵێی ئەدەبی گێڕانەوەی مۆتەکەیە و دنیای تاریکی کافکامان وەبیر دێنێتەوە، جارێک لە حیکایەتی میللی دەچێت و جارێک لە چیرۆکێکی هونەری کە بایەخی بە سایکۆلۆژیا دابێت. سادق هیدایەت لەو چیرۆکە درێژەدا، مێژوویەکی رەش دەگێڕێتەوە، مێژوویەک لە مۆتەکە، تەنیایی، دوورەپەرێزی، نائومێدی و بێهوودەیی.

سادق هیدایەت کە لە رۆژێکی ساردی زستانی ١٩٥١ دا لە پاریس خۆی دەکوژێت، هێندە بایەخ بە مەرگ دەدات، نزیکەی هەمیشە مردن لە ئیشەکانیدا حازرە و رەنگە ئەوە ئاماژەیەک بوویێت بۆ ئەوەی، خۆکوشتن لە کنی رێگەچارەی کۆتایی بووە. ئەو تەنیایی و دوورەپەرێزییەی بە کوندەپەپووی کوێرەوە دیارە، نواندنی هەڵوێستە لە دژی ئەو دنیایەی کە هیدایەت هەرچەندی کرد، نەیتوانی لەگەڵیدا بگونجێت، هەر بۆیە هەمیشە دەیگوت: ئەوە تەنیا مەرگە کە هەرگیز درۆ ناکات و هەموو رێگاکان دەچنەوە سەر مردن. لە یەکەمین بەرهەمی هیدایەتدا کە ناوی لێ نابوو: (گەڕەکی گۆڕستان،) قارەمانی چیرۆکەکە خۆی دەکوژێت و (ئەو پیاوەی خۆی کوشت،) ناوی چیرۆکێکی دیکەیەتی. لە ١٥/ ١٠/ ١٩٤٨ دا لە نامەیەکدا کە بۆ چیرۆکنووس (جەمالزادە)ی هاوڕێی دەنێرێت، دەنووسێت: (ماندووم و دەزانم مێشکم تێک دەشکێت، وەک بە مەرگ حوکمدراوێک، شەو بە رۆژ دەگەیەنم، دەستم لە هەموو شتێک هەڵگرتووە، دڵم بە هیچ شتێکەوە نییە، نە دەتوانم خۆم فریوم بدەم، نە هێندە بوێریی شک دەبەم، خۆم بکوژم.)

ئەو رەشبینییەی بە کوندەپەپووی کوێرەوە دیارە، رەشبینییەکی تەنکی بێ بنەما نییە، رەشبینییەکی وجوودییانەی قووڵە و کۆدەکانی بە ئاسانی ناکرێنەوە، یەکێک لەوانەی پەی بە هەندێک لە نهێنییەکانی ئەو کورتەرۆمانە بردووە، (مورتەزا شیرازی)یە کە مامۆستای زانکۆی تاران بوو. خەیام دەڵێت:

(ئەوانەی هێشتا لە دایک نەبوون، ئەگەر دەیانزانی ئێمە لە چ عەزابێکدا دەژین، نەدەهاتنە دنیاوە.) هیدایەت لە کوندەپەپووی کوێردا باسی ئەو عەزابە دەکات.

کافکا نووسینەکانی خۆی لە کن (ماکس برۆد)ی هاوڕێی جێ هێشتبوو، بەو ئومێدەی کە ئەم مرد، ئەو بیانسووتێنێت، سادق هیدایەتیش وەک کافکا، هیچ متمانەی بە نووسینەکانی خۆی نابێت، بۆیە پێش ئەوەی خۆی بکوژێت، کارە بڵاونەکراوەکانی خۆی دەسووتێنێت. تەنیاییەکەی کافکا بێ وێنە بوو، ئەو لەناو (چیک)ەکاندا، ئەڵمان دەبێت،(*) لە سایەی کریستیانەکاندا، جوولەکە دەبێت، سەر بە جوولەکە دەبێت، بەڵام بڕوای بە ئایینەکەیان نابێت. ئەو تەنیاییەی کافکا لای هیدایەت دووبارە دەبێتەوە، ئایا ئەوە لوتکەی تەنیایی نییە، کەسمان دەست نەکەوێت، ڕازی خۆمانی بۆ بگێڕینەوە و لە ناچاریدا هانا بۆ سێبەرەکەمان ببەین؟

(چووم بۆ لای ئاوێنەکە و سەیرێکی ڕووخساری خۆم کرد، وێنەکەم سەیر و نامۆ هاتە بەرچاوم، وای بۆ چووم خۆم و وێنەکەم لە هەمان ژووردا هەڵناکەین، لەوەیش دەترسام، من هەڵبێم و ئەو دوام بکەوێت. من و وێنەکەم لە دوو پشیلە دەچووین کە ڕووبەڕوو بۆ شەڕ بەرانبەر یەکتری وەستابن.) کە چیرۆکی کوندەپەپووی کوێر دەخوێنینەوە، وا هەست دەکەین، سەرقاڵی خوێندنەوەی شیکردنەوەی (فرۆید)ین لە بارەی چیرۆکی (بەدگۆڕان)ی کافکاوە، ئاخر هیدایەتیش، هێندە قووڵ بە ناخی کارەکتەرە سەرەکییەکەیدا ڕۆ دەچێت، دەڵێیت ئوستادی سایکۆلۆژیایە. خاڵێکی هاوبەشی دیکەی نێوان هیدایەت و کافکا ئەوەیە، ئەمیش وەک ئەو، کە دەستی بە گێڕانەوە کرد، وەک زێ ڕێ دەکات و وەستانی بۆ نییە تا دەگاتە کۆتاییەک کە لە سەرەتایەکی نوێ دەچێت.

ڕەنگە لەبەر ئەوەی باپیری قەساب دەبێت، کافکا وەک ڕووەکخۆرێک ژیان بەسەر دەبات، سادقی هیدایەتیش کەسێکی ڕووەکخۆر بووە، ئەمەیش لایەنێکی هاوبەشی دیکەی نێوان ئەو دوو نووسەرەیە. قەساب لە کوندەپەپووی

کوێردا، ڕەمزە بۆ زەبروزەنگ و بە چیرۆکەکانی و بە ژیانی خۆیشییەوە، بە ڕوونی کاریگەریەتیی بوودیزم دیارە. کافکا پێی وابوو، (ژیان نەفرەتی خودایە لە ئینسان و مەگەر بە مەرگ لەم ژیانە هیچە ڕزگاری ببێت.) لای هیدایەتیش: (تەنیا مەرگ، کە لەسەر لێواری ژیان ڕاوەستاوە و بانگمان دەکات، هەموو وەهمەکان تێک دەشکێنێت، ئاخر هەموومان منداڵی مەرگین و هەر مەرگیشە لە دەست فێڵەکانی ژیان ڕزگارمان دەکات.) بۆیە سەیر نییە کە قارەمانی کوندەپەپووی کوێر لە زۆر ڕووەوە لە (گریگۆر سامسا)ی کارەکتەرە سەرەکییەکەی (بەدگۆڕان)ی کافکا دەچێت کە دەبێت بە قالۆنچە.

هەنری باربۆس (١٨٧٣ – ١٩٣٥) لە ڕۆمانی (دۆزەخ)دا، کارەکتەرێکی هەیە، دەرگای ژووری هۆتێلێک لەسەر خۆی دادەخات و خۆی لە دەوروبەر دادەبڕێت، (ڕاسکۆ لینکۆف)ی تاوان و سزای (دەستۆیفسکی)یش لە ترسی ئەوەی نەک دەستگیر بکرێت، زات ناکات لە ژوورەکەی بێتە دەرەوە. (بەو شوێنەدا دەسووڕامەوە، هەر وەک تاوانبار چۆن بە دەوری شوێنی تاوانەکەیدا دەسووڕایەوە.) د. ئیبراهیم ئەلدەسووقی شەتا کە کوندەپەپووی کوێری کردووە بە عەرەبی، دەڵێت: (لەوە دەچێت هیدایەت ئەو دەربڕینەی لە تاوان و سزاوە هێنابێت.) ئەگەر لای هیدایەت، بۆ مۆتەکەی نێو تابلۆکانی (سیلڤادۆر دالی)یش بگەڕێین، نائومێد نابین. (خەڵکی شارەکە هەموویان مردنێکی سەیر مردبوون، لە جێی خۆیاندا بووبوون بە پەیکەر، یەکی دوو دڵوپەخوێن بە دەمیاندا هاتبووە خوارەوە، دەستم بەر هەر یەکێکیان کەوتبا، سەری لە جەستەی جوێ دەبووەوە.)

کە ١٩٥٣ کوندەپەپووی کوێر بە فەرەنسایی بڵاو دەبێتەوە، ڕۆجیە لیسکۆی ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسا، ١٩٥٤ هەڵی دەسەنگێنێت و هیدایەت لەگەڵ (ژیرار دو نێرڤال)دا (١٨٠٨ –١٨٥٥) بەراورد دەکات. ڕەخنەگری فەرەنسایی، (ئەندریە ڕوسۆ)یش لە هەفتانە (دی ڤیگارۆ)ی ئەدەبیدا، لە بارەی کوندەپەپووی کوێرەوە دەڵێت: (هەرچەندە لەژێر کاریگەریەتیی ئەدەبی خۆرئاواییدا نووسراوە، بەڵام چیرۆکێکی خۆرهەڵاتییە و ڕەنگدانەوەی خەیاڵی

بە ئەفیوون ئالوودەبوویەکە و ئاوازی خۆشویستنی مەرگی لێ هەڵدەستێت، مەرگێک کە لە نەمرییەوە نزیکە.) کوندەپەپووی کوێر کە لە ڕوانگەی (ئەندریە بریتۆن)ەوە (بەرهەمێکی باڵایە) و ڕۆمانێکە لەبری مەرەکەب بە ئەفیوون نووسراوە.

هیدایەت کە چیرۆک دەنووسێت، هەر زوو لە ڕێی سەرەتایەکی چڕەوە، دەچێتە سەر کرۆکی ڕووداوەکە و بە کەمترین وشە لایەنەکانی ڕۆشن دەکاتەوە، نزیکەی هەمیشە چیرۆک لای ئەو وەها کۆتایی دێت کە خوێنەر چاوەڕێی ناکات و هەر کارەکتەرەیش ڕۆڵی کاریگەری خۆی هەیە، تەنانەت ناوی کارەکتەرەکانیش بە هۆشیارییەوە هەڵدەبژێرێت، هەر ناوە و مەبەستێکی لە پشتەوەیە و ئەتمۆسفیری چیرۆکەکانیش لەگەڵ هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکاندا دەگونجێن. خۆڕسکی بە چیرۆکی هیدایەتەوە دیارە، دیالۆگ بە زمانی میللی دەکرێت و تەنانەت دیالێکتە جۆراوجۆرەکانیش، وەک شێوەزاری شیراز یان مازندەران، بایەخیان پێ دەدرێت و خوێنەر بڕوا بە گوتوبێژی نێوان کارەکتەرەکان دەکات.

لە کوندەپەپووی کوێردا، چیرۆکبێژ پشت بە بیۆگرافیای خۆی دەبەستێت و بۆ سێبەرەکەی کە بە هۆی تیشکی چراکەوە، بەسەر دیوارەکەوە دیارە، دەدوێت، تا خۆی پێ بناسێنێت. هیدایەت ڕۆمانەکەی بە زمانێک نووسیوە، هەندێ جار لە شیعر جوانترە: (چاوە تورکمانییەکانی هاوزەمان دەیانترساندیت و کەمەندکێشیشیان دەکردیت، جووڵە هاوسەنگەکانی لە هی کچە سەماکەرێکی نێو پەرستگایەکی هیندی دەچوون، جەستەی هەر لە هی ژنێک دەچوو، تازەکی ئامێزی مێردەکەی جێ هێشتبێت.) یان: (دەرگاکەی بە کراوەیی کە هەر لە دەمی مردوو دەچوو، بەجێ هێشتبوو.) یان: (زۆر کەس بە هێوری و بە کاوەخۆ دەمرن، وەک چرایەک کە نەوتی لێ دەبڕێت و خامۆش دەبێت.)

نەک هەر بەسەر کوندەپەپووی کوێردا، ڕەشبینی باڵی بەسەر زۆربەی چیرۆکەکانی هیدایەتدا کێشاوە و ژیان تێیاندا سەرچاوەی تێکشکانە،

کارەکتەرەکانی کەسانێکن ڕووخاو و هەڵاتوو ئەگەر ململانێیش بکەن، تووشی نسکۆ دەبن و تەنانەت هەندێک جار هانا بۆ خۆکوشتنیش دەبەن. قارەمانی گەڕەکی گۆڕستان، شۆڕش وەک بڵقێک دەبینێت کە زوو دەتەقێت و بزر دەبێت، خۆکوشتنیش بە قەدەرێک دەزانێت کە ناتوانین لە دەستی هەڵبێین. لە (قەڵای نەفرەت)یشدا، پێمان دەڵێت: (ژیان زیندانێکە، ئەوپەڕەکەی مەگەر بتوانین، هەندێک نەخش و نیگار لەسەر دیوارەکانی هەڵبکۆڵین، ئینسان بەردەوام خۆی فریو دەدات، بەڵام ڕۆژێک دادێت، لە خۆفریودانیش بێزار دەبێت.) ئەو ڕەشبینییەی هیدایەت خەوش نییە، هەڵوێستە لە ژیان، ئەوەیش هەر زادەی ڕەشبینییە کە لە (گۆی مرواری)دا، گاڵتەجاڕانە ژیان دەداتە بەر ڕەخنە. (ئەم دنیایە بۆ من نییە، بۆ کەسانی ڕووقایم و نزم و چاوبرسییە، کەسانێک کە سەگئاسا، لەبەردەم دووکانی قەسابدا، بۆ پارچەئێسکێک کلکەلەقێیانە.)

(من نازانم خۆم لە کوێم، ئەو پارچە ئاسمانەی لە ژوور سەرمەوەیە و ئەو بستە زەوینەی لەسەری دانیشتووم، نازانم سەر بە نیساپوورن یان بەڵخ؟) کوندەپەپووی کوێر کە قارەمانی کورتە ڕۆمانەکەیە، نە هەست بەوە دەکات سەری لەژێر کام ئاسماندایە، نە دەزانێت پێی لەسەر کام زەوینە. ئەو لە هیچ دڵنیا نییە، نەک هەر شوێن، تەنانەت هەست بە وەختیش ناکات، لە هەبوونی خۆیشی دڵنیا نییە و کە سەیری ئاوێنە دەکات، خۆی ناناسێتەوە و پێی وایە، (بوونێکە لە پاش مەرگ جێ ماوە، تەرمێکی زیندووە، لە چرکەساتێکی حسابنەکراودا نێژراوە.)(**) ئایا ئەوە لوتکەی بێهوودەیی نییە، ئەگەر پێمان وابێت: (ئینسان گیاندارێکە بە دەم دەست پێ دەکات و لە ڕێی ڕیخۆڵەوە دەگاتە دەزگای زاووزێ و کۆتایی دێت؟) قارەمانی کوندەپەپووی کوێر لەدنیای واقیعدا لە خۆشی بێبەشە و بە هۆی ئەفیوونیشەوە دنیایەکی خەمناکی بۆ خۆی چێ کردووە و چاوەڕێی ئەوەیە لەسەر هەڵەیەک کە نەیکردووە، سزا بدرێت.

کوندەپەپووی کوێر کە زادەی نائومێدی، بێهوودەیی و ڕەشبینییە، بە دوو

هێڵ چیرۆکێک دەگێڕێتەوە کە بەشێکی وەک خەون وایە و ئەوی دیکەی (ڕووداو،) بەڵام هەردوو بەشی چیرۆکەکە تەواو لە یەکدی دەچن، ئەمیان کە خەونە وەک واقیع وایە و ئەویان کە واقیعە، لە خەونەوە نزیکە. لە کوندەپەپووی کوێردا، واقیع لەگەڵ وەهمدا گەلێک جار وەها لێک دەئاڵێن، لێک جوداکردنەوەیان، شتێکە وەک مەحاڵ. هەر کارەکتەرێک لە دنیای وەهمدا هەبێت، یەکێک بەرانبەری لە دنیای واقیعدا هەیە و تێکەڵ بە یەکتر دەبن، تەنانەت قارەمانی کوندەپەپووی کوێر کە دوو ژیانی هەیە و یەکێکیان زادەی کاریگەریی ئەفیوونە، ددان بەوەدا دەنێت کە گومانەکانی لە ڕاستی زێتر ئازاری دەدەن و شکی لە هەموو کەسەکانی دەوروپشتی خۆیەتی.

جەلال ئال ئەحمەد دەڵێت: (تەنیاییەک لە کوندەپەپووی کوێردا هەیە، هەر لە تەنیایی یۆگا دەچێت و هەڵاتنێکی تێدایە، وەک هەڵاتنی خۆرهەڵاتی لە خودی خۆی. کە کارەکتەرەکان لە خەون و بێداریدا دووبارە دەبنەوە، دەشێت ئەو بەیەکبوونە، زادەی دنیابینییەکی سۆفییانەیە بێت.) یان وەک بوودییەکان دەڵێن: چونکە (مردن کردنەوەی دەرگایەکە بە ڕووی ژیانێکی دیکەدا،) ڕەنگە قارەمانی کوندەپەپووی کوێر بڕوای بەوە هەبووبێت کە لە (دوای مردن ڕۆحمان دەچێتە جەستەی کەسێکی دیکەوە،)(***) ئەوە نییە دەڵێت: (پێ دەچوو ناویم زانیبێت و بە تیشکی چاوی و ڕەنگی پێستی ئاشنا بووبێتم، وەک گیانی هەردووکمان دراوسێ بووبن و هەمان سەرچاوەیان هەبووبێت و ئەوە کارێکی پێویست بووبێت کە بە یەک بگەین و ببین بە یەک.)

ئەوە نیگەرانییەکی وجوودییانە بوو، هیدایەتی بەرەو دنیای نووسین برد، ئاخر ئەو غەیری وشە، هیچ نوایەکی دیکەی شک نەدەبرد تا هانای بۆ ببات. ڕەنگە بە هەڵەدا نەچین ئەگەر بڵێین، ئەوە وشە بوو هیدایەتی هەڵبژارد و نووسین قەدەری ئەو بوو، هەر بۆیە خۆڕسکییەک بە چیرۆکییەوە دیارە، هەر دەڵێیت دەنگێکی نهێنی وشەکانی بە گوێیدا چپاندووە و ئەو تەنیا نووسینەوەیانی لەسەر بووە. خۆ ئەوە ڕێکەوت نییە کە هیدایەت هێندە بەسەر هونەرەکەیدا زاڵە، دەتوانێت ئەدەب لە تەلارەوە بهێنێتە نێو خانووە

قـوڕینەکانـەوە، کارەکـتـەری چیرۆک لە قـارەمـانی ئەفسـانەییـەوە بکات بە کەسانی ئاسایی، ڕەوانبێژیی دێرین فەرامۆش بکات و گوتوبێژێکی ئاسان کە لە ویژدانی خـەڵکەوە هەڵدەقـوڵێت، دابهـێنێت. خـۆ ئەوە لە خـۆڕا نیـیـە کـە سـوریـالیسـتێکی وەک فـیلیپ سـوپۆ لە بارەی کـوندەپەپووی کـوێرەوە دەڵێت: (ڕۆمانێکە کورت ناکرێتەوە، ئاخر خۆی کورتکراوەی قەدەری ئینسانە.)

٢٠١٠/١١/٩

(١) صـادق هدايت، البومـة العـميـاء و قـصص أخـرى، ترجـمة و دراسـة: د. إبراهيم الدسوقي شتا، مكتبة مدبولي ١٩٩٠ القاهرة.

(٢) سلمان عزالدين ٢٥/ ٧/ ٢٠٠٧ كل الطرق تؤدي إلى الموت.

(3) Magnus Persson, Den blinda ugglan, 3 november 2010 SvD, Stockholm.

(*) (ئەو سەروەختە چیک لە بن دەستی ئەڵمانیادا دەبێت.)

(**) سـادق هیـدایەت ئەو ڕستـانەی نێوان دوو کەوانـەکەی لـە شاعیـری ڕۆمـانتیکی ئینگلیـز، جـۆن کـیتس (١٧٩٥ – ١٨٢١) قـەرز کـردووە کـە پێی وابوو: (جـوانی حەقیقەتە و حەقیقەتیش جوانییە.)

(***) دۆناودۆن.

# ڕیسکێک کە ڕیسەکە دەکاتەوە بە خوری

حەقیقەتی من، بێ ماسک و تەنانەت بێ هیچ ئارایشتێکیش، ئەوەیە کە لەنێو نووسینەکانمدایە، یان ئەوەی لەنێو نووسینەکانمدایە، لای کەم نیوەی حەقیقەتی منە و لە ڕۆماندا بۆ نیوەکەی ترم دەگەڕێم. من شیعریش دەنووسم، هەر شیعرێکی من بگریت، پارچەیەکە لە ڕۆحم، ئەوە بۆیە خوێنەر هەمیشە وای بۆ دەچێت، لەودیو هەر شیعرێکمەوە، چیرۆکێکی ڕاستەقینە هەیە. چونکە نزیکەی هەموو وەخت و توانام بە خوێندنەوە و نووسین بەخشیوە، ئەوە بۆیە خوێنەرانم پێیان وایە، ئاوی ژیان لە گۆزەی نووسینم دەتکێت و زۆر لە نووسەرانیش حەزیان لێیە، بۆچوونی من لە بارەی بەرهەمی خۆیانەوە بزانن.

نازانم ئێوە بە خوێندنەوەی چییەوە خەریکن؟ من پێم خۆشە بەردەوام ڕۆمان بخوێنمەوە، هەندێک جار وا هەست دەکەم، هەموو ئەو وەختانەم لە کیس چووە، کە ڕۆمانم تێیاندا نەخوێندووەتەوە. یەکێک لە ئاواتە دێرینەکانم ئەوەیە، توانیبام هەموو ژیانم بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان تەرخان کردبا. ئەم هەفتەیە سێ ڕۆمانی کورتم خوێندەوە کە دەکرێت چیرۆکی درێژیشیان پێ بڵێین، یەکەمیان (پەیکەری فەرهاد)ی[1] عەباس مەعرووفی کە (توانا ئەمین) کردوویە بە کوردی، دووەمیان (پەسندانی باوەژن)ی[2] ماریۆ ڤارگاس یۆسا کە ساڵح عەلمانی کردوویە بە عەرەبی و سێیەمیان (گوڵباران و پیاوە بۆگەنەکان)ی[3] کاروان عومەر کاکەسوور.

(هەموو خێزانە بەختیارەکان، بە هەمان شێوە بەختەوەرن، بەڵام هەر خێزانێکی بەدبەخت بگریت، بە شێوەیەکی تایبەت بە خۆی بەدبەختە.) ئەوە دەستپێکی (ئانا کارنینا)یە کە تۆلستۆی نووسیویەتی، ئەو ڕۆمانەی ولیەم فۆکنەر پێی وابوو، ڕۆمانی لەوە مەزنتر نەنووسراوە و دەستۆیفسکییش وای

بۆ دەچوو، ڕەنگە تاقە ڕۆمان بێت، هیچ کەلێنێکی هونەریی تێدا نەبێت. ئانا کارنینا پردێک بوو لە نێوان ڕۆمانی سەر بە ڕیالیزم و ڕۆمانی نوێدا، ڕەنگە ڤێرژینیا وۆلف، جەیمس جۆیس و ولیەم فۆکنەر، بە کۆمەکی ڕاشکاوییە خۆڕسکەکەی ئانا کارنینا، ڕێبازی شەپۆلی هۆشیان داهێنابێت. کە ستاندالّ دەڵێت: (مەگەر لە ڕۆماندا، ئەگەر نا، هیچ حەقیقەتێک بە هەموو وردەکارییەکانییەوە باس ناکرێت،) دەشێت مەبەستی ڕۆمانێکی وەک ئانا کارنینا بێت.(٤)

کوندەپەپووی کوێر کە شاکارێکە سادق هیدایەت (١٩٠٣ – ١٩٥١)ساڵی ١٩٣٧ لە هیندستان نووسیویەتی و بە باوکی چیرۆکی نوێی فارسی ناسراوە، کە ڕۆمانێکە خەمی لێ دەچۆڕێت و وێنەیەکی تەڵخی ژیان نیشان دەدات، کە وەک کارەکانی کافکا، تەکنیکی خەونی تێدا وەگەڕ خراوە و باس لە بێهوودەیی و بێکەڵکیی ژیان دەکات، دەستپێکێکی هێندە جوانی هەیە، ڕەنگە ئەوانەی شەیدای خوێندنەوەی ڕۆمانن، لەبەریان بێت: (لە ژیاندا برینگەلێک هەن، وەک خۆرە، بە کاوەخۆ، لە تەنیاییدا ڕۆح بنکۆڵ دەکەن، بە بێدەنگی دەیخۆن و نایشکرێت لای کەس باسی ئەو برینانە بکەین...) عەباس مەعرووفی بۆ نووسینی پەیکەری فەرهاد پشتی بە کوندەپەپووی کوێر بەستووە، جیاوازیی سەرەکیی دوو ڕۆمانەکە ڕەنگە هەر ئەوە بێت، لای سادق هیدایەت، چیرۆکبێژ پیاوە و لای عەباس مەعرووفی، ژنە.

هەرچەندە سادق هیدایەت خەمگینێکی ڕەشبین بووە و وای بۆ چووگە، ئینسان ناتوانێت خۆی لە دەست چارەنووسی خۆی ڕزگار بکات، بەڵام لە کارەکانیدا، ژن سیمبۆلی یاخیبوونە لە دواکەوتوویی، عەباس مەعرووفی کە لە پەیکەری فەرهاددا ژنە بێدەنگەکەی کوندەپەپووی کوێری هێناوەتە قسە و ڕۆڵی چیرۆکبێژی پێ سپاردووە، هەر لە هەمان ڕوانگەی ژندۆستییەوە بووە. ڕەنگە لایەنی لاوازی پەیکەری فەرهاد ئەوەبێت کە مەعرووفی خوێنەری ناچار کردووە، بۆ ئەوەی لە ڕۆمانەکەی وی تێبگات، پێویستە بچێت سەرلەنوێ کوندەپەپووی کوێری سادق هیدایەت بخوێنێتەوە، بە مەرجێک دەق نابێت

پێویستی بە کۆمەکی دەرەوەی خۆی هەبێت.

بۆ ئەوەی ڕۆمانێک لە فارسییەوە بکەین بە کوردی، پێویستە پێشەکی خۆمان فێری کوردی بکەین، ئاخر با فارسیزانێکی باشیش بین، ئەگەر کوردییەکی باشمان نەزانی، لە کارەکەماندا سەرکەوتوو نابین، هەرچەندە ئەز بروام بەوە نییە، کەسێک لە زمانی دایکیدا لاواز بێت و لە هی بێگانەدا بەهێز. لایەنی خراپی وەرگێڕانەکەی توانا ئەمین ئەوەیە، خوێنەر بۆ ئەوەی لە دەقە کوردییەکە تێبگات، پێویستی بەوەیە، هەم فارسی و هەم عەرەبیش بزانێت! من لەگەڵ ئەوەدا نیم، دەرگای زمانی کوردی بە ڕووی وشەی بێگانەدا دابخەین، وەلێ کە وشەی کوردیمان هەبێت، چ پێویست دەکات، هانا بۆ هی بێگانە ببەین؟

لێرەدا سەرنجی خوێنەر هەم بۆ ئەو هەڵانە ڕادەکێشم کە وەرگێڕ زیاتر لە جارێک کردوونی و هەم بۆ ئەو وشە بێگانانەیش کە هەر یەکێکیانی چەندان جار بەکار هێناوە. لەبری (مستیلە) ئەنگوستیلە دروستە. بونیام، هەڵەیە، ئەوە بەنی ئادەمە، نەسیم، شنە یان سروەیە. چەند ساڵیت کچە گیان؟ کچە هەڵەیە، کچێ دروستە، ئاخر کچ مێیە، ئەوە نییە دەڵێین: پوورێ یان خوشکێ، بەڵام بۆ نێر دەبێژین: کاکە یان مامە. توونیم بوو، هەڵەیە، تینووم بوو، ڕاستە. مژۆڵی سواڵکردن بوو، مژۆڵ، برژانگە، خەریکی دەرۆزەکردن بوو، دروستە. موعجیبم بە تۆ، موعجەب ڕاستە و سەرسام کوردییە. قورگێکی ئاڵتوونی، ئاڵتوون، تورکییە، ئاڵتوونی، دەربڕینێکی عەرەبییە، زێڕین، دروستە. عەشق، هەڵەیە، عیشق ڕاستە. گوشی، مەبەستی بیستۆکی تەلەفۆنە!

سەرنجی ئەم کوردییە بدەن: تەعزیمی نواند، حایر مابوو، قیافە، ئەسڵەن، موشەبەک، موزاحیم، موجامەلە، غرور، کەپس، شەهامەت، هیجران، ویساڵ، تەفسیر، دەسشوویی، شوێنها، دەنگەها، شتها، ساڵها، ئەسپەها، میوەها. چەندان جار (پەروانە)ی نووسیوە، وەک پەپوولە وشەیەکی ئێسکگران بێت! (دەنگی تەپڵی گەورە و بچووک دەهات، هەموویان پێکەوە بە سەروایەک.) سەروا پاشبەندە، بە عەرەبی قافیەی پێ دەڵێن، ڕەنگە وای بۆ چووبێت،

سەروا، کێشە. (سکەمان خستە دەست ئەو پارەگۆڕانەوە تا بۆمان کاش بکەن.) بە ڕاست ئەوە بە کوردیکردنە یان بە پەند کردن! سەگێک لە دوورەدەست دەوەڕی، دوورەوە، دروستە. جەنازە بە شان، مەبەستی لە جەنازە، تەرمە، وەک تەرم تفەنگ بێت و بکرێتە شان!

توانا ئەمین وەک خۆی نووسیویەتی، هەمیشە عەتا نەهایی بۆی نووسیوە، (وەرگێڕانی ڕۆمانی پەیکەری فەرهاد، ڕیسکە،)[٥] کەچی ئەو تێبینییە وردەی ڕەچاو نەکردووە و چووە بە گژ وەرگێڕانیدا و بەو ڕیسکەی، ڕیسەکەی عەباس مەعرووفیی کردووەتەوە بە خوری! کەریمی حیسامی یادی بەخێر، بە تەوسەوە دەیگوت: کوردی باشوور کە بە فڕۆکە بە ئاسمانی ئێراندا ڕەت دەبن، فێری فارسی دەبن! ئەوە بۆیە نزیکەی هەمیشە کە ڕۆمانێکی لە فارسییەوە بە کوردی کراو، دەخوێنینەوە، نائومێد دەبین. بۆ ئەوەی ڕۆمانێکی ئاڵۆزی وەک پەیکەری فەرهاد وەربگێڕین کە تێیدا گەلەک تەکنیکی نامۆ بەکار هێنراوە، کە تێیدا خەون تێکەڵ بە ڕاستی بووە، سنووری نێوان ورێنە و ڕووداو بزرە و واقیع بە ئەستەم لە خەیاڵ جوێ دەکرێتەوە، پێویستە وێڕای زمان، لە هونەری گێڕانەوەیشدا شارەزاییمان هەبێت، ئەگەر نا، ڕەنگە گوڵدانی تێکستەکە بە دەستمانەوە بشکێت.

پەراوێزەکان:

(١) عەباس مەعرووفی، پەیکەری فەرهاد، وەرگێڕانی: توانا ئەمین، بڵاوکراوەی ئاراس ٢٠٠٩ هەولێر.

(٢) إمتداح الخالة، ماريو بارغاس يوسا، ترجمة: صالح علماني، ألطبعة الثالثة ٢٠٠٧ دار المدى، دمشق.

(٣) کاروان عومەر کاکەسوور، گوڵباران و پیاوە بۆگەنەکان، ل١٦ تا ٣٧ ڕامان، ژمارە ١٦١ ئۆکتۆبەری ٢٠١٠ هەولێر.

(٤) علي الشوك، الوقوع في حب آنا كارنينا ٣١/ ٠٨/ ٢٠١٠ الحياة.

(٥) سەرچاوەی یەکەم، ل٩

(*) risk سەرچڵی، پڕکێشی.

## گەڕانەوە بەرەو منداڵی

(کارەسات ئەوە نییە، جەنەڕاڵیک هاتوچۆ لە
شەقامەکاندا قەدەغە بکات، ئەوە کارەساتە،
هاتوچۆی وشە لە ناخماندا قەدەغە بێت و
ترس وامان لێ بکات، زاتی ئەوەمان نەبێت،
قسەی دڵی خۆمان بکەین.)

ئارنستۆ ساباتۆ

ڕۆمانـنووس سـەرقـاڵی گـوتنەوەی دەرسی مـۆراڵ نابێت، لێ دەگـەڕێت کارەکتەرەکان جێپەنجەی خۆیان بەسەر ڕووداوەکانەوە جێ بهێڵن، لە هەمان دوورییـەوە سـەیری هەمـوو کـەسـایەتییـەکـان دەکـات و وا ناکـات ئەم کارەکتەرەمان خۆش بوێت و قینمان لەوی دیکە ببێتەوە. دەقی ئەدەبی هێندە سنوورنەناسە، تەنانەت ئەو مەرزەیش کە ژانرە ئەدەبییەکان لە یەکدی جیا دەکاتەوە، دەسڕێتەوە. دەقی ئەدەبیی باڵا هەستێکمان لە کن دروست دەکات، پێمـان وابێت، ئەوە واقـیـعـە کـە بەشـێکە لە تێکسـتـەکـە، نەک دەقـەکـە ڕەنگدانەوەی واقیعێکی دیاریکراو بێت.

ڕۆمانی (پاسەوانی کێڵگەی هەرزن)ی جیرۆم داڤید سالینگەر (١٩١٩ – ٢٠١٠) کە ناوەکەی لە گۆرانییەکەوە هاتووە، تێکستەکەی ڕۆبێرت بێرنز نووسـیویەتی، لە ١٩٥١ دا بڵاو دەبێتەوە. ئەوە لە خۆڕا نییە کە وەرگێڕی سوێدی ناوی (ڕزگارکەر لە تەنگانەدا) لەو ڕۆمانە دەنێت، ئاخر هەموو هەوڵی (هوڵدن کۆڵفیلد)ی قارەمانەکەی بۆ ئەوەیە، منداڵان لە گەورەبوون ڕزگار بکات و ڕێ نەدات لەسەر دوندی منداڵییەوە بگلێن و بکەونە ناو خەرەندی

گەورەبوونەوە. ئەوەیش بۆ خۆی خەمێکی گەورەیە، ئینسان کە لە لوتکەی منداڵییەوە، دەکەوێتە نێو دۆڵی گەورەبوونەوە، کە لە دنیایەکی بێگەردەوە، دەکەوێتە ناو دنیایەکەوە کە تەژییە لە دووڕوویی، هەست بە ئازاری ئەو کەوتنەخوارەوەیە ناکات. ڕەنگە جیاوازیی سەرەکیی نێوان منداڵی پاک و گەورەی دووڕوو ئەوە بێت، ئەمیان لە پێناوی مەسەلەیەکدا خۆی بە کوشت دەدات و ئەویان لە پێناوی مەسەلەیەکدا دەژی. چونکە لە ڕوانگەی هۆڵدنەوە، بێجگە لە منداڵان، ئەو خەڵکە هەموویان، دووڕوون، بۆیە خەو بەوەوە دەبینێت، دوور لە کۆمەڵ، بە تەنیا لە کووختێکدا بژی. جەی دی سالینگەر ئەو خەوەی قارەمانی ڕۆمانەکەی دێنێتە دی و خۆی وا دەژی وەک قارەمانەکەی دەخوازێت.

گەورەکان هەمیشە هۆڵدن نائومێد دەکەن، تەنانەت کە نیوەشەوێکی سارد، هانا بۆ ماڵی مامۆستایەکی دێرینی بەساڵداچووی خۆی دەبات، مامۆستا کە بە ڕووکەش پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکات، بەرەبەیان بە نیازی خراپ لێی نزیک دەبێتەوە، ئیدی ناچار دەبێت بەو ناوەختە بچێتە دەرەوە. تاقە کەسێکی جێی متمانە لای هۆڵدن، خوشکە تەمەن دە ساڵانەکەی دەبێت، کە ئەو خوشکەی لێی دەپرسێت: حەز دەکەیت ببیت بە چی؟ دەڵێت: ئەگەر هەلی هەڵبژاردنم بۆ بڕەخسێت، دەخوازم ببم بە پاسەوانی کێڵگەی هەرزن، کە وەک خۆی ڕوونی دەکاتەوە، مەبەستی ئەوەیە، لە کاتی تەنگانەدا فریای منداڵان بکەوێت و ڕێ لە گەورەبوونیان بگرێت، ئاخر گەورەکان لە کن وی، هەموویان دووڕوون، بۆیە ئەوە کارەساتە، ئینسان منداڵیی لە دەست بدات و ببێتە کەسێکی دووڕوو. لە کن هۆڵدن، گەورەکان هەموویان درۆزن و دووڕوون، هەیانە تا بڵێیت لووتی بڵندە، کەچی وەک کەسێکی ساکار و خاکی خۆی نیشان دەدات. هەیانە هیچ حەزی لە چارەت نییە، کەچی کە دەتبینێت دەڵێت: شادم بە دیدارت. هۆڵدن کە باسی ئەو کەسە ناخپووتانە دەکات، خەڵکی دووڕوو وای بۆ دەچن، ئەو قسانەی زادەی ئەوەیە کە هەست بە کەموکووڕی دەکات.

ئەگەر لە خوڵقاندنی ئەو جیهانەدا کە وێنەی دەکێشین، سەرکەوتوو نەبین، ناتوانین وا بکەین خوێنەر بڕوا بەو چیرۆکە بکات کە دەیگێڕینەوە. ئەو تەکنیکانەیشی سەروەختی گێڕانەوە، هانایان بۆ دەبەین، هەر بەو مەبەستەیە متمانەی خوێنەر بە دەست بهێنین. وەک چۆن ئەوە هەڵەیە، شانی دەقێک بە باری ئەم یان ئەو فیکر قورس بکەین، ئەوەیش هەر کەموکوڕییە، سەروەختی گێڕانەوە، خۆمان بدەین بە دەست شەپۆلی ڕستەی شیعرییەوە، ئاخر لە هەردوو بارەکەدا، کەسایەتییەکانمان وەک کارەکتەری کاغەزین دێنە بەر چاوی خوێنەر. داهێنەر وەک چۆن دەتوانێت بە زمانێکی پاراو دەقی جوان بەرهەم بهێنێت، هەر وایش پێی دەکرێت بە زمانێکی تەختەئاسا تێکستی باڵا بنووسێت. ساراماگوا بە زمانێک دەینووسی هێندە وشک بوو، هەر دەتگوت تەختەیە.

جەی دی سالینگەر لە (پاسەوانی کێڵگەی هەرزن)دا، چیرۆکی چەند ڕۆژێک لە ژیانی هەرزەکارێکی شازدە ساڵان دەگێڕێتەوە، هەرزەکارێک کە خەڵکی ساختە و دووڕوو، نائومێد و تووڕەیان کردووە و هیچ متمانەی بە کۆمەڵ نەماوە. ئەوە هۆڵدنی هەرزەکار خۆیەتی لە ڕێی مەنەلۆگێکی درێژەوە، ڕووداوەکان بە زمانێکی ڕۆژانەی زبر و بازاڕی دەگێڕێتەوە، زمانێکی پڕمانا و پتەوی لە تەختە وشک و ڕەقتر، زمانێک کە سڵ لە بەکارهێنانی دزێوترین وشە ناکاتەوە. زمانی زبر لەم ڕۆمانەدا، لایەنێکی نیگەتیڤ نییە، زمانێکە لەگەڵ کەسایەتیی قارەمانی ڕۆمانەکەدا کە چیرۆکبێژەکەیشە، تەواو دەگونجێت. زمانی کەسێکی نائومێد، تووڕە و بێ ئامانج، کەسێک کە ژیانی بریتییە لە بۆشایی و تەنیایی، کەسێک کە بە دەست خەمۆکییەوە دەناڵێنێت، کەسێک کە تازەکی ئامێزی دنیای منداڵیی پڕ دڵنیایی جێ هێشتووە، کەسێک کە هەمیشە نۆستالژیای بۆ ژیانی خاوێنی منداڵیی هەیە. سالینگەر کە لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا بەو زمانە توندە نووسیویەتی و باسی لە کڕینی سێکس و تەنانەت لە هاوڕەگەزبازیش کردووە، بۆ ئەو سەردەمە، ئەوە بوێرییەکی کەموێنە بووە.

کرۆچە دەڵێت: (ڕەخنەگر لە عەرشی داهێناندا، دێتە سەر چۆک، بەرانبەر داهێنان خۆی لێ نابێتە دادوەر و داهێنەر ناداتە بەر ڕێژنەی مۆچیاری. ڕەخنەگر بە هۆشیارییەوە هەست بەو لایەنانەیش دەکات کە زادەی نەستی داهێنەرن.) ڕەخنەگر، نیزار قەبانی گوتەنی: (کەسێکە بە چاوی سێیەم، ئەو دیمەنانە دەبینێت کە خوێنەر نایانبینێت و بە گوێی سێیەم ئەو ئاوازانە دەبیستێت کە گوێگر نایانبیستێت.) ڕەخنەگر دەزانێت، جوانترین و گەشترین گوڵی نێو دڵگیرترین گوڵزار، سیس دەبێت و هەڵدەوەرێت، ئەوەی هەمیشە بە گەشی دەمێنێتەوە، گوڵی نێو ئەو دەقانەیە کە دەکەونە خانەی داهێنانەوە. ڕەخنەگر لە بەرانبەر داهێناندا بێلایەن نییە، هەمیشە لایەنی داهێنان دەگرێت و ناچارە داهێنەری خۆش بوێت و دژی ئەوانە بێت کە لە بایەخی داهێنان کەم دەکەنەوە. دەقێک کە پێی بڵێین داهێنان، نە سنووری هەیە، نە چوارچێوەیەکی دیاریکراو، لەنێو فۆرمی داهێناندا، وەک بودلیر بۆی چووە: (جێی گۆرانییەکانی ناخ و شەپۆلەکانی خەون و هەڵچوونەکانی ویژدانیش دەبێتەوە.)

ئەوەیش پارادۆکسێکە بۆ خۆی، هەرچەندە ڕۆمانەکەی سالینگەر بەسەرهاتی خوێندکارێکی سەرنەکەوتووی لە خوێندنگە دەرکراو دەگێڕێتەوە، کەچی لە زۆر لە قوتابخانە و کۆلێژەکانی فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا، وەک کتێبی خوێندن بەکار دەهێنرێت و هەرزەکاران وەک کتێبێکی پیرۆز سەرنجی دەدەن. هۆڵدن خەو بەوەوە دەبینێت دنیا جوانتر و ئینسانەکان باشتر بن، وەلێ جار لە دوای جار نائومێدتر دەبێت. ئەو چونکە ڕاستگۆیانە و ڕاستەوخۆ ناخی خۆی دەردەبڕێت، بە ئاسانی دەبێتە زمانحاڵی هاوتەمەنەکانی خۆی و هەرچەندە شەست ساڵێک بەسەر بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکەدا تێپەڕیوە، کەچی هەر دەڵێیت تازەکی نووسراوە، ئاخر سالینگەر توانیویەتی لە ژێ هەرە هەستناکەکەی هەرزەکارانی دنیا بدات و هونەرمەندانە باس لە پاکی و غەریبی و یاخیبوونیان بکات. (هەرزەکاران لە کەناری ڕووبارەکەدان، هاکا لافاو هات و هەموویانی برد، پێویستە فریایان

بکەوین.) ڕەنگە ئەوە پەیامی ڕۆمانی پاسەوانی کێڵگەی هەرزن بێت.

گرنگ ئەوەیە ڕۆماننووس خاوەنی زمانێکی هێندە دەوڵەمەند بێت کە توانای ئەوەی پێ ببەخشیت، وردەکارییەکانی هەموو شتەکان بەسەر بکاتەوە، گیان بە بەر کەسایەتییەکاندا بکات، دەروونی کارەکتەرەکانی بهێنیتە گۆ و فیکر و ئارەزوویان بەرجەستە بکات. ئەوە تەنیا زمانێکی زەنگینە وا دەکات، ڕۆماننووس وێنەی شوێنێکی زیندوومان لە زەمانێکی دیاریکراودا بۆ بکێشێت. ڕەنگە یەکێک لە تەکنیکە سەختەکانی نووسینی ڕۆمان ئەوە بێت، نووسەر باسی هەموو وردەکارییەکان بکات، بێ ئەوەی لە کرۆکی بابەتەکە دوور بکەوێتەوە. بۆ ئەوەی خوێنەر بێزار نەبێت، نووسەر ناچارە، توند توند خۆی بە بابەتەکەیەوە ببەستێتەوە و لێی دوور نەکەوێتەوە.

جەی دی سالینگەری ئەمریکایی بە هۆی ڕۆمانی پاسەوانی کێڵگەی هەرزنەوە، کە مانیفێستی ئەوانەیە، دنیای پڕ لە ساختە و دووڕوویی ڕەت دەکەنەوە و لە دەوروبەرێکی پیسدا، بە پاکیی دەمێننەوە، لەسەر ئاستی دنیا ناوبانگ پەیدا دەکات، کەچی لەم سی چل ساڵەی ئەم دواییەی ژیانیدا، بەردەوام خۆی لە ڕووناکی دەشارێتەوە و قسەیەک بۆ ڕاگەیاندن ناکات و لێ ناگەڕێت ژیاننامەی بنووسنەوە. بە پاساوی ئەوەی (هەر چی پێیە لە چیرۆکەکانیدا گوتوونی، ئیدی قسەکردن هیچ سوودی نییە،) هەمیشە خۆی لە دیمانە دەدزێتەوە. سالینگەر دەربارەی دوورەپەرێزییەکەی دەڵێت: (ڕاستە من لەم دنیایەدام، بەڵام بەشێک نیم لێی.) ئەو هەر پێوەندیی بە کچەکەیەوە دەمێنێت، بەڵام کە کچەکەی کتێبێک سەبارەت بە پێوەندیی نێوان خۆی و باوکی بڵاو دەکاتەوە، پێوەندیی لەگەڵ ئەویشدا دەپسێنێت، ئاخر دەیگوت: ئەوە مافی ڕەوای خۆمە کە بزر ببم. گۆگۆڵ کە خەریکە لە نووسینی بەشی دووەمی، دەروونە مردووەکان دەبێتەوە، دەستنووسەکەی دەسووتێنێت، کافکا داوا لە ماکس بروودی هاوڕێی دەکات، ڕۆمانەکانی بسووتێنێت، دەڵێن سالینگەریش چەندان ڕۆمانی دیکەی نووسیوە و بە پاساوی ئەوەی بۆ چێژی خۆی نووسیون، نەک بۆ خەڵک، لە سۆنگەی ئەوەوە کە بڵاوکردنەوە،

دەستدرێژییە بۆ سەر لایەنە تایبەتییەکانی ژیانی نووسەر، لە سندووقێکی ئاسنیندا هەڵی گرتوون و لێ نەگەڕاوە کەس بیانبینێت.

ڕەخنەگری فەرەنسایی ڕۆژیە کابوا دەیگوت: (لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەورووپا مەڵبەندی ڕۆمان دەبێت، لە نیوەی دووەمیدا، ڕۆمان هەواری خۆی بۆ ڕووسیا دەگوێزێتەوە. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، ئەمریکا زێدی ڕۆمان دەبێت، لە نیوەی دووەمیدا، ڕۆمان لاتین ئەمریکا دەکات بە نیشتمانی خۆی.) لە سەدەی ڕابردوودا هەزاران کەس و زێتریش لە لاتین ئەمریکا، خەریکی نووسینی چیرۆک دەبن، کەچی ئێمە هەر چەند ناوێکی وەک بورخیس، ساباتۆ، فارگاس، ئەمادۆ، ئاستۆریاس، فۆینتس، مارکیز و کۆیلۆمان لە یادە. سالینگەریش یەکێکە لەو ناوە دەگمەنانەی وێڕای ئەمریکا، دنیایشی هەژاندووە.

٢٠١٠/٨/٩

(*) ج. د. سالنجر، الحارس في حقل الشوفان، ترجمة: غالب هلسا، دار المدى ٢٠٠٧ دمشق.

## زەوین شاژنێکە تای لێ هاتووە

نە ئەزەل، سەرەتا شک دەبا،
نە ئەبەد، کۆتایی،
(سەرمەد)یش
نە دەستپێک شک دەبا، نە دوایی.

*

لە ئەزەلەوە، هەتاکوو ئەبەد
هەر وابەستەی تۆم،
ئاخر ئەوینی من سەرمەدییە
ئەی ئافرەتی جوان!

دەقی ئەدەبی هەیە هەم نەمریی بۆ داهێنەرەکەی دابین دەکات و هەم لەناویشی دەبات. (تەنیا بە نانی ڕووت) هەر (محەممەد شوکری)ی نەمر نەکرد، لە ناویشی برد، ئاخر دوای ئەو ڕۆمانە، هەر چییەکی نووسی، دەنگدانەوەی نەبوو. تەواو وەک چۆن (دۆنکیخۆتە،) (سێرڤانتس)ی هەم کوشت و هەم نەمریشی کرد. (مەدام بۆڤاری)یش هەمان کارەساتی بەسەر (فلوبیر)دا هێنا. شاعیرێکی سوودانی هەبوو، ناوی (ئەلهادی ئادەم) بوو، ئەوی شیعری (أغدا ألقاك)ی نووسیوە و ئوم کەلسووم بە گۆرانی گوتوویەتی، وەک چۆن ناوبانگی ئەو شاعیرە بەو گۆرانییەوە بەندە، هەر ئەو گۆرانییەیش بوو کوشتی، ئاخر ئەویش هەر چی کرد، نەیتوانی بازنەی ئەو ناوبانگە بشکێنیت و شکۆمەندییەکی دیکە، دوای ئەوە بۆ خۆی تۆمار بکات، تا وای لێ هات، زۆر بەوە نیگەران دەبوو کە پێیان دەگوت، فلان شیعر هی تۆیە. پێ

دەچێت وەک چۆن هێشتا پاولۆ کۆیلۆ لە (کیمیاگەر)ی تێنەپەڕاندووە، هەرچەندە دوای ئەوە چەندان ڕۆمانی دیکەی نووسیوە، (یۆستاین گاردەر)یش ئەو گرفتەی هەبێت و هەر چی بکات، هەر گیرۆدەی دەستی ناوبانگی (دنیای سۆفیا) بێت.

(خوداوەند مامۆستای هونەری خۆحەشاردانە، ئەوە نییە ئەو هەموو شتە دەکات و هیچ شوێنەوارێک لە دوای خۆیەوە جێ ناهێڵێت.) ڕۆمانووسیش پێویستە وەها بکات، هیچ دەستتێوەردانێکی بە کارە هونەرییەکەیەوە دیار نەبێت. خۆشەویستی سەفەرێکە، دەزانین کەی دەست پێ دەکات، بەڵام نازانین بەرەو کوێمان دەبات و کەی دوایی دێت. دەبێت ڕۆماننووسینیش وەک سەفەری ئەوین وابێت، نووسەرەکەی سەرەتا نەزانێت، چیرۆکەکەی چۆن و کەی تەواو دەبێت. ڕۆماننووس چی توانا شک دەبات، دەیخاتە گەڕ بۆ ئەوەی دنیایەکی نوێ بخوڵقێنێت، ئەوە ئەرکی ڕەخنەگرە، ئەو دنیایە بدۆزێتەوە. هەندێک ڕەخنەگر، (ئەوەندە وشک هەڵسوکەوت لەگەڵ دەقدا دەکەن، کڵپەی داهێنان دەکوژێننەوە و باڵی مەلی خەیاڵ دەقرتێنن.) هەمەنگوای دەڵێت: ئەو ڕۆماننووسەی بەو پاساوەی کە خوێنەر نایانزانێت، هەموو وردەکارییەکان شی دەکاتەوە، بەو کارەی ڕۆمانەکە دەشێوێنێت. (دەیڤید مەعلووف)یش دەڵێت: دوژمنی ڕاستەقینەی ڕۆمان، درێژدادڕییە.(١) وا باوە دەڵێن، چیرۆک هونەری گێڕانەوەیە، وەلێ من پێم وایە، چیرۆک هونەری بە چڕی گێڕانەوەیە. ڕۆمانەکانی گاردەر هەرچەندە درێژن، وەلێ چونکە ڕیتمیان خاو نییە، خوێنەر لێیان بێزار نابێت.

ڕۆمانەکانی یوستاین گاردەر هەرچەندە بە باڵی فەنتازیا دەفڕن وەلێ هێندەیش زانستیان تێدایە کە بۆ ئەوە دەست دەدەن وەک کتێبی خوێندن لە قوتابخانەکاندا کەڵکیان لێ وەربگیرێت. دنیای سۆفیا کە ١٩٩١ بڵاو کرایەوە، بۆ دەیان زمان تەرجومە کرا و بیست ملیۆنێکی لێ فرۆشرا، وای کرد نووسەرەکەی هەر بەو تاقە ڕۆمانە، ببێتە نووسەرێکی جیهانی کە ئەمە بۆ خودی گاردەریش شتێکی چاوەڕوانکراو نەبوو. ئەو کە لە نەرویژ مامۆستای

ئایین و فەلسەفە بوو، دوای بە دنیادا بڵاوبوونەوەی (دنیای سۆفیا،) ئیدی پێویستی بەوە نەما، درێژە بە پیشەکەی بدات، ئاخر ئەو ڕۆمانە کارێکی کرد بتوانێت بە نووسین بژی.

لایەنی گرنگ و گەشی دنیای سۆفیا ئەوەیە لە فۆرمی ڕۆمانێکی تەواو هونەریدا، مێژووی فەلسەفە، هەر لە سەردەمی گریکەوە تا سەدەی بیستەم بە سەر دەکاتەوە. ئەو کتێبە هەرچەندە بۆ گەنج نووسراوە، کەچی لەنێو گەورەسالانیشدا خوێنەرێکی زۆری هەیە. ئەوانەی شتێکی وا دەربارەی فەلسەفە نازانن، یان دروستتر ئەوانەی هیچ لە مانای (بوون) نازانن، هەقە هیچ نەکەن، بچن دنیای سۆفیا بخوێننەوە، ئەوانەشی لە بواری سەرهەڵدان و گەشەسەندنی (بوونەوەر)دا زانیاری شک نابەن، هەقە دەستبەجێ دەست بە خوێندنەوەی ڕۆمانی (مایا) بکەن. مایا هەم چیرۆکێکە و هەم کۆمەڵێک چیرۆکی بە نێو یەکدیدا چووە کە پێکەوە ڕۆمانەکە تەواو دەکەن.

کۆمەڵگەیەک کۆیلەی بیر و باوەڕی ئایینی یان نەتەوەیی بێت، وەک دوژمن سەیری ئەوی دیکە دەکات و لەبری ئەوەی ڕێز لە بۆچوونی جیاواز بگرێت، بڕوای وایە، ئەوی لەگەڵ خۆیدا نەبێت، دوژمنیەتی. ئەو دەمارگیری و توندڕۆییە، لای هەر کەس یان لایەنێک هەبیت، زادەی دڵسۆزی بۆ ئەم ئایین یان ئەو نەتەوە نییە، زادەی جەهلە. لە گاردەرەوە فێر دەبین بە گژ توندڕۆیی و دەمارگیریدا بچینەوە. ئەو کە مامۆستای ئایینە فێرمان دەکات عەلمانییانە بیر بکەینەوە. (عەلمانیبوون، لەسەر سێ کۆڵەکە بەندە، دەوڵەت سەر بە هیچ ئایینێکی دیاریکراو نەبێت، خوێندنگە بەرانبەر ئایین بێ لایەن بێت و ڕێز لە ئازادیی ویژدان و بیروڕا بگیرێت.)(٢) دیمۆکراسی و عەلمانیبوون، دووانەکەین، هیچیان بێ ئەوی دیکەیان هەڵناکات، ئەگەر دیمۆکراسی لە ئارادا نەبێت، قسەکردن لە هەبوونی عەلمانیبوون، ئەفسانەیە و بێ هەبوونی عەلمانیبوونیش، دیمۆکراسی تارماییە.

ئایا (هەموو مرۆڤەکانی سەر ئەم زەوینە لە تاقەژنێکی دیاریکراوەوە هاتوون کە چەند سەدهەزار ساڵێک لەمەوبەر لە ئەفریکا ژیاوە؟) یان

هەموویان دەگەڕێنەوە سەر دایە حەوا؟ خوێنەر سەرپشکە، بڕوا بە کام لەو دوو چیرۆکە دەهێنێت، یان دەشێت هیچیان پەسەند نەکات. کە هەورەبروسکەیەک دەبینین، هێندە نابات هەورەگرمەیەکیشی بە دوادا دێت، وەلێ (پازدە ملیارد ساڵ بەسەر تەقینەوە مەزنەکەدا تێپەڕیبوو، ئەوسا گرمەکەی بەر گوێ کەوت.) گرنگترین بیرۆکەی ڕۆمانی (مایا) بریتییە لە: (خولقاندنی ئینسان چەند ملیارد ساڵێکی دەوێت، کەچی مردنی هەر چەند چرکەیەکی پێ دەچێت.) نووسەر لەم ڕۆمانەدا سەرقاڵی گەشتێکی فەلسەفییە بە شوێن و بە وەختدا و بە هۆی ئەو گەشتەوە، تێڕوانینی خۆیمان دەربارەی بوون بۆ ڕۆشن دەکاتەوە و بە هۆی زنجیرەیەک ڕووداوەوە، دیرۆکی گەشەکردنمان هەر لە تەقینەوە مەزنەکەوە تا هەنووکە کە چەند ملیارد ساڵێکی پێ چووە، بۆ دەگێڕێتەوە. ژمارەی کارتەکانی یاریی کاغەز پەنجاودوو دانەیە، مایا بە مانیفێستێک دوایی دێت کە پەنجاودوو بەشە و بە زمانێکی شیعریی کە لە نێوان فەلسەفە و ئاییندا هاتوچۆیەتی، نووسراوە.

یۆستاین گاردەر لە ڕۆمانی (مایا)یشدا دەگەڕێتەوە بۆ پرسیارە بنەڕەتییەکان: من کێم؟ من لە کوێوە هاتووم؟ ئەو پرسیارانەی لە دەوری بوون دەسووڕێنەوە و فەلسەفە بە درێژایی مێژووی خۆی، بە دوای وەڵامەکانیاندا لە گەڕاندا بووە. ڕەنگە ئەدەب لەسەر ئاستی دنیا، ڕۆماننووسێکی دیکە شک نەبات، لە بواری پێکەوە گونجاندنی فاکت و فەنتازیادا، هێندەی یۆستاین گاردەر دەستڕەنگین بووبێت. (تۆ بەد لە مەبەستی من حاڵیی بوویت.) ئەوە یەکێکە لەو پاساوە حازربەدەستانەی سەرومڕ نووسەرەیلی کەمتوانا هانای بۆ دەبەن. ئەوە وەرگر نییە کە توانای تێگەییشتنی نییە، ڕاستییەکەی ئەوە نووسەری ناحاڵییە کە توانای دەربڕینی نییە. با نووسەرەیلی کەمتوانا، سەرنجی یۆستاین گاردەر بدەن کە بە ئاسانترین شێوە باسی قووڵترین کێشە دەکات، ئەوەتا بە ڕوونترین زمان کە خوێنەران لێی تێدەگەن، مێژووی گەشەسەندن و فەلسەفە دەگێڕێتەوە.

هەموو شتێک هەر وەهمە و تەنیا ڕوواڵەتەکەی دەبینین، هەر چی تاقی

بکەینەوە لە وەهم بترازێت، هیچی دیکە نییە و ئەوەی هەستی پێ دەکەین، هەمیشە وەهمە و هەرگیز شتێکی ڕاستەقینە نییە، ئەوە ئەو وەهم و ڕووالەتبینینەیە کە هیندییەکان هەزاران ساڵ لەمەوبەر ناویان ناوە، مایا. مایا هیچ نییە لە ڕۆحێکی سەفەری زیاتر، ڕۆحێکی تیژتێپەڕ، ئاخر تەمەنی ئینسان بە بەراورد لەگەڵ هی گەردووندا، ئەوەندە خێرا تێدەپەڕێت، لە بروسکەیش تیژتر، ئاخر ئینسان ڕۆحێکە لە سەفەردا، ڕۆحێکی تیژتێپەڕ. فرانسیسکۆ دی گۆیا (١٧٤٦ – ١٨٢٨) کە گەورەهونەرمەندێکی ئیسپانیاییە، وێنەی (مایا)ی کە لە کن ئەو ژنێکی جوان بووە، دوو جار کێشاوە، یەکەم جار بە ڕووتی و دووەم جار بە پۆشاکەوە. مایا کە لە زمانی ئیسپانیاییدا بە مانای کچی جوان دێت، ناوی گوڵێکیشە کە لە مانگی (مەی)دا دەپشکوێت و لە چەشنی هەمیشەبەهارە.

(ئایین هەناسەی ساردی کەسانی چەوساوەیە، دڵی جیهانێکی بێ دڵە، ڕۆحی هەلومەرجێکی بێ ڕۆحە و ئەفیونی گەلە.) نەک گەلان، وەک باوە. ئەوە دەقی قسەی کارڵ مارکسە، نەک (ئایین ئەفیونی گەلانە) و هیچی تر. کەواتە لە ڕوانگەی مارکسەوە، لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا کە چەوساوەکان تروسکەی هیچ هیوایەک بەدی ناکەن، ئایین تاقە ئومێدیانە، لەو کۆمەڵگە بێ بەزەییەدا، ئایین دڵە، ئایین ڕۆحی ئەو کۆمەڵگە بێ هەستەیە و لەو کۆمەڵگە ئازاربەخشەدا، ئایین ئەفیونە. ئەوە دوژمنانی مارکسن کە لێکدانەوەی خراپیان بۆ ئەو گوتە جوانە کردووە کە تەنانەت لە ڕوانگەی کەسانی ئاینداری لێزانیشەوە، یەکێکە لە پێناسە جوانەکانی ئایین. ئاخر ئەفیون، ئەگەر بەد بەکاری نەهێنین و خراپ سوودی لێ وەرنەگرین، ماددەیەکی باشە نەک خراپ، ماددەیەکە بۆ شکاندنی ئازار و سڕکردنی ناساغ، سەروەختی نەشتەرگەری. مەبەستی مارکس لە ئایین ئەفیونە، ئەوەیە، ئایین (بۆ چەوساوەکان) ئازارشکێنە. ئەوەی (ئەفیون) لەو دەربڕینەدا، وەک ماددەیەکی هۆشبەر لێک دەداتەوە، یان بەد لە مەبەستی مارکس حاڵیی بووە، یان مەبەستی ئەوی بە هۆشیارییەوە شێواندووە. پوختەی مەبەستی مارکس لەو

گوتەیە بریتییە لە: (لە جیهانی سەرمایەداریدا کە دنیایەکی بێ دڵ و بێ ڕۆحە، ئایین دوا نوایە.)[٣]

بەلزاک هەرچەندە پەنجا ساڵ ژیا، کەچی هەشتا ڕۆمانی لە پاش جێ ما. ئەو هێندە وابەستەی نووسین بوو، جاری وا هەبوو، دنیای نووسین و واقیعی لە کن تێکەڵ دەبوو. ئەوە بۆیە لە سەرەمەرگدا داوای دۆکتۆرێکی کرد، کە دۆکتۆری ڕاستەقینە نەبوو، یەکێک بوو لە قارەمانی ڕۆمانێکی خۆی. بەلزاک دەیگوت: (لەبەر ڕۆشنایی دوو مەشخەڵی نەمردا دەنووسم: خودا و ڕژێمی پاشایەتی،) وەلێ چونکە ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانی دەخستە ڕوو، هیچ گومان لەوەدا نییە کە نووسەرێکی نەک هەر پێشکەوتنخواز، وەک جۆرج لۆکاچ بۆی چووە، بەڵکوو شۆڕشگێڕیش بوو، وەک هوگۆ دەڵێت.[٤] (چونکە ئەم جیهانە بوونی هەیە، ئیدی بۆچی ڕێی تێ ناچێت، جیهانێکی دیکەیش دوای ئەمە پەیدا ببێت؟) کە چەوساوەکان لەم دنیایە نائومێد بن، ئیدی ناهەقیانە خەو بە دنیایەکی دیکەوە ببینن و بە هیوا بن، لەو جیهانەی دیکەدا، دەست لە ملی هیواکانیان بکەن؟

ستیڤان زەڤایگ (١٨٨١ – ١٩٤٢) کە لە لوتکەی نائومێدیدا خۆی کوشت، دەڵێت: (ئێدیۆلۆگی، ئیدی ئایینی بێت یان سیاسی، نەفرەتێکە هەر دیکتاتۆریا بەرهەم دەهێنێت.) ئەوە بۆ داهێنەر وەک حەرام وایە، بانگەشە بۆ ئێدیۆلۆگی بکات. ئێدیۆلۆگی ئەگەر لە ژنێکی جوانیش بچێت، ئەوا ژنێکە لە چەشنی (فیرساویس) کە وەک لە میسولۆژیای گریکدا هاتووە، سەری لەبری قژ بە مار داپۆشراوە. فیکر ئیدی ئاسمانی بێت یان زەمینی، زادەی قۆناغێکە و هێدی هێدی دەبێتە بەشێک لە دیرۆک، ئەوە بۆیە ناچارین، زوو یان درەنگ، دەستبەرداری فیکر ببین، ئەگەر نا، بخوازین یان نا، دەبینە هەڵگری فیکری بەبەردبوو. ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە بۆ نموونە مارکس، بیرمەندێکی بلیمەت بوو. خۆ بەستنەوە بە گرووپەوە، ئیدی شێوەی خێڵی هەبێت یان حیزب، سەرکوتکردنی تاکی لێ دەکەوێتەوە، ئاخر هەمیشە کۆمەڵ، ئازادی لە تاک زەوت دەکات. پۆسیتاین گاردەر هەرچەندە مامۆستای

ئایین و فەلسـەفەیە، کەچی ئەوە بە هیچ ڕۆمـانێکییەوە دیار نییە کە لایەنی ئەم ئایین یان ئەو فەلسەفەی گرتبێت.

بەشـێکی گـرنگی ڕووداوەکـانی ڕۆمـانی مـایا لـە دوورگـەی (تاڤـیـونی) کـە یەکێکە لە دوورگەکانی (فیجی) و دەکەوێتە ئۆقیانووسی (هێدی)یەوە، ڕوو دەدەن. ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین لایەنی ڕۆمانەکە، گوتوبێژی درێژی نێوان (فـرانک) و مـارمـێلکەکە بێت کـە بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی یۆسـتـاین گـاردەر، لە بواری هونەری گێڕانەوەدا سـەر لە هەور دەسـوێت. ڕەنگە گـاردەر یەکـەمین ڕۆمـانـنووس بێت کـە مـارمـێلکەی هێنابێـتـە گـۆ و ڕۆڵێکی سـەرەکـیی پێ بەخـشـیـبێت و ئەوەی فـێـر کـردبێن، (ئینسـان کـە لە بازنەیەکی داخـراودا دەخـولێتـەوە، هەر لە مـارمـێلکەیەک دەچێت کـە گـاز لە کلکی خـۆی بگرێت.) یۆستاین گاردەر لە ڕۆمانی (مـایا)دا پێمان دەڵێت: چونکە ڕەنگە مـرۆڤ تەنیا زیندەوەرێکی ئەم گەردوونە بێت کە خـاوەنی هۆشـیـارییەکی گـەردوونی بێت، چونکە لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی هەڵەی ئینسـانەوە لەگەڵ سروشـتـدا، زەوین تای لێ هـاتووە، بۆیە پـاراستنی ژینگە، تەنیـا بەرپرسـیـارییـەتییەکی جیـهـانی نییە، گەردوونیشە.

هەرچەندە ڕۆمـانەکە بە شـێوەیەکی گـشـتی جـوان تەرجـومـە کـراوە، وەلێ هەندێک جـار بەخت یـاوەری وەرگـێـڕ نەبووە. وەک نمـوونە: (داپۆشـینی ئەو بۆنەیە. ل٦٤) مـەبەسـتی لە داپۆشین، (تغطیة)ی عەرەبییـە، کە (ڕوومـاڵ)ی پێ دەگوترێت. (داپۆشین) شـاردنەوەیە و (ڕوومـاڵ)یش ئەوەیە، (بۆنە)یەک بدرێتـە بەر ڕووناکی، کـەواتە داپۆشـین بە پێچـەوانـەی ڕوومـاڵەوە، فـەرامـۆشـکردنی بۆنەکـەیە. (کاتی خـۆی سـەرۆکـهـۆزەکـانی دوورگـەکـانی فـیـجی، کەسـێـکیـان هەبووە کە ناویان لێ نـاوە: پیـاوی مێشـوولـە، ئیشـیـان ئەوە بووە، بە درێژایی شـەو، بە ڕووتی لە تەنیـشـتیـانەوە دابنیـشن، بۆ ئەوەی مێشـوولەکـان بەوانەوە بدەن و سـەرۆکـهـۆزەکـان بە ڕاشـکاوی بخـەون. ل١١٢) بە ڕاشکاوی بۆ ئەو شوێنە هەڵەیە، (بە هێمنی) دروستە.

ئەگەر زەوین سـەرۆکهۆز بووبێت، ئەوا جوپیتـەر پیاوی مێشـوولە بووە، ئاخر

ئەوە ئەو ئەستێرە گەڕۆکە بووە، وەک گەسکێکی کارەبایی ئەستێرە کشاوەکانی هەڵمژیوە کە هەر یەکێکیان بەس بووە بۆ ئەوەی، نزیکەی هەموو ژیانی سەر زەوین بسڕێتەوە. وەرگێڕ دەنووسێت: (ڕژێمێکی شێواو دەبینم کە لە مانگ و ئەستێرەی گەڕۆک و نەیزەک پێک هاتووە. ل١٨٨) پێم وایە ڕژێم کە زاراوەیەکی سیاسییە، بۆ شێوازی فەرمانڕەوایی دروستە، سیستەم بۆ گەردوون شیاوترە. (بۆن و بەرامەی ڕووەک و درەختەکان چواردەوریان تەنین، بولبول و باڵندەکانیش لە چالاکترین وەرزدا بوون. ل٢٥٤) ئایا درەختیش هەر ڕووەک نییە؟ ئایا بولبولیش هەر باڵندە نییە؟ بەهرۆز حەسەن ڕۆمانەکەی لە دانمارکییەوە کردووە بە کوردی، کەچی بە فۆنتێکی ورد، لە لاپەڕە چواردا ناوی (کامیلا کریستنسن)ی کە وەرگێڕە دانمارکییەکە، نووسیوە، وەلێ ناوی خۆی لەسەر بەرگ بە هەمان قەوارەی ناوی نووسەری ئۆرگینالّ تۆمار کردووە!

٢٠١٠/١/٨

ستۆکهۆڵم

پەراوێزەکان:

(١) عطاالله مهاجراني، السيدة من تل أبيب، ٣ ديسمبر ٢٠٠٩ الشرق الأوسط.

(٢) ئەلعەفیف ئەلئەخزەر.

(٣) ضياء حميو، حقيقة كلمات ماركس ١٦ أكتوبر ٢٠٠٩ إيلاف.

(٤) هاشم صالح، بلزاك في مرآة المثقفين الفرنسيين، ٢٦ نوفمبر ٢٠٠٩ الشرق الأوسط.

(٥) یۆستاین گاردەر، مایا، وەرگێرانی لە نەرویژییەوە بۆ دانمارکی: کامیلا کریستنسن، وەرگێڕانی لە دانمارکییەوە بۆ کوردی: بەهرۆز حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠٠٩ سلێمانی.

## کوردەواری بەدەم گۆڕانەوە

## لە گێڕانەوەی خەزنەداردا

د. مارف خەزنەدار (١٩٣٠ – ٢٠١٠) لە بواری چیرۆکدا سێ کتێبی بڵاو کردووەتەوە: ئەڵەمان کوردی (١٩٦٩ بەغدا)[١] کە بریتییە لە حەڤدە کورتەچیرۆک، لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٦٨ دا نووسیونی. بووکەشووشە (١٩٦٩ بەغدا)[٢] درێژترین کورتەچیرۆکی نووسەرە، بەهاری ١٩٦٤ لە لینینگراد نووسیویەتی و بەرەو ڕۆژ (٢٠٠٦ سلێمانی)[٣] کە پێک هاتووە لە کۆچیرۆکی ئەڵەمان کوردی، بووکەشووشە و شازدە چیرۆکی دیکە کە یەکێکیان: (لە پێناوی دڵپاکیدا،) ١٩٥٢ نووسراوە[*] و ئەوانی دیکەیان لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥ و ١٩٨٤ دا نووسراون. چونکە لە سەرەتای (بەرەو ڕۆژ)دا دەڵێت: (ئەم چیرۆکانە بەشی زۆری بەرهەمی لەم بابەتەمن،) کەواتە هەمووی نین و بێجگە لەم سی و چوار چیرۆکە، هی دیکەیشی هەیە.[**]

د. مارف خەزنەدار هەر لە ئایاری (١٩٦٠)ەوە تا دێسەمبەری ١٩٨٤ کە دەکاتە چارەکە سەدەیەک، بە هەمان شێواز و تەکنیکگەل نووسیویەتی و هێندە ڕاستگۆیانە تاکی کورد و کۆمەڵی کوردەواریی بەسەر کردووەتەوە، دەکرێت وەک بەڵگەنامەی کۆمەڵایەتی سەرنجی چیرۆکەکانی بدرێت و هەندێک جار هێندەی چیرۆک بوار بدات، کەڵکی لە دیرۆکیش وەرگرتووە. ئەوەیش بۆ خۆی جێی سەرنجە، هەرچەندە د. مارف زۆربەی چیرۆکەکانی لە هەندەران نووسیوە، وەلێ شوێنی ڕووداوەکان کوردستانە، ئەم تێبینییە هەر دوو چیرۆکی (بووکەشووشە) و (ئێوە قارەمانن) ناگرێتەوە، کە لە یەکەمیاندا شوێن (لینینگراد)ی بە سوپای هیتلەر گەمارۆدراوە و لە دووەمیشیاندا

هەرچەندە شوێن هەر ڕووسیایە، وەلێ بیری گێڕەرەوە کە خودی نووسەرە، هەر لە کوردستانە. ئێوە قارەمانن، ناوەڕۆکێکی هێندە ئینساندۆستانەی دەوڵەمەندی هەیە، شیاوی ئەوەیە وەک نموونەی چیرۆکی کوردی، بە گەلان بناسێنرێت.

ئەوە زادەی تامەزرۆیی بووە بۆ نیشتمان کە چیرۆکەکان لە غەریبی نووسراون و باسی زێدی نووسەر دەکەن. ئەوە وەک ڕێسا وایە، نووسەر کە هەست بە نامۆیی دەکات، دووچاری گرژییەکی دەروونی دەبێت و بۆ ڕەواندنەوەی گرژییەکە، غەیری نووسین هیچ نوایەکی دیکەی پێ شک نایەت، هانای بۆ ببات. تۆماس مان دەڵێت: (ئەگەر ڕووداوێک لای کەم پێنج ساڵی بە سەردا تێنەپەڕیبێت، مەیکە بە بابەتی چیرۆک! چونکە خەڵکی وا ڕاهاتوون کە باسی ئێستایان بۆ بکەیت، بڕوات پێ ناکەن.) ڕەنگە د. مارف وێڕای نۆستالژیا بۆ وڵات، ئەو مۆچیارییەی تۆماس مانیشی ڕەچاو کردبێت. ئەمانە بێجگە لەوەی تاراوگە وێستگەیەکی بەپیتە بۆ داهێنان، ئاخر هەمیشە سەفەر ئاسۆی دیتنمان بەرینتر و ڕوونتر دەکات. ئاخۆ د. مارف بەر لەوەی دەست بداتە نووسینی کورتەچیرۆک، هیچی لە بارەی تەکنیکی نووسینی ئەو ژانرە ئەدەبییەوە، خوێندووەتەوە؟ پێ دەچێت ئەویش وەک یوسف ئیدریس، پشتی هەر بە سەلیقەی خۆی قایم بووبێت و وای بۆ چووبێت کە شارەزایی لە بواری تیۆریدا، نابێتە هەوێنی لە دایکبوونی داهێنەر.[٤]

شێوازی چنینی چیرۆک لای د. خەزنەدار، بە گشتی لە (سەرەتا، گرێ و کۆتایی)دا، بەو شێوەیەی بە دوای یەکدا دێن، خۆی دەبینێتەوە، نە کات پاش و پێش دەخات، نە یاری بە شوێن دەکات. ئەم سەرنجە بۆ (پێشوازیی خاوەنشکۆ) دروست نییە، ئاخر لەو چیرۆکەدا، لە ناوەڕاستی ڕووداوەکەوە، دەست بە گێڕانەوە دەکات. د. مارف چیرۆک بەو شێوازە دەنووسێت کە تێیدا گێڕانەوە، سنووری لۆگیک نابەزێنێت، لای ئەو چیرۆک زادەی واقیعە ئەفسانەی تێکەڵ نابێت. نزیکەی هەمیشە گێڕەرەوە، چیرۆکبێژی هەمووشتزانە، کەسی یەکەمی بگۆیە و کارەکتەرە سەرەکییەکەی چیرۆکەکەیە.

تەکنیکی (مۆنۆلۆگ)یشی بەکار هێناوە، وەلێ نەک بەو جۆرەی لە چیرۆکی شەپۆلی هۆشدا باوە، ئاخر لە مۆنۆلۆگی ناوەکیدا کە تەکنیکی زاڵی چیرۆکی شەپۆلی هۆشە، کەسی سێیەم لە نێوان گێڕەرەوە و وەرگردا نییە، بۆیە ئەو جۆرە گێڕانەوەیە چونکە لە ناخی کارەکتەرەوە خۆڕسکانە هەڵدەقوڵێت، زێتر جێی متمانەی خوێنەرە.

ئەگەر چیرۆک دوو جۆری هەبێت، یەکێکیان وەک ئەوانەی گی دی مۆپاسان کە بە خاڵێک کۆتاییان دەهات و ئەوەی تریان وەک چیرۆکەکانی چیخۆف کە کۆتاییەکی کراوەیان هەبوو، ئەوا نزیکەی هەموو کارەکانی د. خەزنەدار سەر بە جۆری یەکەمیانە. گێڕانەوە لە کن ئەو، پشت بە بیۆگرافیای نووسەر دەبەستێت. بەرهەمەکانی بازنەی ڕیالیزم جێ ناهێڵن، ئیدی هەر لە ڕیالیزمی بێ کەنارەوە، تا ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە و تەنانەت شۆڕشگێڕانەیش. لە فۆرمێکی هونەریدا، بایەخ بە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی دەدات، خەباتی جووتیاران و کرێکاران بە هێند وەردەگرێت و بە گژ دابونەریتی نامرۆڤانەدا دەچێتەوە.

لە چیرۆکی د. مارفدا، گرژییەک هەیە کە ئێمەی خوێنەر بە نیگەرانی ڕادەگرێت و ناچارمان دەکات، دوای ڕووداوەکە بکەوین، تا بزانین بە کوێ دەگات. لە چیرۆکی ئەودا لە دەنگی گێڕەرەوەدا، هۆشیارییەکی چڕ هەیە کە باس لە تەنیایی ئینسان دەکات. کێ لەو کیژۆڵەیە تەنیاترە کە گوندەکەیان کاول دەکرێت و کەسوکاری دەکوژرێن؟ کێ لە ئەڵەمان کوردی تەنیاترە کە لە وڵاتێکی دواکەوتووی ژێردەستەدا، ئازار بە ئاوەزی گەیشتووە؟ کێ لەوانە تەنیاترە کە لە سایەی جەنگدا لە برساندا دەمرن؟ کێ لە قارەمانەکانی چیخۆف تەنیاترە؟ ببوورن گوتم قارەمان! یەکێک لە مەرجەکانی کورتەچیرۆکی سەرکەوتوو، ئەوەیە (قارەمان)ی تێدا نەبێت، ئەوە نییە لای مۆپاسان، ژنێک کە لە ناچارییەوە سێکس دەفرۆشێت، لای تورگنێڤ، کۆیلە، لای چیخۆف، کارمەندێکی هەژار، دەمرێت و کەسێکی دەست ناکەوێت، ڕازی خۆی بۆ بدرکێنێت و لای د. مارفیش، قوتابییەکی کڵۆڵە کە لەبەر دەستی

بەڕێوەبەرێکی دڵڕەقدا؟(٥)

چیرۆکی کورت هەیە، هەر لەو شیعرە ناسکانە دەچێت کە دەکەونە خانەی لیریکەوە و هیچ دەستتێوەردانێکیان پێوە دیار نییە، هەیە لە سەرگوتاری ئۆرگانی حیزبێکی نەریتخوازەوە نزیکترە وەک لە ئەدەب. بەرهەمی د. مارف نە لەمیان دەچێت و نە لەویان، ئاخر ئەو هەم ئازادی بە کارەکتەرەکانی دەبەخشێت و هەم پلانیش بۆ بونیاد و ڕەوتی کورتەچیرۆکەکانی دادەڕێژێت. چیرۆکنووس هەیە کە دەست بە نووسین دەکات، دەگاتە جێیەک بۆ خۆیشی سەرپرایزە، هەیشە پێشەکی چوارچێوەی تەلاری چیرۆکەکەی ڕۆ ناوە، تووشی میوانی ناوەخت و ڕووداوی لەناکاو نابێت. لە نێوان ئەم دوو شێوازی نووسینەدا، د. مارف لە دووەمیانەوە نزیکترە.

شوێن لای د. خەزنەدار جێگەی بایەخە، بەڵام شوێن بە مانای شاری جەنجاڵ و باڵاخانەی بەرز نا، بەو مانایەی کە لە دیرۆکێکی تەژی لە ململانێ و ڕەسەنایەتی پێک هاتووە. لە چیرۆکدا گرنگ ئەوە نییە، ئەوەی باسی دەکەین، ڕووپەلێک بێت لە دیرۆک، گرنگ ئەوەیە لە ڕووداو بچێت. د. مارف نە ڕووداوی ڕاستەقینە دەنووسێتەوە، نە مێژوو تۆمار دەکات، بەڵکوو ئیلهامیان لێ وەردەگرێت و دەیانکاتە پاڵپشت بۆ چیرۆکەکانی. گێڕانەوەی دیرۆک لای د. مارف زانست نییە، هونەرە، هونەر بەو مانایەی کاتێک سەرگەرمی گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژووییە، کارەکتەرەکانی زادەی خەیاڵن، وەک لە (بووکەشووشە)دا هەستی پێ دەکەین و پێ دەچێت لەو بوارەدا، سوودیشی لە ئەزموونی (واڵتەر سکۆت)ی ئینگلیز و (ئەلیکسەندەر دۆماس)ی فەرەنسایی وەرگرتبێت. ڕەسەنایەتییش لە کن ئەو، زادەی بەسەرکردنەوەیەکی ڕاستگۆیانەی کولتووری کوردەوارییە، بە لایەنە تاریک و ڕۆشنەکانییەوە. لە چیرۆکیدا (سەفەر)یش ئامادەییەکی زۆری هەیە، ئیدی سەفەری جووتیارێک بێت، لە گوندێکەوە بۆ شار، وەک لە (دەروێش کاکەڵڵا)دا وێنەی کێشاوە، یان هی تێکۆشەرێک بێت، لە بەغداوە بێت بۆ هەولێر، وەک لە (سەرینەبۆر)دا تۆماری کردووە، یان هی خوێندکارێک بێت لە بەرلینەوە بۆ مۆسکۆ، وەک لە

(ئێوە قارەمانن)دا ژیانی پێ بەخشیوە.

لە (بووکەشووشە)دا، دوو چیرۆکبێژ هەیە: خودی نووسەر کە پشتی بە بیۆگرافیای خۆی بەستووە و کچەی هاوڕێشی کە بیرەوەرییە تاڵەکانی سەروەختی دووەمین جەنگی دنیاگرەوەی خۆی دەگێڕێتەوە. ڕۆمانی کورت لە بیستهەزار وشەیەک پێک دێت، بووکەشووشە کە درێژترین چیرۆکی د. مارفە، وەک قەوارە هێندە نییە کە بە ڕۆمانێکی کورتی لە قەڵەمی بدەین. جیاوازییەکی دیکەی نێوان چیرۆکی کورت و کورتەڕۆمان ئەوەیە، یەکەمیان باسی (ئەزموون)ێک و دووەمیان باسی (ئەزمە)یەک[***] دەکات، بووکەشووشە بەم پێوانەیەیش، چونکە باسی ئەزموونی منداڵێکی لە ترسی جەنگ هەڵاتوو دەکات، هەر دەکەوێتە خانەی کورتەچیرۆکەوە. (پیرەمێرد و زەریا)ی ئەرنست هەمەنگوای، لەسەر ئاستی دنیا، یەکێکە لە کورتەڕۆمانە هەرە بەناوبانگەکان. کورتە ڕۆمان چونکە سوود لە ڕەگەزەکانی کورتەچیرۆک و ڕۆمانیش وەردەگرێت، بۆیە خاوەنی جۆرە شیعریبوونێکی تایبەت بە خۆیەتی.

بەشێکی گرنگ لە چیرۆکەکانی د. مارف بە هەق نموونەی جوانی (ئەدەبی بەرەنگاربوونەوە)ن، وەک: بۆمبا و قوتابخانە، تفەنگ و دەمانچەی شکاو. لە یەکەمیاندا گوندێکی کوردستان خاپوور دەکرێت و خەڵکەکەی دەکوژرێن. لە دووەمیاندا سەروەختی شۆڕشە، بۆ پێشمەرگەی ماسی، هەم دێهات و هەم شار، ڕۆڵی ئاو دەبینن. لایەنی هەرە جوانی ئەو دوو چیرۆکە ئەوەیە، چیرۆکنووسی دوورە وەتەن، هێندە بە سەر بابەتەکەیدا زاڵە، هەر دەڵێیت، لەناو ڕووداوەکانی شۆڕشدا ژیاوە و کەسێکی وریا کە بە درێژایی شۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگە بووبێت، غەفڵەتێک لەو دوو چیرۆکەدا نابینێتەوە.

لە (خەنجەر و قەڵەم کامەیان؟)دا، خوێندکارێکی کورد خەو بەوەوە دەبینێت، زانکۆ لە شارەکانی کوردستاندا هەبێت و لەژێر گوشاردا زانکۆی بەغدا جێ دەهێڵێت و دەبێت بە پێشمەرگە. لەم چیرۆکەدا بۆ ڕستەی شیعری بگەڕێین نائومێد نابین: (زێی گەورە لەبەر تیشکی زەردەی خۆرئاوادا، وەکوو

زنجیری زێڕ لەناو تەمومژدا دەلەرییەوە.)(****) نێرگزفرۆش، وێڕای ئەوەی جیاوازیی چینایەتی فەرامۆش ناکات، چیرۆکێکە سەر بە ئەدەبی بەرگری، پشتی بە دیرۆک قایمە و دەمانباتەوە بۆ کن بەردەقارەمان کە سیمبۆلێکە بۆ بەرەنگاربوونەوە.(*****) لە چیرۆکی (ئەمەیە ئەنجامی تاوانبار)دا، بۆ چاوترساندنی خەڵک لە ناوەندی شاردا، تەرمی سێ پێشمەرگە فڕێ دەدرێت. ئەوە جێی سەرنجە هەموو ئەو چیرۆکانەی سەر بە ئەدەبی بەرگرین، لە دوورەوڵاتی، لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستی، سەدەی ڕابردوودا نووسراون.

ڕەنگە هەڵە نەبم، ئەگەر بڵێم کورتەچیرۆکنووس هاوزەمان پێویستە شاعیریش بێت، ئاخر پێویستی بەوەیە توانای ڕاوکردنی چرکەساتە تیژتێپەڕەکانی هەبێت، کورتبڕییەکی چڕ ڕەچاو بکات و تاقە وشەیەک بە خەسار نەدات. بووکەشووشە یەکێکە لەو چیرۆکانەی د. مارف کە تێیدا هەست بە هەبوونی زمانێکی شیعری دەکەین: (شەپۆلی قژی درێژ لەسەر سینگە نەرمونۆڵەکەی شڵپوهوڕی بوو.) یان: (دڵۆپە وردەکانی ئارەقە، بە شەوقی چراکە وەکوو مرواری دەدرەوشانەوە.) نەک لە کورتەچیرۆک تەنانەت لە ڕۆمانی کوردیشدا، بە دەگمەن تووشی ڕستەیەک دێین، بە درێژایی تەمەنمان لە هەواری بیرەوەریماندا بمێنێتەوە، ڕستەیەکی جوانی لە چەشنی ئەمەی دۆکتۆر مارف لەسەر زاری کچەی قارەمانی بووکەشووشەوە دەیڵێت: (ئەگەر بە منداڵی مەشقی ڕۆییشتن نەکەین، ڕەنگە بە درێژایی ژیانمان فێری ڕۆییشتن نەبین.) بووکەشووشە یەکێکە لەو چیرۆکە دەگمەنانەی کە دەیخوێنینەوە، بە جۆرێک دیلمان دەکات، بە تەواوبوونی هەست بە نیگەرانی دەکەین و پێمان خۆشە هەر درێژەی هەبێت.

د. مارف لە بازنەی گوند و پێوەندییە فیوداڵییەکاندا گیری نەخواردووە، چیرۆکی هێناوەتە ناو جەرگەی شارەوە و خەباتی نهێنیی تێکۆشەران و خۆپیشاندانی خەڵکی داوەتە بەر ڕووناکی. کارەکتەر لای ئەو هەر پۆزەتیڤ نییە، ڕێ دەکەوێت تەنانەت کەسانی خۆفرۆشیش بن، چیرۆکی (ئیشەکە ناکا) کۆتاییەکی سەرنجڕاکێشی هەیە، کاتێک پۆلیسێک هەست بە ئازاری ویژدان

دەکات و بڕیار دەدات، دەستبەرداری ئیشەکەی ببێت. گۆڕانی کارەکتەر لای د. مارف، وەک هەڵتۆقینی قارچک لەناکاو ڕوو نادات، زەوینەی بۆ خۆش دەکرێت و جێی باوەڕی خوێنەرە، لە چیرۆکی ئەودا نە ڕێکەوت ڕۆڵی کاربڕ وازی دەکات، نە کۆتایی دەبێتە مایەی حەپەسانی خوێنەر. لە (دایکێتی)دا، ئایشەخانی قارەمانی چیرۆکەکە، دێتە خەوی چیرۆکنووسەکەوە، پێم وایە پێش د. مارف، هیچ چیرۆکنووسێکی دیکەی کورد، بیری لەوە نەکردووەتەوە کە دەکرێت قارەمانی چیرۆک هەست بکات غەدری لێ کراوە و خەو لە چیرۆکنووسەکە تاڵ بکات.

ئەوە جێی سەرنجە کە لای د. خەزنەدار گەلەک جار گێڕەرەوەی هەمووشتزان قوتابییەکی قۆناغی سەرەتاییە، کە خودی نووسەرە و سەرقاڵی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی خۆیەتی. کە شوێنی ڕووداو هەولێر دەبێت، کارەکتەرەکان بە دیالێکتی هەولێر دەپەیڤن، وەلێ گێڕانەوە بە کوردییە، نەک بە شێوەزاری ناوچەیەک. کارەکتەرگەلی چیرۆکەکانی د. مارف سەر بە زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەوارین، ئیدی هەر لە ئاغا، مەلا، خەفیە، قوتابی، پێشمەرگە، خەباتگێڕی ناو شار، کارمەندی میری و دەرۆزەکەرەوە تا بە چیرۆکنووسیش دەگات. گێڕەرەوە لە (دڵ و نەتەوە)دا کە کارەکتەری سەرەکیی چیرۆکەکەیشە، قوتابییەکی مێردمنداڵی هەولێرییە، دەکەوێتە داوی عیشقی کیژۆڵەیەکی قەڵاتییەوە و پشت بە بیۆگرافیا دەبەستێت و خەیاڵی شاعیرانەی نووسەر، بەرگێکی ڕۆمانتیکی بە بەر چیرۆکەکەدا کردووە. پێم وایە مەسەلەی هاتنەوەی بابی کیژۆڵەکە لە حەج، کە هێندە بایەخی پێ دراوە و وەک چیرۆکێک وایە لە ناو چیرۆکەکەدا، پاژنەی ئاخیلی ئەو چیرۆکە جوانەیە.

لە ساڵی ١٩٧٣ دا، دڵشاد مەریوانی لە نامیلکەیەکی چل لاپەڕەیی قەوارە گچکەدا، کە ناوی لێ دەنێت: (پێشوازیی خاوەنشکۆ و دوو چیرۆکنووس،)[٦] هەڵسەنگاندنێک بۆ هەردوو چیرۆکی (پێشوازیی خاوەنشکۆ)ی دۆکتۆر مارف خەزنەدار و (پێشوازی)ی (مەحەممەد مەولوود مەم) دەکات، ئەو دوو چیرۆکە

هەمان ڕووداو، سەردانی فەیسەڵی دووەمی پاشای عێراق بۆ هەولێر، بەسەر دەکەنەوە. هەڵسەنگاندنەکەی مەریوانی کە لە قازانجی چیرۆکەکەی خەزنەدار کۆتایی دێت، بریتییە لە هەندێک سەرنج و تێبینی سەرپێیی و ڕەنگە نەکەونە نێو خانەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، ئاخر ئەگەر پێمان وابێت، مێژووی ئەدەب، مێژووی فۆرمە ئەدەبییەکانە یان جیرار جێنییە گوتەنی: دیرۆکی ئەدەب، دیرۆکی کۆدە ئەدەبییەکانە، ئەوا دڵشاد نە باس لە فۆرمی ئەو دوو چیرۆکە دەکات، نە لە هەوڵی لێکدانەوەی هیچ کۆدێکدایە.

بە پێچەوانەی مەریوانییەوە کە بە چیرۆکێکی سەرکەوتووی لە قەڵەم داوە، پێشوازیی خاوەنشکۆ لە کن عەبدولسەمەد خانەقا (کارێکە هەڵگری گەلەک خەوشە و تەژییە لە زێدەڕۆیی.)[٧] یەکێک لە خەوشەکانی ئەو چیرۆکە ڕەنگە ئەوە بێت کە زێدەڕۆیی لە خراپ نیشاندانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەدا کراوە، ئاخر وەک جەللادێکی سەردەمی بەعس، لەوانەی ئیشیان ئەشکەنجەدانی خەباتگێڕان بوو، وێنەی کێشراوە. یەکێک لە پەیامەکانی ئەو چیرۆکە لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە: لە هەر شوێنێک مامۆستا لە قوتابی بدات، لەوێ شتێک نییە ناوی ئازادی یان دیمۆکراسی بێت. لایەنی هەرە جوانی ئەم چیرۆکە ئەوەیە، نووسەر هونەرمەندانە بە ناخی کارەکتەرە سەرەکییەکەیدا کە خودی چیرۆکبێژە و قوتابییەکی دوا ساڵی سەرەتاییە، ڕۆ چووە و لێ گەڕاوە خۆڕسکانە قسەی دڵی خۆی بکات.

(عومەر مەعرووف بەرزنجی) پێی وایە، چیرۆکەکانی دۆکتۆر مارف خەزنەدار واقیعین، ژیانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بەسەر دەکەنەوە و کەلەپووری نەتەوایەتی فەرامۆش ناکەن، وەلێ لە ڕوانگەی ئەو باسکارەوە، وەسفی درێژ، لایەنی لاوازی هەندێک لە چیرۆکەکانی خەزنەدارە، ئاخر چیرۆکی کورت لەبری وەسفی درێژ، با وەسفەکە هونەرمەندانەیش بێت، هانا بۆ بە چڕی نووسین و کورتبڕی دەبات.[٨] خەوشی چیرۆکی دەروێش کاکەڵلا لە کن بەرزنجی ئەوەیە بە وەسفێکی درێژ دەست پێ دەکات، کەچی خانەقا هەمان چیرۆک بە نموونەیی لە قەڵەم دەدات و پێی وایە: (تابلۆیەکی

هونەرییە و لەسەر عەرشی ڕەسەنایەتی ڕۆ نیشتووە.) لەو چیرۆکەدا کە نوستالژیایە بۆ ڕابردووی پاک و باسی پێوەندیی نێوان گوند و شار دەکات، د. مارف شارەزایانە ناخی منداڵیشی خوێندووەتەوە.

لە ڕوانگەی (ڕەئووف حەسەن)ەوە زەمان لە چیرۆکی (دڵداری قەدەغە نییە)ی د. مارف خەزنەداردا، درێژە، ئەوەیش لەگەڵ هونەری کورتەچیرۆکدا ناتەبایە کە پێویستە ڕووداوەکانی وەختێکی کورتیان پێ بچێت.[٩] دەشێت جوانترین لایەنی هونەریی ئەو چیرۆکە، مەنەلۆگەکەی کاکەسوور بێت، ئەو وەختەی چاوەڕێی عەیشان دەکات و دیالۆگەکانیش هێندە لێزانانە داڕێژراون، ڕەنگە وشەیەکی زیادیان تێدا نەبێت و تەواو لە قسەی کارەکتەرەکانیش دەچن. د. خەزنەدار کارەکتەرەکانی ئەم چیرۆکەی لە گۆڕاندا وێنە کێشاوە، گۆڕانێک کە بە هۆی هەلومەرجی نوێوە دێتە ئاراوە و جێی بڕوای خوێنەرە. لە هەر چیرۆکێکی د. مارف ڕابمێنین، پەیامێکی پێیە و شتێکمان پێ دەڵێت، شتێک کە بە چیرۆک نەبێت، بە هیچ ڕێگەیەکی دیکە ناگوترێت، ئاخر (چیرۆک ئامرازێکە بۆ گوتنی ئەو شتانەی بە شێوازی تر نایەنە گوتن.) بیری د. مارف هێندە فراوان و ئاسۆی بەردەمی هێندە ڕوون بووە، توانیویەتی کۆمەڵگەی کوردەواری بە دەم گۆڕان و گەشەکردنەوە، لە چیرۆکەکانیدا جێ بکاتەوە.

وەک عەبدولسەمەد خانەقایش ئاماژەی بۆ کردووە، ئەوە سەیر نییە کە خەڵکی ساکاری سەر بە گەلێکی بندەستی بێ دۆست، دوژمنی دوژمنیان بە دۆست بزانن.[١٠] بۆ ئەڵەمان کوردی کە کەسایەتییەکی ڕاستەقینەی نەک هەر ساویلکە، تەنانەت شێتۆکەیش بووە، ئاساییە لە دژی ئینگلیز، سەروەختی دووەمین جەنگی جیهانگرەوە، لایەنی ئەڵمانیا بگرێت. ئەڵەمان کوردی کە لە ئایاری ١٩٦٠ دا نووسیویەتی و دەستپێکی چیرۆکی د. مارفە و هەمان ناوی لە یەکەمین کۆچیرۆکیشی ناوە، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووە. ئەو کارە هێندە هونەرییە، ڕەنگە ئەگەر بڵێم هەموو ڕەگەز و مەرجەکانی چیرۆکی سەرکەوتووی تێدایە و دەشێت بە مەبەستی فێربوونی چیرۆکنووسین، وەک دەرس بخوێنرێت، لە ڕاستی لام نەدابێت. ئەگەر ئەڵەمان کوردی خەوشێکی

هونەری تێدابێت، ئەوەیە نووسەر لە کۆتاییدا دەڵێت: (نە ئەڵەمان کوردی نازی بوو، نە خەڵکەکە، تەنیا ئەوەبوو ئینگلیزیان خۆش نەدەویست.) بریا لێ گەڕابا، خوێنەر خۆی بەو ئەنجامە گەییشتبا.

د. مارف زەبروزەنگ و بابسالاری دەداتە بەر ڕەخنە و ڕووناکی دەخاتە سەر ئەو کارەساتانەی کە بە هۆی جەنگەوە، تووشی ئینسان دێن و لێزانانە بەرگی چیرۆک دەکاتە بەر خەباتی نهێنیی ناو شار و خەباتی پێشمەرگەیش کە زێتر لە شەڕی پارتیزانیدا خۆی دەنوێنێت، فەرامۆش ناکات. خوێندن بە زمانی کوردی، هێندە جێی بایەخی د. خەزنەدارە، تا ئەو ئاستەی هەندێک جار ئەو بایەخپێدانە زۆرە، بە زیان لەسەر لایەنی هونەریی چیرۆکی دەکەوێت. (شیر دا لۆ داپیر دا) کە چیرۆکێکی زۆر کورتە و زەمان تێیدا دەیان ساڵە، زادەی ژیاننامەی نووسەرە، بە تەکنیکی (فۆرمی من) نووسراوە و گێڕەرەوە وەک شاگردێکی مارکس، خەون بە بەهەشتی سەر زەوینەوە دەبینیت. د. مارف کە ویستوویەتی ئەدەبی گاڵتەجاڕی بنووسێت، جێدەستی هەر لە هی مامۆستایەکی ئەو بوارە دەچێت، وەک بە هەردوو چیرۆکی: (کورد تەلاقی ناکەوێ) و (ئەحە کەچەڵ ...)ەوە دیارە. لە (جاشولکەکەم)دا کە سەرهەڵدانی ئۆتۆمۆبیل کۆتایی بە کاروان و کاروانچییەتی دەهێنێت، هەر لەوە دەچێت بۆ نووسینی ئەو کورتەچیرۆکەی، ئیلهامی لە دۆن کیخۆتەی (سێرڤانتس)ەوە وەرگرتبێت.

د. مارف خەزنەدار هەرچەندە بە پلەی یەکەم باسکارێکی ئەکادیمیکە، بەڵام هەر زوو دەرک بە بەهای بڵند و بە ڕۆڵی کاریگەری هونەری گێڕانەوە دەکات و لەو بوارەیشدا خەزێنەیەکی تەژی لە (زێڕەچیرۆک)مان بۆ جێ دەهێڵێت، کە بە هەق زایەڵەی هاواری خەڵکی کوردستانە لە پێناوی ئازادیدا و هەڵگری پەیامی قوربانییەکانی دەستی چەوساندنەوەیە، پەیامێک هانمان دەدات بە گژ ئەوانەدا بچینەوە، کە گەمە بە ژیانی کەسانی دیکە دەکەن و هەوڵ دەدەن لە ڕێی ترس و تۆقاندنەوە، وامان لێ بکەن بە پیرۆزیان بزانین.

٢٠١٠/١٢/٤

پەراوێزەکان:

(١) د. مارف خەزنەدار، ئەڵەمان کوردی، چاپخانەی ئەسعەد ١٩٦٩ بەغدا.

(٢) د. مارف خەزنەدار، بووکەشووشە، چاپخانەی ئەسعەد ١٩٦٩ بەغدا.

(٣) د. مارف خەزنەدار، بەرەو ڕۆژ، کتێبفرۆشی سۆران، چاپخانەی سیما ٢٠٠٦ سلێمانی.

(٤) د. عبدالعزيز السبيل، مفهوم القصة القصيرة بين آراء النقاد و رؤى المبدعين.

(٥) أني إنرايت، القصة القصيرة الإيرلندية في العصر الحديث، ترجمة: سامية العطوط.

(٦) دڵشاد مەریوانی، پێشوازیی خاوەنشکۆ و دوو چیرۆکنووس، چاپخانەی ڕاپەڕین ١٩٧٣ سلێمانی.

(٧) عبدالصمد خانقاه، مجموعة أقاصيص كردية لمعروف خزندار، ص ٧٨ – ٩٣ الثقافة الجديدة، عدد ١٤ حزيران ١٩٧٠ بغداد.

(٨) عومەر مەعرووف بەرزنجی، لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی (١٩٢٥ – ١٩٦٩) لاپەڕەکانی ١٤٦ تا ١٤٨ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٨ بەغدا.

(٩) ڕەئووف حەسەن، کرێکار و چیرۆکی کوردی، ل٥٢ چاپخانەی عەلاء ١٩٨٢ بەغدا.

(١٠) عبدالصمد خانقاه، مجموعة أقاصيص كردية لمعروف خزندار، ص ٧٨–٩٣ الثقافة الجديدة، عدد ١٤ حزيران ١٩٧٠ بغداد.

(*) لە پێناوی دڵپاکیدا کە د. مارف لە ٤ی نۆڤەمبەری ١٩٥٢دا نووسیویەتی و لە کۆچیرۆکی بەرەو ڕۆژدا بڵاوی کردووەتەوە، زێتر لە پەخشانێکی هونەری دەچێت وەک لە کورتەچیرۆک، باس لە بولبولێک دەکات کە لە پێناوی ژیاندنەوەی گوڵێکدا، گیانی خۆی دەبەخشێت.

(**) ڕەنگە د. مارف لە ناوەڕۆکی (ئەڵەمان کوردی جارێکی تر زیندوو دەبێتەوە،) پەشیمان بووبێتەوە، ئەگەر نا سەروەختی کۆکردنەوەی چیرۆکەکانی لە دووتوێی بەرگێکدا، ئەو چیرۆکەی فەرامۆش نەدەکرد. د. مارف خەزنەدار، ئەڵەمان کوردی جارێکی تر زیندوو دەبێتەوە، لاپەڕەکانی ٧٥ تا ٨٠ ی چیرۆکی هەڵبژاردەی ڕۆژی کوردستان ١٩٧٦ بەغدا. وێڕای ئەو چیرۆکانەی ئاماژەم بۆ کردن، د.

مارف خەزنەدار چیرۆکێکی دیکەی هەیە، ناوی لێ ناوە، سڤێتلانە، کە لە دووی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧ دا لە لینینگراد نووسیویەتی و بۆ یەکەم جار ٥/ ٦/ ٢٠٠٩ لە (ڕامان)ی ژمارە (١٤٥)دا بڵاوی کردووەتەوە. تایبەتمەندییەکانی ئەم چیرۆکەی بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی دیکەیدا، لەم خاڵانەدا چڕ دەبێتەوە: کارەکتەرەکان خەڵکی ڕووسیان، ڕووداوەکان لەوێ ڕوویان داوە و هیچ هێمایەکیش بۆ ئەوە نییە، نووسەرەکەی کورد بێت. سڤێتلانە کە ناوی ژنێکی جوانە و بە مانای ڕووناک دێت، چ وەک سەرەتا، چ وەک گەشەسەندنی ڕووداوەکان و چ وەک کۆتایی، یەکێکە لە چیرۆکە هەرە جوانەکانی نووسەر. (نەمزانیبوو، د. مارف ئەم چیرۆکەیشی هەیە، سوپاس بۆ کاک سەباح ڕەنجدەر کە دوای بڵاوبوونەوەی باسەکەم، ئاگاداری کردمەوە.)

(***) crisis: تەنگانە

(****) بە شەو چەمی گەوهەربەندی پشتوێنت لێم ئەبێتە ئاوێنەی باڵانوێنت. شیعری مۆسکۆی جوان، دیوانی گۆران، ل٣٠٤ کۆڕی زانیاری کورد ١٩٨٠ بەغدا.

(*****) کە شێخ مەحموودی حەفید (١٨٨١ – ١٩٥٦) لە دەربەندی بازیان، لە ٩ ی حوزەیرانی ١٩١٩ دا، ڕێ لە لەشکری ئینگلیز دەگرێت، لە پاڵ گاشەبەردێکدا بە برینداری بە دیل دەگیرێت، ئیدی ئەو بەردە ناوی وەک بەردەقارەمان، دەچێتە نێو دیرۆکی کوردەوە.

## له خۆ گۆڕان و بەدگۆڕان له دوو چیرۆکی کوردیدا

١

جیاوازیی نێوان خوێنەر و ڕەخنەگر ئەوەیە، یەکەمیان شەپۆلەکانی زەریا دەبینێت، وەلێ دووەمیان وەک شەپۆلەکان دێڕەشیعر بن، دەیانخوێنێتەوە و لە ڕێیانەوە لە خەمی زەریا تێدەگات. وەک چۆن کۆمەڵناس سوود لە بەلزاک و دەروونناس کەڵک لە دەستۆیفسکی دەبینێت، ڕەخنەگری ڕاستەقینەیش، لە هەموو بوارێکدا، پێویستی بە زانیاری دەبێت و ئەو زانیارییانە بە باسەکانییەوە دەدرەوشێنەوە، وەلێ ڕەخنەگری مارانە، لەبری ئەوەی بچێت ئاستی ڕۆشنبیریی خۆی بەرز بکاتەوە، ڕەخنەگرە ڕاستەقینەکە، بەوە تۆمەتبار دەکات، کە گرێی نمایشکردنی زانیاریی هەیە.[١]

(گوێزی پووچ و هەنگوینی تاڵ) چیرۆکێکی زۆر کورتی (مەحەممەد ڕەشید فەتاح)ە،[٢] تێیدا چیرۆکبێژی هەمووشتزان و شاکەس، هەمان کارەکتەرن، شوێن شاری سلێمانییە، زەمان هەر شەو و ڕۆژێکە، چیرۆکەکە لە ناوەڕاستی ڕووداوەکانەوە دەست پێ دەکات و هەر زوو خوێنەر دەرک بە چۆنیەتیی کۆتایی پێ هێنانی چیرۆکەکە دەکات، وەلێ ئەوە لایەنێکی لاوازی چیرۆکەکە نییە، ئاخر نووسەر خۆی ئەوەی مەبەست بووە و بە هۆشیارییەوە زەوینەی بۆ ئەو کارەی خۆش کردووە.

ئەگەر ئامانج لە چیرۆکنووسین لە دوو لایەندا چڕ بکەینەوە، یەکەمیان: بەخشینی چێژ و دووەمیان: گەیاندنی پەیام، ئەوا خوێنەر هەم چێژ لە چیرۆکی(گوێزی پووچ و هەنگوینی تاڵ)ی (مەحەممەد ڕەشید فەتاح) دەبینێت و هەم پەیامێکی ئینساندۆستانەیشی پێ دەگات. هەندێک بابەت هەن، لە

هەموو سەردەم و شوێنێکدا جێی بایەخی ئینسانن، وەک: ئەوین، ناپاکی، تەنیایی و بەدگومانی، نووسەر باس لە شتێکی وەها دەکات، ئەویش بەخشینی متمانەیە بە کەسێک کە شیاوی ئەوە نییە و نائومێدت دەکات.

چی لەوە ناخۆشترە، ئومێدی تەواومان بە کەسێک هەبێت و نائومێدمان بکات، کەسێک متمانەی پێ بکەین و دواتر بۆمان ئاشکرا ببێت کە نەدەبوو هێندە خۆشباوەڕ بین. ڕەنگە ئەگەر کەسێک ئەمی دڵساف، یان ئەوی دڵپاک فریو بدات، کارەساتی لێ نەکەوێتەوە، وەلێ کارەسات ئەوەیە، میللەتێک هەموو ئاوات و ئومێدی خۆی بە سەرکردەیەک، حیزبێک یان شۆڕشێکەوە گرێ بدات و هێدی هێدی لەوە دڵنیا ببێت کە ساڵانێکی دوور و درێژ فریو دراوە و هەموو ڕەنج و خەباتی بەفیڕۆ چووە.

مەحەممەد ڕەشید فەتاح لە گوێزی پووچ و هەنگوینی تاڵدا، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، یان هەق وایە بڵێم هونەری، لە ڕێی هەندێک ڕەمزەوە بەسەرهاتی نائومێدکردنی میللەتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، میللەتێک هەر چی شک بردووە، بەخشیویەتی، بەڵام هیچی دەست نەکەوتووەتەوە، میللەتێک گوڵ دەڕوێنێت، وەلێ دڕک دەدوورێتەوە، میللەتێک لە پێناوی هەواری ئازادیدا گیانی بەخت کردووە، کەچی گەیشتووەتە جەنگەڵی ستەمکاری. ڕەمزەکان نە هێندە روونن کە دەستبەجێ خوێنەر دەرک بە مەبەستەکانیان بکات، نە هێندەیش تەمومژاوین کە ئەودیویان دیار نەبێت.

ئەوی ئەلفوبێیەک لە فەلسەفەی مارکسیزم بزانێت، ئەوەی ژنەفتووە کە هەڵوێست زادەی جێپێی چینایەتییە، ئەگەر جێپێی چینایەتیمان گۆڕانی بەسەردا هات، لەگەڵیدا فیکر و ڕەوتاریشمان دەگۆڕێن. شاکەسی چیرۆکە زۆر کورتەکە، هێندە بڕوای بە کابرای چاوشینی مووزەردی خاکی لە بەر هەیە، هەر چی شک دەبات، پێی دەبەخشێت، کەچی ئەو لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدا، پشتی تێ دەکات و دەروازەی کۆشکە بڵندەکەی لێ ناکاتەوە و هەر چی داوی پێوەندیی خۆی هەیە بەوانەوەی هاوڕێی تەنگانە و هاوخەباتی بوون، دەپسێنێت، ئاخر کەسێک کە جێپێی چینایەتیی دەگۆڕێت،

فـیکری، هەڵوێســتـی، ڕەوتاری، ئـاکــاری، چێــژی، نـەریتی، کــولتــووری و هاوڕێیـەکانیشـی دەگۆڕێن. ئەو لە خۆ گۆڕانە، شـتێکە وەک بەدگۆڕان، چونکە لای ئەوانە، (ئیـدی دڵ، نە هـەواری ئەوینە، نـە هێـلانـەی ناڵە، بەڵکوو دەبێـتـە ترومپایەک خوێنی خاوێن و هەوای پاکژ بۆ جەستە دەنێرێت و هیچی تر.)

کـورتەچیـرۆک ئاوڕ لە ژیانی ئـەوانە دەداتەوە کـە پەراوێز خـراون، ئەوانەی کۆمـەڵگە پشـتگوێی خسـتـوون و وا هەست دەکـەن وەک پێویست ڕێزیان لێ نەگـیـراوە. نووســەر لە گــوێزی پووچ و هەنگوینی تـاڵدا، ژیانـی کـەســانی پەراوێزخـراوی داوەتە بەر ڕووناکی و ئەمەیش هـەر کاری چیرۆکنووس نییە و بەس، بەڵکوو ئیشی ئەو ڕۆشنبیرانەیشە کە گوتنی حەقیقەت بە ئەرکی خۆیان دەزانن. واتا نووســەر لەم چیـرۆکەیدا، هـەم ڕۆڵی چیرۆکنووسی بینیـوە، هەم هـی ڕۆشنبـیریش. هارۆکی مـووراکامی دەڵێت: (من وەک چیرۆکنووسـێک وام پێ خۆشە، ئەگەر شتێکم لێ داوا کرا، پێچەوانەکەی بکەم.) مەحەممەد ڕەشید فەتاحیش هـەر وای کردووە.

تێزێک هـەیە دەڵێت: بایەخی چیرۆک لە پەیامـەکـەیدا چڕ دەبێتـەوە، نەک لە شێوەی گوتنیدا، ئاخر شێوە دەکەینە بەر (بیر)ەکانمان، نەک بە پێچەوانەوە، ئاخر زێدەڕۆییکردن لە بـایەخـداندا بە گـەمـەی داهێنانی شـێوەی نوێ، زادەی نەبوونی پـەیامـێکە کـە خـەمی ئینسـان بە هێند هـەڵدەگرێت. چیـرۆک هونەری گـێـڕانەوەی بیـرێک یان پەیـامـێکە، ئەگـەر هیچ شک نەبەین، ئەگـەر هـیچ لە گـۆڕێدا نەبێت، لە گـێـڕانەوەی چیدا، هـونەر بنوێنین؟ مـاریۆ ڤـارگاس یۆســا دەڵێت: (ئەدەب گەمـەیەک نییە لە (فۆرم)دا، ڕووناکییەکە یارمەتیمان دەدات لە تونێلە تاریکەکە دەرباز ببین، پارچەتەختەیەکە لە نوقمبوون ڕزگارمان دەکات، (شـێوە)یەکە لە شـێوەکانی بەرەنگاربوونـەوەی میـحنەت، جـۆرێکە لە ناڕەزایی دەربڕین و تەنانەت شـۆڕش و ڕاپـەڕینیش.) مـەحـەممەد ڕەشـید فـەتاح هـانا بۆ تەکنیکگەلی ئاڵۆز نـابات، کێـشـەی نمایشـکردنـی شـێـوەی نوێی نیـیـە، هەوڵ دەدات بە شـێوەیەکی ڕوون و ئاسـانی گونجـاو پەیامی خۆی پێشکەش بکات و لەم هـەوڵەیشیدا سـەرکەوتووە.

بیر لە چیرۆکدا دژ بە دوگمایە، وەک ژیان بزۆزە و مینا واقیع لە گۆڕاندایە. پەیام لە چیرۆکدا بەرەو دوورگەی سەرسامیمان دەبات، نەک هەواری یەقین. زمان لەچیرۆکدا، زمانێکی ئەدەبیی ڕووت و تاکمەودا نییە، زمانێکە هەڵگری پەیامێکی ئینساندۆستانە. کە دەڵێین فلان چیرۆک دەقێکە کراوە، ئەوە پەیام و فیکرە کە لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرن، نەک ئەم یان ئەو تەکنیک. من لە چیرۆکی گوێزی پووچ و هەنگوینی تاڵدا، هەستم بەوە کرد، مەحەممەد ڕەشید فەتاح، هونەرمەندانە هەموو ئەو ڕەگەزە گرنگانەی هونەری چیرۆکنووسینی وەگەڕ خستووە.

٢

لە چیرۆکدا هەر ژیانی ئەم یان ئەو کەس نا، ژیان بە هەموو مەوداکانییەوە چڕ دەکرێتەوە، چیرۆک هەر بایەخ بە ژیان نادات، مەرگیش بەسەر دەکاتەوە، ئاخر چیرۆک دەشێت سەفەرێک بێت لە نێوان هەبوون و عەدەم، یان ژیان و مردندا. چیرۆک چەکێک نییە تەنیایی پێ بکوژین، چرایەکە کونجە تاریکەکانی ژیانمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە. ئەگەر وردبین نەبین، توانای نووسینی کورتەچیرۆکمان نابێت، ئەگەر دووربین نەبین، ڕۆمانمان پێ نانووسرێت. ئەگەر بڕوامان بە دێمۆکراسی نەبێت، هەق نییە چیرۆک بنووسین، ئاخر نە دێمۆکراسی بێ چیرۆک دەبێت و نە چیرۆک بێ پێڕەوکردنی دێمۆکراسی دەنووسرێت، دێمۆکراتبوون لە چیرۆکنووسیندا، ڕەخساندنی بوارە، بۆ هەموو کارەکتەرەکان، وەک دەخوازن قسەی دڵی خۆیان بکەن و وەک دەیانەوێت ڕەوتار بکەن.

(لە شیعری (شەپۆلی نوێ)ی فارسیدا کە دوای شۆڕشە شیعرییەکەی نیما یوشیج و شیعرە سپییەکانی ئەحمەد شاملوو سەری هەڵدا، وێنەی شیعری زاڵە و ئەو شتە ڕۆژانەییانە دەدرێنە بەر ڕووناکی کە لای خودی شاعیر بایەخیان هەیە. شاعیرانی شەپۆلی نوێ، بە وردبینییەکی تەواوەوە دەیاننووسی، حەرفێکیان لەجێیەکدا دانەدەنا کە جێی خۆی نەبێت و

نوقتەیەکیان لە بیر نەدەکرد.)[٣] ئەگەر لەو چەند دێڕەدا شیعر و شاعیر بکەینە چیرۆک و چیرۆکنووس، بیرۆکەکە هەمان بایەخی دەبێت. کورتەچیرۆکی (دۆنادۆن)ی ڕەئووف بێگەرد، هەر دەڵێیت شیعرێکی درێژە کە بە هۆی وێنەی شیعرییەوە، وردبینانە خەمە ڕۆژانەییەکان بەسەر دەکاتەوە.

وەک بارت دەستنیشانی کردووە، دەقی چێژبەخش، (دەقێکە لە ڕۆشنبیرییەکی قووڵەوە هەڵدەقوڵێت، پێی قایل دەبین، ڕۆحمان تێر دەکات، هێورمان دەکاتەوە، خۆشیمان پێ دەبەخشێت) و ژێیەکانی دڵمان دەبزوێنێت. لای لاڤۆنتین چێژ لە تێکستێک وەردەگرین کە (هەم بەشداری لە بڵندکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریماندا بکات و هەم پێشی سەرسام بین.) دۆناودۆن دەقێکە هاوزەمان شتی لێوە فێر دەبین و چێژیشی لێ وەردەگرین.

لە (دۆنادۆن)دا کە هەڵگری پەیامێکی هێندە ئینسانییە، بەشداریی لە پاکژکردنەوەماندا دەکات، کە زۆربەمان کەم تا زۆر، بە شێوەیەک لە شێوەکان، خۆمانی تێدا دەبینینەوە، چیرۆکبێژی هەمووشتزان، لە ڕێگەی گەشتێکی کورتخایەنەوە، بەسەرهاتی پێوەندیی خۆشەویستیی نێوان شەوبۆ و هیوا دەگێڕێتەوە. لەم چیرۆکەدا کە زادەی خەیاڵە و واقیع دەنووسێتەوە، دیالۆگەکان ڕۆڵێکی گرنگ وازی دەکەن و هێندە واقیعین، هەر لە قسەی نێوان دوو کارەکتەرە سەرەکییەکە دەچن و هیچ پێ ناچێت، دەستتێوەردانی نووسەریان پێوە دیار بێت.

فرانسیسکۆ دی کیڤیدۆ (١٥٨٠ – ١٦٤٥) دەڵێت: (دۆزەخ ئەگەر هەبێت، ژنە کە هەمیشە لەگەڵماندایە.) بە پێچەوانەی ئەو شاعیرە ئیسپانیاییەوە، ڕەئووف بێگەرد، باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەوە پیاوە، ژیانی لە ژن کردووە بە دۆزەخێکی ڕاستەقینە و شکستەکانی لە ڕێی چەوساندنەوەی ژنەوە، قەرەبوو دەکاتەوە. نووسەر وەک چۆن لێزانانە وەسفی شوێنی کردووە، هەر وایش سەرکەوتووانە دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکانی وەبەر ڕووناکی داوە.

نووسینی ژنان لای ئێمە، ساڵانێکی دوورودرێژ پاشکۆی نووسینی پیاوان بوو، هەر دەتگوت ژن بۆ نووسین، قەڵەم لە پیاو قەرز دەکات، لە دوای

ڕاپەڕینەوە، دابڕانێکی ڕاستەقینە لە نێوان نووسینی ژنانە و هی پیاواندا سەری هەڵدا. لایەنێکی هەرە گەشی چیرۆکی دۆنادۆنی ڕەئووف بێگەرد ئەوەیە، شەوبۆ وەک ژنێکی هۆشیار بیر دەکاتەوە، وەک ژنێکی بیرڕووناک دەپەیڤێت و لە کۆتاییشدا وەک ژنێکی لە بابسالاری یاخیبوو ڕەوتار دەکات.

ئەوە زۆر گرنگە کە چیرۆکنووس، خوێنەر هاوزەمان سەرسام و قایل بکات، پێویستە هانا بۆ پاساوی جێی بڕوا ببات و بە ئەنجامێک بگات عەقڵ بیگرێت، ناڵێم بەڵگەکانی زانستی، یان لەو بەڵگانە بن، دادوەر پشتیان پێ دەبەستێت، لێ دەبێت ماقووڵ بن. پاش و پێش خستنی ڕووداوەکان، ڕوونکردنەوەی ئەم گۆشە و لە تاریکیدا هێشتنەوەی ئەو لایەن، گوتنی فلان شت و بێدەنگبوون لە فیسار شت، دووبارەکردنەوەی دیمەنێک و شاردنەوەی یەکێکی دیکە، ڕەئووف بێگەرد هەموو ئەو تەکنیکانە، بە هۆشیارییەوە بەگەڕ دەخات.

هیچ شتێک لە ژیانماندا جێگیر نییە، جێگۆڕکێ نەبێت، ئاخر لە هیچ جێیەک ئۆقرە ناگرین. ئەوە ئاساییە کە نۆستالژیامان بۆ ئەو شوێنە هەبێت کە لە ڕابردوودا لێی ژیاوین، ئاخر شوێن هەر جوگرافیا نییە و گەلێک مەودای دەروونی، کۆمەلایەتی، دیرۆکی هەیە و تەنانەت دەشێت پێوەندیی بە بیروباوەڕیشەوە هەبێت، وەک چیا لە سەروەختی پێشمەرگایەتیدا، ئاخر ئەوە بیروباوەڕە وا دەکات، لە شارەوە ڕوو بکەینە شاخ. وەک چۆن ئینسان کاریگەرییەتیی لەسەر شوێن جێ دەهێڵێت، شوێنیش بە قووڵیی کار لە کەسەکان دەکات و زۆر جار دەبێتە ڕەگەزێکی گرنگی گێڕانەوە. شوێن جێی بایەخی (دۆنادۆن)ی ڕەئووف بێگەردە و لای کەم هێندەی یەکێک لە دوو کارەکتەرەکە، ڕۆڵی لە بەرەو لوتکە بردنی درامای چیرۆکەکەدا هەیە.

لەمێژە خەڵکی دنیا بە دەست نەتەوە و ئایینەوە دۆش داماون، ئەو دوو فاکتەرە هەوێنی گەلێک لەو جەنگانە بوون کە ژیانی خەڵکێکی زۆریان دروێنە کردووە، بە مەرجێک ئەوە تەنیا ڕێکەوتە و هیچی دیکە کە وای کردووە، ئێمە سەر بە فلان ئایین یان فیسار نەتەوە بین. دەشێت بە پاساوی ئەوەی سەر بە

دوو ئایینزای جیاوازی هەمان ئایین بین، یان وابەستەی دوو حیزبی جیاوازی سەر بە هەمان نەتەوە بین و قەسابخانە بۆ یەکدی ساز بکەین. ئەو شەڕەی ئێمە ساڵانێک بە دەستییەوە دەمانناڵاند، ناومان نابوو براکوژی و لوتکەی بێهوودەیی بوو، جێی بایەخی چیرۆکەکەی ڕەئووف بێگەردە. (ئەو شۆڕشەی پارێزگاریی لە بەها مرۆڤایەتییەکان نەکات، ئەو شۆڕشەی پێتان بڵێت، تا خەڵکی زۆرتر بکوژن، زیاتر شۆڕشگێڕن، تەنانەت لەناوبردنی ئەوانەیش کە وەک تۆ لە سەنگەری بەرگریدا بوون و بۆچوونی جیاوازیان هەبووە، ئەوە چ شۆڕشێکە؟)[٤]

بەدگۆڕان (مەسخ) دەشێت ببێتە بابەتی چیرۆک، لێ چونکە گەلەک جاران لە دەرگای ئەو بابەتە دراوە، ڕەنگە وەک پێویست خوێنەر سەرسام نەکات، ئیللا مەگەر نووسەرێکی بلیمەت وزەی نوێ لەو بابەتەدا ببینێتەوە، ئەوەیش ئیشێکی دژوارە، بە تایبەتی کە پێشتر نووسەرەیلی مەزنی لە چەشنی گۆگۆڵ، فرانز کافکا و سادق هیدایەت، لە شاکارەیلی (پاڵتۆ) (بەدگۆران) و (کوندەپەپووی کوێر)دا کاریان لەسەر ئەو تێمەیە کردووە. ڕەئووف بێگەرد کە لە چیرۆکی دۆنادۆندا، ئیشی لەسەر بەدگۆڕان کردووە، لە ڕوانگەی منەوە لەو هەوڵەیدا سەرکەوتوو بووە.

٣

لە چیرۆکی گوێزی پووچ و هەنگوینی تاڵدا، مەحەممەد ڕەشید فەتاح باس لە (گۆڕان)ی باری کۆمەڵایەتیی ئەو تێکۆشەرە دێرینانە دەکات کە لە ئەنجامی تێوە گلان لە گەندەڵییەوە، هێندە دەوڵەمەند دەبن، هیچ پێوەندییەکیان بە خەڵکی ئاساییەوە نامێنێت. ڕەئووف بێگەردیش لە چیرۆکی دۆنادۆندا، لە هەمان دەرگە دەدات و لەوەیشی تێدەپەڕێنێت، تا دەگاتە ئەوەی شۆڕشگێڕێکی دێرینی چەپڕۆی تازەکی دەوڵەمەندبوو، بە جۆرێک پشت دەکاتە، ئەو بەها باڵایانەی، جاران باوەڕی پێیان هەبووە و خەباتی لە پێناویاندا کردووە، تا ئەو ڕادەیەی لە ڕوانگەی کچە هاوڕێیەکەیەوە، تووشی

(بەدگۆڕان) دێت و لە ئینسانەوە دەبێت بە جانەوەر.

هەردوو چیرۆکەکە بایەخ بە پرسی هەبوون دەدەن، ئەو دوولەتبوون و نیگەرانی و دڵەڕاوکێیانە بەسەر دەکەنەوە کە تووشی ئینسانی ئەم سەروەختەی کۆمەڵگەی ئێمە هاتوون و دەرگای جیاواز بە ڕووی پرسیارە سەرەکیی و قووڵەکانی مرۆڤی کوردی دوای ڕابووندا دەخەنە سەر پشت. هەردوو چیرۆکەکە ژیان وەک خەون و خەون وەک ژیان نیشان دەدەن، بەو واقیعە قایل نین کە هەیە، خەون بە واقیعێکی دەوڵەمەندتر و دادپەروەرانەترەوە دەبینن، بۆ یاخیبوون و بەرەنگاربوونەوە هانمان دەدەن و فێرمان دەکەن، بڕوا بە بیانووی ساختە و پاساوی درۆینەی تێکۆشەرە دێرینەکان نەکەین.

کارڵ مارکس پێی وابوو: (ئایین بەختیارییەکی وەهمیمان بۆ دابین دەکات، ئەگەر ئایین ڕەت بکەینەوە، دەبێت داوای بەختیارییەکی ڕاستەقینە بکەین.) لەم ڕوانگەیەوە، ئەوانەی بازرگانی بە ئایینەوە دەکەن، وایان پێ باشە، چەوساوەکان گوێ نەدەنە عەزابی ئەم دنیا، چونکە لەو دنیا لە بەهەشتی بەریندا دەحەوێنەوە. خاڵێکی دیکەی هاوبەشی نێوان دوو چیرۆکەکە ئەوەیە، ئەو بەختیارییە وەهمییە ڕەت دەکەنەوە کە شۆڕش بۆ چەوساوەکان و ژنانی دابین کردووە و بۆ خەبات لە ڕێی بەختیاریی ڕاستەقینەدا هانیان دەدەن.

٢٠١١/٢/٢ - هەولێر

پەراوێزەکان:

(١) خيري منصور، القارىء شريكا للمؤلف ١٧/ ١٢/ ٢٠١٠ القدس العربي.

(٢) محەممەد ڕەشید فەتاح، گوێزی پووچ و هەنگوینی تاڵ، ئاینده ژماره ٩٤ ل٥٠ دەزگای ئاراس ٢٠١١ هەولێر.

(٣) حمزة كوتي و أحمد الحيدري، مقدمة للشعر الإيراني المعاصر.

(٤) ڕەئووف بێگەرد، دۆناودۆن، ئاینده ژماره ٩٤ ل١٦ دەزگای ئاراس ٢٠١١ هەولێر.

(*) ڕەئووف بێگەرد لە پەراوێزدا، مانای دۆنادۆنی بە بەدگۆڕان (مەسخ) لێک

داوەتەوە، لێ ئەز پێم وایە دۆنادۆن بە مانای (تناسخ الأرواح) دێت کە دەکاتە ئەوەی، ئینسان کە مرد، ڕۆحی دەچێتە جەستەی ئینسانێک یان زیندەوەرێکی دیکەوە، بەڵام لە بەدگۆڕاندا، ئینسان بە زیندوویی دەبێت بە جانەوەر. لە (بەدگۆڕان)ی کافکادا، کە ١٩١٥ نووسیویەتی و ١٩٤٥ چاپ کراوە و ناودارترین نۆڤلێتە، بەیانییەک کە گرێگۆر سامسا لە خەو ڕادەبێت، وا هەست دەکات بووە بە مێروو ( ڤالۆنچە)یەکی گەورە.

# منداڵێکی لاسار

که گوێم له وشەی ڕۆشنبیری دەبێ
تفەنگەکەم دەهێنمە سەر پێ.
هانز گۆست

لۆکاچ پێی وابوو، ڕاستیشی بۆ چووبوو، پێوەندییە سەرمایەدارییەکان کارێک دەکەن، بە شتبوونی هەموو بەهاکان سەروەر ببێت و تەنانەت کارە هونەری و ئەدەبییەکانیش وەک کاڵا سەرنج بدرێن، جیاوازیی لە نێوان سەرمایە ڕەمزییەکان و دراودا لە ئارادا نەمێنێت و کام سەرمایەی ڕەمزی مەزنە، وەک هەر کاڵایەکی دیکە، نرخێکی دیاریکراوی هەبێت. لەو کۆمەڵگەیەدا کە هەموو شتێک وەک کاڵا سەرنج دەدرێت، ئاساییە ببینین هەمووان خەریکی گەڕان بن بە دوای سەرمایەدا و ژیان وەک گۆمێک ببینن و بە مەبەستی ڕاوکردنی ماسی، قولاپیان تێ فڕێ دابێت.

لە کۆمەڵگە نائینسانییەکاندا، نووسەر دووچاری نامۆییەکی کوشندە دەبێت و وەک بتپەرستێکی لێ دەقەومێت، بتەکەیان شکاندبێت. ئەو واقیعە ترسناکە کە گرامشی گوتەنی، (زادەی کردەوەی ئینسان خۆیەتی،) هەر بە کۆششی ئینسانیش، بەها ئینسانییەکان زیندوو دەبنەوە و سەرمایە سیمبۆڵیکەکان، بایەخ پەیدا دەکەنەوە. مارشاڵ ماکلۆهان (١٩١١-١٩٨٠) کە فەیلەسووفێکی کەنەدایی بوو، بۆ یەکەمین جار لە کتێبی (میدیا بریتییە لە پەیام)دا کە لە ١٩٦٧ دا بڵاو کرایەوە، گوتوویەتی: (دنیا گوندێکی گەردوونییە.) هەوڵی نووسەر ئەوەیە، لێ نەگەڕێت بە گوندبوونی جیهان، وا بکات ئەندامانی ئەو گوندە تایبەتمەندیی و بەها ڕۆحییەکانیان لە دەست بدەن.

کۆشـشـی نووسـەر بۆ ئەوەیە، ئینسـانی لێـقـەومـاو بۆ ئەوە هـان بدات، بە کارەسـات قایل نـەبێت، بەڵکوو خـۆی لێ دەرباز بکات. فـەلسـەفە سـەدان سـاڵ بوو، بـایەخـی بەم پـرسـیـاره دەدا: بـۆچی دەژین؟ ئەوە کـارڵ مـارکس بوو، پرسـیـارێکی گرنگتری وورووژاند: چۆن دەژین؟ ئینگلیـز کە بەرەو جـەنگ بەڕێ دەکەوێت، تەنیـا دوو ئەڵتـەرناتیـڤی هەیە، بە سـەرکەوتوویی دەگـەڕێتـەوە، یان ناگەڕێتـەوە. ئەوە مارکس بوو، فێری کردین، ئەگەر وەک ئینسـان نەژین، ئیدی هیچ شک نابەین، تـا مەرگ وا بکات لە کیسـمـان بچێت. نیوتن دەیگوت: ئەوە بۆیە هـێنده دوور دەبینـم چونکە لەسـەر شـانی کـەسـانی مـەزن ڕاوەسـتـاوم. نووسـەر کەسێکە هەمـیـشـە لە کەسانی ئاسـایی دوورتر دەبینێت و پێشـبـینی داهـاتوو دەکات. ئەوە یەکێکە لە ئەرکەکانی نووسـەر کە فێرمـان بکات: (گرنگ ئەوە نییە بژین، ئەوە گرنگە باش بژین.)

دەشـێت نووسـەر شـەیدایەک بێت، لە دووی ڕووناکی بگەڕێت، ئەوە بۆیە کـە چیـرۆکـێکمـان بۆ دەگـێـڕێتـەوە، خـۆیمان لـێ ناکـات، بە چیـرۆکـبـێـژی هـەمـووشـتـزان، بـەڵکوو خـۆی وەها نیـشـان دەدات کـە دووچاری دەردی لە بیـرچوونـەوە هاتووە و ئەویش تەواو وەک خـوێنـەران، هـیـچـی وا دەربارەی کەسایەتی و ڕووداوەکان نازانێت و کە لە نووسینەوەی پەرەگرافێک دەبێتەوە، دڵنیـا نییـە لە پەرەگرافی داهـاتوودا، چی دەگێڕێتـەوە و بەم ڕێگەیە، کـارێک دەکات، خوێنەریش لـە نووسینەوەی چیرۆکەکەدا بەشدار ببێت و هەست بکات کـەسـێکی چالاکی خـاوەنرۆڵە، نەک گـوێڕایەڵێکی گـوێلەمـست. لە ڕۆمـانی (گەردوون)ی (هـیـبـیرت حەدداد)دا چیـرۆکبێژ یادەوەریی لـە کیس داوە و بە کۆمەکی خوێنەر بەسـەرهـاتەکانی وەبیر دێتەوە و دەیانگێڕێتەوە.

هـەرچەندە شـاعیر کەسـێکە یاخیبوو، کەسێکە با بە سـاڵیشـدا چووبێت، لە ناخـیـدا هـەر منداڵێکی لاسـار دەژی، کـەسـێکە ئەوەی بە لایـەوە مـەبەسـتـە، ئەفراندنی شیعرە، شیعری جوان، نەک بە دەستخستنی پایە و سامان، کەچی ڕێ دەکـەوێت سـتـایـشی ئـەم مـیـر، یان ئـەو سـەرۆک بکات. وەک چۆن عـەبدولڕەززاق عەبدولواحید ستایشەشیعری بۆ سـەددام حوسێن دەنووسی،

(جەواهیری)یش لە ستایشی حافیز ئەسەددا شیعری دەگوت. شیعر دەشێت لە خزمەتی ستەمدا بێت، وەلێ ڕۆمان هەر لە (دۆن کیخۆت)ەوە، بۆ ئەوە داهاتووە، بە گژ ستەمدا بچێتەوە و بەشداریی لە ڕۆنانی تەلاری دیمۆکراسیدا بکات. لە دەیان ڕۆماندا، پەردە لەسەر رووخساری دزێوی دیکتاتۆران لا دراوە و رووناکی خراوەتە سەر ناخی پۆخڵی ستەمکاران، ئەوە پارادۆکسێک بوو کە جەللادەکەی عێراق، (ڕۆمان)ی دەنووسی! ڕەنگە شاعیرێک جەللادێکی جوان نیشان دابێت، وەلێ کاری ڕۆماننووس بۆ ئەوەیە، وێنەی دنیایەکی جوانتر لەوەی هەیە، بکێشێت. سێرڤانتس کەسانی سەر بە چین و توێژە بالاکانی وەک لووتبلّند و ناخپووت پێ دەناساندین و رووناکیشی دەخستە سەر ژیانی سەختی بە حیکمەت دەوڵەمەندی هەژاران. ئەرکی پرد ڕەنگە هەر ئەوە بێت، ئەمبەری رووبارێک بە ئەوبەرییەوە ببەستێتەوە، وەلێ ڕۆمان پردێکە گەلانی دنیا پێکەوە دەبەستێتەوە و مامۆستایەکە دەرسی تۆلێرانس بە خەڵکی جیهان دەڵێتەوە.

ڕۆماننووس هەمیشە ئەوەی لە یادە کە بایەخ بە فرەدەنگی بدات و ڕێز لە بیرورای جیاواز بگرێت، ئاخر ڕۆمان ڕەنگدانەوەی واقعێکی هەمەڕەنگ و فرەلایەنە و وەک فێستیڤاڵێک وایە کە چەندان کەسایەتیی سەر بە فیکر، دنیابینی، چین و توێژی جیاواز، قسەی تایبەت بە خۆیانی تێدا دەکەن. ڕاستە ڕۆماننووس پێویستە لە هەمان دوورییەوە سەیری کارەکتەرەکانی بکات، وەلێ ئەمە یەکێکە لە تەکنیکەکانی نووسین و بە مانای مەرگی نووسەر نایەت. ڕۆماننووس هەمیشە خوێنەری لێزان لەبەر چاو دەگرێت، ئەو خوێنەرەی لەگەڵ ڕۆمانەکەدا دەکەوێتە دیالۆگەوە، توانای لێکدانەوەی مانا جیاوازەکانی دەقەکەی هەیە، پێی دەکرێت بۆشاییەکانی تێکستەکە پڕ بکاتەوە، نەنووسراوەکان بنووسێتەوە و نەگوتراوەکان بڵێت.

٢٠١٠/٨/٣

(*) هانز گۆست: نووسەرێکی نازیست بوو، (تۆماس مان)ی بەو (تاوان)ە بە گرت دا. کە کورەکەی لە هۆلاند ڕۆژنامە لە دژی هیتلەر دەر دەکات.

# کۆمێدیای ڕەش

کۆمێدیای ڕەش، بە چاوپۆشین لەوەی
ڕاسترۆن، میانرۆن یان چەپرۆ، بە گژ هەموو
دەسەڵاتپەرستاندا دەچێتەوە و بە چاوی
گومانەوە بۆ هەموو فۆرمەکانی ئادیالیزم و
فەناتیزم، دەڕوانێت.
(ڕیچارد ئینگرامس)

ئەوە کۆمێدیا نییە کە بێ مانا و بێ ئامانج، وەرگر دەهێنێتە پێکەنین، ئەوە دەشێت جۆک بێت، لە کۆمێدیادا پێکەنین ئامرازە نەک ئامانج. کە ڕێساکانی ئەدەبی گاڵتەجاڕی، لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، جیاوازییان هەیە، دەشێت ئەوە پێوەندیی بە هەبوون یان نەبوونی سانسۆرەوە هەبێت. ئەوەی لە وڵاتێکی نادێمۆکرتدا، سەرپرایز یان شۆکە، ڕەنگە لە وڵاتێکی دێمۆکراتدا سەرنجڕاکێش نەبێت. سەروەختی گەمەکردن لەگەڵ زماندا، هەر زمانە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەو گاڵتەیەی بە هۆی گەمەوە لەگەڵ وشەدا، لەم زماندا پەیدا دەبێت، کاتی وەرگێران بۆ ئەو زمان، هیچ بە وەرگر ناڵێت.

ئەوەی پێی دەڵێین شیعری داشۆرین و لە کن مە، (شێخ ڕەزای تاڵەبانی ١٨٣٧ – ١٩١٠) تێیدا باڵادەستە، لە زۆر لایەنییەوە زادەی شیعری ستوونی بوو، هەمان ئەو بابەتانەی شێخ ڕەزا، ئەگەر بە پەخشانەشیعر بگوترێن، ئەوەی گاڵتەجاڕییە تێیاندا نامێنێت. داشۆرین، چونکە ئەگەر پەتی سێدارەیش بێت، لە ئاوریشم چێ کراوە، ئەوە بۆیە دەشێت، تەنانەت ئەو کەسەیشی کراوە بە نیشانە، نەک هەر دڵگران نەبێت، بەڵکوو چێژیشی لێ

وەربگرێت. لە کۆمێدیای ڕەشدا، ئەوە هیچ بایەخێکی نییە، کارەکتەرەکان، کەسانی ڕاستەقینەن یان نا؟ کەنگێ ئەوە بایەخدارە، (دۆن کیخۆتە) کەسێکی ڕاستەقینە بووە، یان زادەی خەیاڵ؟

## هونەرێکی باڵا

ئەو بێهوودەییەی لە (ئەدەبی ناماقووڵ)دا هەیە، لە (کۆمێدیای ڕەش)یشدا، جێگەی بایەخە. کۆمێدیای ڕەش، شتگەلی هاوبەشی لەگەڵ ئەدەبی (سوریالی)یشدا هەیە، بە تایبەتی کە هانا بۆ شتی سەرسووڕهێن دەبات، ڕووداو وەک خەون و خەیاڵ وێنە دەکێشێت و لێ ناگەڕێت زمان لە زیندانی لۆگیکدا بەند بێت.

تا سەر نەبۆتە گۆ، دە لە دنیا دە تۆ شەقێ،
هەر ئەم شەقە بەکارە، کەوا هەڵدرێ لە هیچ.
(مەحوی ١٨٣١ – ١٩٠٦)

ئەوە هاوزەمان وێنەیەکی زێدەجوانی سوریالی و بیرکردنەوەیەکی قووڵی (عەبەسی)یانەیشە، کە وەک (گۆ)یەک سەیری دنیای بێمانا بکەین و (شەق)ێکی تێ هەڵبدەین. (بێرنارد شۆ ١٨٥٦ – ١٩٥٠) دەڵێت: (دنیا یەکێکە لە نوکتەکانی خودا،) ئاخر کۆمێدیا پێوەندییەکی قووڵی بە بێهوودەیی و ناماقووڵییەوە هەیە و ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەیش بێت، نووسەری کۆمێدیا، کەسێکی بوێری تابووشکێنە، پێبەندی دابونەریتی باو نابێت و تەنانەت دەشێت ئەو (ڕەمز)ەی لای کەسانی ئاسایی پیرۆزە، لای ئەم ببێتە کەرەسەی تەنز.

ئەگەر کۆمێدیا دوو جۆر بێت: ساکار و قووڵ، ئەوا کۆمێدیای ڕەش، قووڵترین چەشنی کۆمێدیایە، بۆیە مەگەر تەنیا دەستەبژێر لە تەواوی نهێنییەکانی تێبگات. (ئەوەی بایەخ بە سیاسەت نەدات، ئەگەری ئەوە هەیە کەسانی پووت بڕیار لەسەر چارەنووسی بدەن.) ئەو گوتەیەی (ئاریستۆفانێس ٤٤٥ – ٣٨٥ پ. ز) بە ئاسمانی پەیامی کۆمێدیای ڕەشەوە، ئەستێرەیەکی

گەشـە. لە کۆمێـدیای ڕەشدا، کە خـەیاڵ ئەرکێکی سـەختی لە ئەسـتۆدایە، کورتبڕی، سـەرنجی برووسکەیی و بەگەڕخسـتنی ڕەمز، شـوێن بە درێژدادڕی لێـژ دەکەن. ئەو هەمـوو گاڵتـەجـاڕییـەی لە کـۆمێـدیای ڕەشـدا هەیە، لە تـاقـە سـەرچاوەیەکەوە هەڵدەقوڵێت کە مەینەتییە. بەرهـەمـەکانی سێرڤانتس، ڤۆڵتێر، بێرنـارد شـۆ و مـارک توین، گـەواهـی لەسـەر ئەم ڕاسـتـییـە دەدەن. ئەوەی کە کۆمێـدیایەک هەیە خـەمناک یان هەنـدێک جـار (ڕەشبـین)یشـی پێ دەڵێن، وەک بەڵگە وایە بۆ ئەوەی، مەینەتی مامانی گاڵتەجاڕییە.

کۆمێـدیای ڕەش کە گاڵتـەئامێـزانە بـابەتێک بەسـەر دەکـاتەوە، هـاوزەمـان توانای ئـەوەیشـی هـەیە، شـکۆی پـەیـامـــەکـــەی بـەرز ڕابـگرێـت و بوار نـەدات کارەکە، تەنیا وەک قـۆشـمە دەربکەوێت. ئەو کۆمێدیایەی هەر بایەخ بە قۆشـمە دەدات و هیچی دیکە، لە جۆک نزیک دەبێتەوە. کۆمێدیای ڕەش تایبەت نییە بە بوارێـکی دیاریکراو یان تاقـە ژانرێـک، ڕەنگە ئـەگـەر بـڵـێـم، دەشـێـت هـەمـوو بابەتێک بەسـەر بکاتەوە و لە هەموو هونـەرێکدا هەبێت، زێدەگۆییم نەکردبێت. کـۆمـێـدیـای ڕەش دەشـێت لـە شـانـۆنامـە، فـیـلم، ڕۆمـان، شـیـعـر، گـوتار و لە هونەری شـێـوەکاریشـدا هـەبێت. لایەنە لاوازەکـانی ئینسـان، وەک لووتبـڵندی، نەفـامی، دووڕوویی، گـەوجـیـیـەتی و دەسـەڵاتپـەرسـتی، کـێـڵـگەگـەلی بەپیتن بۆ گەشەکردنی کۆمێدیای ڕەش.

### خەون و مۆتەکە

کۆمێدیای ڕەش ئەوە نییـە، گاڵتـەجاڕانە ڕابردووی کـەسێک بگێڕینەوە، یان زێدەڕۆیی لە گەورەکردنی خاڵە لاوازەکانیدا بکەین، یان شێوازی بیرکردنەوەی بکەین بە کەرەسـەی تەنز. کۆمێدیای ڕەش ئەوەیە: چیرۆکێک بگێڕینەوە زادەی خـەیاڵ بێت، بەڵام هـەر لە ڕیالیـست بچێت، وەک (ئـیـبـراهـیم زەبـۆک)ی عـەزیز نەسـین. (١٩١٩ – ١٩٩٥) کۆمێدیای ڕەش، لە کۆمێدیا و تراژیدیا پێک هـاتووە کە دەتـوانین (تراژیکۆمـێـدیا)یشـی پێ بـڵـێین. (پـاڵـتـۆ)کـەی گـۆگـۆڵ کـە ١٨٣٤ نووسـراوە، کە بـە گژ دووڕوویی و گـەندەڵـیـدا دەچێـتـەوە، کە بە شـێـوەیەکی

گاڵتەجاڕی ناخ و ڕەوتاری ئینسانی پووچ بەسەر دەکاتەوە، کە جارێک دەمانهێنێتە پێکەنین و جارێک وا دەکات فرمێسک بەری چاومان بگرێت، ئێستایش هێندە زیندووە، هەر دەڵێیت باسی ئەم سەردەمە دەکات.

ئەندریە برێتۆن (١٨٩٦ – ١٩٦٦) لە کتێبی (ئەنتۆلۆژیای کۆمێدیای ڕەش)دا دەڵێت: (کۆمێدیای ڕەش هەر یەکگرتنی کۆمێدیا و تراژیدیا نییە، بەڵکوو بەرجەستەکردنی ناهاوسەنگیشە بە شێوەیەکی گرژ و پێکەوە گرێدانێکی هونەرییانەی مەترسی و نائومێدیشە.) کۆمێدیای سپی بە قەڵەم دەنووسرێت، بەڵام ئەتمۆسفێری کۆمێدیای ڕەش، هێندە دژوارە، هەر دەڵێیت بە چەقۆ هەڵدەکۆڵرێت. جیاوازییەکی دیکەی نێوان کۆمێدیای سپی و کۆمێدیای ڕەش ئەوەیە، ئەمیان لە خەونبینین دەچێت و ئەویان وەک مۆتەکە وایە. کۆمێدیای ڕەش هەوارێکە نزیکەی هەموو ئەدیبان ڕێیان تێی دەکەوێت، بە تایبەتی کە هەست بە نائومێدی و بێهوودەیی دەکەن.

کۆمێدیای سپی کە بە کاریکاتێرکردنی ئەدەبە و تێکەڵەیەکە لە قۆشمە و گاڵتەجاڕی، خاڵی لاوازی کەسێک، لایەنێک، یان دەزگایەک وەها وێنە دەکێشێت کە ببێتە مایەی پێکەنین و ڕەنگە هەندێک جار زمانەکەی تا ڕادەی برینداکردنیش، زبر بێت. ئەوانەی لە زیندانی دۆگمادا، ئیدی زیندانەکە ئیدۆلۆگیایی بێت، یان ئایینی، دیلن، وای بۆ دەچن، گاڵتە لە شکۆمەندییان کەم دەکاتەوە.

نالی! وەرە (هەزل)ێکی کە (عار)ی شوعەرا بێ،
ڕووڕەش مەکە پێی، سەفحەیی هەر لەوح و کیتابێ.

چیرۆکەشیعرەکە ستایشکردنێکە لە پێناوی بەدناوکردندا، نالی (١٨٠٠ – ١٨٥٦) لە کۆتاییدا وەک لێی پاشگەز بووبێتەوە، لەو بەیتەدا بەو ئەنجامە گەیشتووە کە بەو کارەی، ئاوڕووی خۆی بردووە نەک هی مەستوورە، ئەوە نییە ئەو (هەزل)ەی بە (عار) لە قەڵەم داوە؟ ئەمەیش ڕەنگە نیشانەیەک بێت بۆ ئەوەی، نالی سەروەختی یاخیبوونیش، بتی دۆگمای تێک نەشکاندبێت و

پردێکی لە دوای خۆیەوە جێ هێشتبێت. کۆمێدیای ڕەش بە گژ دۆگماکاندا دەچێتەوە، گاڵتەجاڕانە سەرنجی واقیعی تاڵ دەدات، لاقرتێی پێ دەکات و بە تەوسەوە دەیدوێنێت. لە کۆمێدیای ڕەشدا، بەجێ و نابەجێ، ماقووڵ و ناماقووڵ، واقیع و فانتازی، بە جۆرێک دەست لە ملانی یەکدی دەبن، جوداکردنەوەیان وەک مەحاڵی لێ دێت.

## ئایرۆنی

کۆمێدیای ڕەش بە دوو باڵ دەفڕێت: ئایرۆنی و پارادۆکس. ئایرۆنی کە بە تەوسەوە پەیڤینە، بگۆ تێیدا شتێک دەڵێت و مەبەستی شتێکی دیکە، یان پێچەوانەکەیەتی، بەو جۆرە لە ڕێی ڕەخنەی بریندارکەری گاڵتەئامێزەوە، پێکەنین دەورووژێنێت، پێکەنینێک کە لە خەمێکی تاڵ و نائومێدییەکی قووڵەوە سەرچاوە دەگرێت. بە تەوسەوە پەیڤین، گاڵتەکردنێکە لە هەناویدا نیازێکی دوژمنکارانە حەشار دەدات و زادەی تووڕەبوون یان بێز لێ کردنەوەیە. ئایرۆنی ئەوەیە کە هەواڵێکی هەڵە دەگێڕینەوە، گوێگر دەزانێت ڕاست نییە، وەلێ وا خۆی نیشان دەدات کە باوەڕی بە ڕاستی و دروستی هەواڵەکە هەیە. ئایرۆنی چونکە گاڵتەیەکە بۆ مەبەستێکی جیددی دەکرێت، ئەوە بۆیە کە وەک توێکڵ لە ڕاستی دەچێت، وەک کاکڵ گەمەکردنە بە ئاوەزی ئەو کەسەی کراوە بە نیشانە.

هێرشکردن لە ئایرۆنیدا ناڕاستەخۆیە، گاڵتە پێ کردنێکی تەمومژاوییە. ئەوی بە تەوسەوە بدوێت، وەک شتێکی مەزن، باس لە شتێکی پووچ دەکات، واتا کە بە ڕووکەش پێداهەڵدانە، لە کرۆکدا سووکسەرنجدانە و لەودیو هەر ستایشێکەوە، پلارێک خۆی مەڵاس داوە. چونکە ئایرۆنی مانا ڕاستەوخۆکان سەروبن دەکاتەوە، چونکە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان گوتراو و مەبەستدا دەهێنێتە ئاراوە، بۆیە ئەوە ئاساییە، وەرگر بەد لە مەبەست حاڵی ببێت، ئاخر تێگەییشتن لە ئایرۆنی پێویستی بە ئاستێکی ڕۆشنبیریی بڵند هەیە. بە تەوسەوە پەیڤین، بۆ خۆپاراستنە لە ڕەخنەی ڕاستەوخۆ لە کەسێک،

دیاردەیەک یان لە بۆچوونێک کە ڕەنگە نەگونجێت بە ئاشکرا ڕەخنەی لێ بگیرێت.

ئەوە ئایرۆنییە کە لە شانۆنامەی (بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە)ی (بێکێت ١٩٠٦ – ١٩٨٩)دا، پیاوێک کە بە مەبەستی خۆخنکاندن قایشەکەی پشتی دەکاتەوە، یەکسەر پانتۆلەکەی بەر دەبێتەوە. هەندێک جار ئایرۆنی لە ڕێی گەمەکردنەوە لەگەڵ زمان و وشەدا، سەرهەڵدەدات. شێخ ڕەزا دەڵێت:

گەرچی فەقیر و موفلیسە، شێخ مامەساڵحم
نەمدی کەسێ وەک ئەو ساحێبی کەرەم،
میوانی بووم و نان و کەرەی نایە بەردەمم،
ئێستایش بەبێ موداهەنە، مەمنوونی ئەو کەرەم.

لایەنی جوانی بە تەوسەوە پەیڤینەکە، هەر ئەوە نییە، دەتوانین دوو خوێندنەوە بۆ شیعرەکە بکەین، ئەوەیشە شاعیر خۆی بێلایەن نیشان دەدات و سەنگەری هیچ کام لەو دوو لێکدانەوەیە هەڵنابژێرێت، ئەمەیش بەرجەستەکردنێکی هونەرییانەی هێرشێکی ناڕاستەوخۆیە.

## پارادۆکس

لە (پارادۆکس)دا، پراکتیک جیاوازە لەوەی لە تیۆریدا هەیە، هەمیشە کۆتایی جیاوازە لەوەی لە سەرەتاوە چاوەڕوانیمان بۆی هەیە، شتەکان هەڵگری دژەکانی خۆیانن، هەرچەندە شیمانەکان دروستن، وەلێ کۆتاییەکە هیچ لەگەڵ لۆگیکدا کۆی ناکاتەوە، وەرگر لە چرکەساتی یەکەمدا، بیری بۆی ناچێت و گەلێک جار هێندە فریودەرە، وەرگر بە هەڵەدا دەبات. کۆمێدیای ڕەش هەوڵ دەدات لە ڕێی پارادۆکسەوە، جێ بە بیر و بۆچوون و نەریتە باوەکان لەق بکات و لەو ڕێگەیەوە، کۆمەک بە ئینسان دەکات، تا خەیاڵی بەرینتر بێت و هیواکانی مەزنتر بن. ڕەنگە ئەو ناتەباییەی بە هۆی پارادۆکسەوە هەستی پێ دەکەین، زادەی ئەوە بێت کە ئێمە زانیاریی هەڵەمان

سەبارەت بە مەسەلەیەک هەیە، لە دۆخێکی وەهادا، پارادۆکس گومانمان لە کن دروست دەکات و دەبێتە هەوێنی ئەوەی، سەرلەنوێ بە زانیارییەکانماندا بچینەوە و فێرمان دەکات بە کلیلی گومان، (نیتشە ١٨٤٤ – ١٩٠٠) گوتەنی دەرگای (زیندانی یەقین) لە خۆمان بکەینەوە.

نووسەر لە کۆمێدیای ڕەشدا بە هۆی پارادۆکسەوە، خەریکی ئەوەیە، بە پەیژەی ناشیرینیدا بەرەو ژیانێکی جوان سەرمان بخات، وەک چۆن شاعیر لە قوڕی وشە، زێڕی شیعر بەرهەم دەهێنێت، نووسەریش لە کۆمێدیای ڕەشدا، لە ڕێی پارادۆکسەوە، لە تاریکی، تیشک و لە ئازار، خەندە و لە خەم، هیوا دەخولقێنێت، ئەوە بۆیە عەزیز نەسین کە لە بواری نووسینی کۆمێدیای ڕەشدا، یەکێکە لە نووسەرە هەرە مەزنەکانی دنیا، دەیگوت: (کۆمێدیا شمشێری دەستی زۆرلێکراوانە، بە ڕووی زۆرداراندا هەڵیانکێشاوە.) ڕێکەوت لە پارادۆکسدا هەرچەندە وەک شێوە خەمگین دێتە بەر چاو، وەلێ لە ناواخندا مایەی پێکەنینە. (گەمەی ڕۆژگار،)(*) پێناسەیەکی کورت و پوختی میللییە بۆ پارادۆکس.

## گرۆتێسک

گرۆتێسک کە یەکێکە لەو تەکنیکانەی لە کۆمێدیای ڕەشدا وەگەڕ دەخرێت، لادانێکە لە نەریتی زاڵ و گەڕانە بە دوای شێوازی نوێی دەربڕیندا. گرۆتێسک (کە چەندان مانا دەبەخشێت، لەوانە: سەیر، ناشیرین، نەگونجاو، ناخۆش و قێزەون،) شێوەدەربڕینێکی هێندە سەرسووڕهێنە، وەرگر دووچاری حەپەسان دەکات. گرۆتێسکەری گەڕانە بە دوای جوانیدا، بەڵام لە جێیەکدا کە ناشیرینی زاڵە، یان لێڵکردنی ئاوە ڕوونەکانە، لە پێناوی مەبەستێکی گەشدا. لە گرۆتێسکەریدا هەم دژبەیەکی هەیە و هەمیش بابەتەکە لێکدانەوەی هەڵە هەڵدەگرێت. لە بەرهەمی برێخت، کافکا، جۆناتان سویفت، ئەدگار ئالان پۆ و یۆنسکۆدا کەم و زۆر ڕووبەڕووی گرۆتێسک دەبینەوە. لە (جانەوەرەکانی دۆکتۆر فرانکنشتاین) و (زەنگلێدەرەکەی نۆتردام) و (جوانی و جانەوەر) دا،

تەکنیکی ماسکی گرۆتێسک بەکار هێنراوە.(**) لە کوردیدا شیعرە ناودارە زێدە ڕووهەڵماڵراوەکەی مەلا غەفووری حافیزی مەهابادی، نموونەی ئەدەبی گرۆتێسکەرییە کە هەندێک جار (ئەدەبی نایاسایی) یان: (کۆمێدیای دڕندانە)یشی پێ دەڵێن.

## گوناهێکی گەورە

کۆمێدیای ڕەش دەتوانێت وا بکات، قاقا قاقا پێبکەنین و خوڕ خوڕ بگرین، ئاخر گاڵتەجاڕییەکە خوێنی لێ دەچۆڕێت. وەهرانی دەڵێت: (لە تاو ماندووبوونی کار هەڵدێن، بە بیانووی خواپەرستییەوە، دەخزێنە کونجی مزگەوتەکانەوە و تا مردن هەر خەریکی خواردن و خەو دەبن، هەر لە گەرچکی ناو بێستان دەچن کە هەم ئاو دەخواتەوە و هەم جێگەیش دەگرێت.) ئەو گاڵتەجاڕییە، تەنیا هەر هەوێنی پێکەنین نییە، بۆ ڕامانیش هانمان دەدات و بۆ وروژاندنی پرسیاریش دەبێتە هاندەرمان.

ئیسلامییە توندڕۆکان، خۆیان وەک دوژمنانێکی سەرسەختی کۆمێدیا دەناسێنن و بە حەرامی لە قەڵەم دەدەن. (یا أیها الذین آمنوا لا یسخر قوم من قوم، عسی أن یکون خیرا منهم... ولا تنابزوا بالألقاب... ومن لم یتب فأولئك هم الظالمون. الحجرات١١) لەبەر ڕۆشنایی بە هەڵە خوێندنەوەی ئەو ئایەتەدا، کۆمێدیا وەک سووکایەتی بەم و بەو کردن لێک دەدەنەوە و تەنانەت لاساییکردنەوەی کەسێک، با ناڕاستەوخۆیش بێت، لای وان هەر دەکەوێتە خانەی سووکایەتی بە خەڵکی کردنەوە، هەرچەندە لاساییکردنەوە، دێرینترین شێوەی کۆمێدیایە و لەنێو ئینسانی سەرەتاییشدا هەبووە.

هەندێک لە توندڕۆکان وای بۆ دەچن، ئەگەر گاڵتەکردنمان بە باوەڕدارێک، بگاتە ئەو ئاستەی زەردەخەنەیەک بێتە سەر لێومان، ئەوە گوناهێکی گچکەیە، وەلێ ئەگەر قاقا بە خاوەنباوەڕێک پێبکەنین، ئەوە گوناهێکی گەورەیە. (وإذا لقوا الذین آمنوا قالوا آمننا وإذا خلوا إلی شیاطینهم قالوا إنا معکم إنما نحن مستهزئون. الله یستهزئ بهم ویمدهم في طغیانهم یعمهون. البقرة ١٤ و ١٥)

کەواتە ئەوانەی پێیان وایە گاڵتە بە باوەڕداران دەکەن، بە هەڵەدا چوون و ئەوە زاتی خودایە گاڵتە بەوان دەکات و لێیان دەگەڕێت بەرەو سەرگەردانی مل بنێن. گاڵتەجاڕی بە تایبەتی لە بەرگی ئایرۆنیدا، گەلەک جار لە قورئاندا هاتووە و لەو بوارەدا چەندان کتێب نووسراون.(***)

### ئەستێرە گەشەکان

لە کۆمێدیای ڕەشدا، نووسەر کە ژیانێکی تاڵ دەداتە بەر ڕووناکی، هەمیشە بەرگێکی شیرینی لەبەر دەکات، ئاخر بەو جۆرە، وەرگر زووتر پێشوازیی لە کارەکە دەکات، ئاخر ئەو بەرگە شیرینە کە لە گاڵتە چێ دەکرێت، وا دەکات، کەسی هەڵچوو، هێور ببێتەوە و ئەوی ماندوویشە، بحەسێتەوە. ئەگەر نووسەرێک هەبێت، تۆڵەی زۆرلێکراوان بسێنێتەوە، ڕەنگە تەنیا نووسەری کۆمێدیای ڕەش بێت. کۆمێدیای ڕەش لە خەڵکەوە نزیکە، بە شێوازێکی ئاسان دەنووسرێت و دەرۆزەی پێکەنینی وەرگر ناکات. ئەوە زادەی جەهلە، ئەگەر بە چاوێکی سووکەوە سەرنجی نووسەرانی کۆمێدیا بدەین و پێمان وابێت، ئەرکی وان، تەنیا وەپێکەنین هێنانی ئەوانی دیکەیە و هیچی تر. گەورەئەدیبانی دنیا، ئەوانە بوون کە کۆمێدیایان بەرهەم دەهێنا، وەک: سێرڤانتێس، ڤۆڵتێر، مۆلیر، بێرنارد شۆ، مارک توین، گۆگۆڵ و عەزیز نەسین.

کە (پووشکین ١٧٩٩ – ١٨٣٧) (دەروونە مردووەکان)ی (گۆگۆڵ ١٨٠٩ – ١٨٥٢)ی پاشای کۆمێدیای ڕەش دەخوێنێتەوە، بە حەسرەتەوە دەبێژێت: (خودایە گیان، ڕووسیا چەند کلۆڵە!) شانۆنامەی (پشکنەر)ی گۆگۆڵ، یەکێکە لەو شاکارانەی دەکەونە خانەی ئەدەبی کۆمێدیای ڕەشەوە. کە بۆ یەکەمین جار لە ١٩ی ئەپریلی ١٨٣٦ دا، بە ئامادەبوونی نیکۆلای یەکەمی سیزاری ڕووسیا نمایش دەکرێت، سیزار ستایشی کارەکە دەکات و دەڵێت: (هەموو ئەوانەی لەو ڕەوشە خراپە بەرپرسن، پێویستە سەرکۆنە بکرێن، یەکەم کەس خۆم.) ڕەنگە ئەم هەڵوێستەی سیزار بەڵگەیەک بێت بۆ ئەوەی، سەرهەڵدانی کۆمێدیای ڕەش و گەشەکردنی، پێویستی بە ژینگەیەکی دیمۆکرات هەیە کە

تێیدا ڕێز لە بیروڕای جیاواز بگیرێت.

(ئەرنست هەمینگوای ١٨٩٩ – ١٩٦١) پێی وایە، هەموو ئەدەبی ئەمریکایی، لە کتێبی (سەرچڵییەکانی هەککەلبێری فاین)ی (مارک توین)ەوە سەرچاوە دەگرێت. مارک توین (١٨٣٥ – ١٩١٩) لەو ڕۆمانەیدا کە یەکێکە لە نموونە باڵاکانی ئەدەبی کۆمێدیای ڕەش، جۆرە ڕەخنەیەکی گاڵتەئامێزانەی هێندە زبری ڕەچاو کردووە، هەر لەوە دەچێت، خوێی بە برینەکانی کۆمەڵگەوە کردبێت. لە ڕوانگەی بێرنارد شۆوە، تاقە بلیمەتێک کە پیشەسازیی سینەما بەرهەمی هێنابێت، (چارلی چاپلن ١٨٨٩ – ١٩٧٧)ە کە پێی وایە، (هەر ڕۆژێک لە ژیانمان بێ گاڵتە دەرباز بووبێت، ئەو ڕۆژەمان لە کیس چووە.) چارلی چاپلن، بە فیلمی دیکتاتۆر(١٩٤٠) بە گژ هیتلەر و نازیزمدا دەچێتەوە و هۆلۆکۆست کە ئەو وەختە هێشتا دەنگی نەدابووەوە، دەداتە بەر ڕووناکی. ئایا ئەوە لوتکەی هونەر نییە، بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی، کارەساتی قەلاچۆکردنی میللەتێک بەسەر بکەینەوە و نیشانەیش بپێکین؟

هەنری بێرگسۆن دەڵێت: (ئینسان وەک چۆن تاقە گیاندارە لە مەینەتیدا دەژی، تاقە گیانداریشە پێدەکەنێت.) ئەوە بۆیە نووسەری کۆمێدیای ڕەش، لە هەنگێک دەچێت، پێمانەوە دەدات، بێ ئەوەی هەست بە ئازار بکەین، یان: کارێک دەکات لە خۆشیدا بگرین، گاڵتەمان بە ئازار بێت و پێش ئەوەی بەڵاکان پێمان پێبکەنن، ئێمە بەوان پێبکەنین. ئەگەر ئەو چەکە نەبووایە، هیچ دوور نەبوو، ڕۆحمان تووشی داخوران ببووایە، ئاخر کۆمێدیای ڕەش دژەبروسکەیەکە لە دارمانی دەروونی دەمانپارێزێت. هەرچەندە (دۆن کیخۆتە)ی قارەمانی ڕۆمانەکەی (سێرڤانتس ١٥٤٧ – ١٦١٦) لەناو وەهمدا دەژیا، کەچی ئەوە سەدان ساڵە ئەو بەرهەمە، بە ڕاستی لە ناوماندا دەژی.

کۆمێدیای ڕەش هانا بۆ وروژاندنێک دەبات کە تا ئاستی بریندارکردن دەڕوات و ئەو باس و بابەتانە بەسەر دەکاتەوە کە وەک تابوو وەهان و سڵ لە سانسۆر ناکاتەوە. (ناپاکی لە نیشتمانەکەم دەکەم.) ئەوە ناونیشانی کتێبێکی (مەحەممەد ماغووت ١٩٣٤ – ٢٠٠٦)ە، کە ئایرۆنی و پارادۆکسی لە

هەناویدا هەڵگرتووە و هێندە بوێرانەیشە تا ئاستی ئەوەی تووشی حەپەسانمان دەكات. ماغووت یەكێكە لەو نووسەرانەی لە كارەساتدا، پێكەنین دەدۆزێتەوە و قۆشمەكانیشی هێندە تاڵن، بەرەو گریان هانمان دەدەن. عەرەب گوتەیەكی هەیە دەڵێت: (دژوارترین بەڵا ئەوەیە كە دەبێتە هەوێنی پێكەنین.)(****) (زەكەریا تامیر ١٩٣١) ئەدیبێكی دیكەی عەرەبە كە توانای ئەوەی هەیە، لە زەریای تراژیدیادا، مرواریی كۆمێدیا ببینێتەوە. (كەری تۆپیو لە گورگ ناترسێت) ناونیشانی یەكێك لە ئیشەكانی عەزیز نەسینە كە كۆمێدیای ڕەشی لێ دەچۆڕێت. ئەو نووسەرە ئینساندۆستە دەڵێت: (هەر شتێكی باش بزانم، لە دایكمەوە فێری بووم، كاتێك دایكم بە داوی ڕەنگاوڕەنگ سەرقاڵی چنین دەبوو، من لە داوە ڕەنگینەكانیدا، فرمێسكەكانی و تیشكی چاوانیم بەدی دەكرد، بۆیە لە كن من، پارچەیەك لەوانەی دایكم دەیچنین، لە هەموو كتێبەكانم بەهادارترە.)

٢٠١٠/١٠/٦


ژێدەر و پەراوێز:

(١) الدكتور نعمان محمدأمين طه، السخرية في الأدب العربي ١٩٧٨ دار التوفيقية للطباعة بالأزهر.

(٢) الدكتور شاكر عبدالحميد، الفكاهة والضحك، سلسلة عالم المعرفة، يناير ٢٠٠٣ الكويت.

(٣) عبدة وازن، قصيدة نثر بسخرية سوداء ٢٠ ديسمبر ٢٠٠٩ الحياة.

(٤) عبدالرحيم العطري، غوغول ملك السخرية السوداء ٢١ يوليو ٢٠٠٥ موقع جريدة بانياس.

(٥) سالم سلمان الدمام، الكتابة الساخرة ١٢ سبتمبر ٢٠١٠ الشرق الأوسط.

(6) www.algonet.se/~niklars/grotesk/artiklar/princip.html, Niklas Larsson, Groteskens principer samt dess historik.

(7) http://sv.wikipedia.org/wiki/svarthumor

(8) http://sv.wikipedia.org/wiki/ironi

(9) http://sv.wikipedia.org/wiki/grotesk
(10) http://sv.wikipedia.org/wiki/paradox
(11) http://sv.wikipedia.org/wiki/satir
(١٢) د. مــوككەڕەم تاڵەبانی، شــێخ ڕەزای تاڵەبانی، ل٦٤ دەزگــای ئاراس ٢٠٠١ هەولێر.
(١٣) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، ل٦٢٩ کۆڕی زانیاریی کورد ١٩٧٦ بەغدا.
(١٤) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و مەحەممەدی مەلا کەریم، دیوانی مەحوی، ل٩٨ چاپی دووەم، کۆڕی زانیاریی کورد ١٩٨٤ بەغدا.
(١٥) قورئانی پیرۆز ، ل٣ وەرگێڕانی مامۆستا هەژار.
(*) سخرية القدر.
(**) جانەوەرەکانی دۆکتۆر فرانکنشتاین: فیلمێکی ترسناکی ئەمریکاییە، لە دەرهێنانی جەیمس واڵ. زەنگلێدەرەکەی نۆتردام: ڕۆمانێکی ڤیکتۆر هوگۆیە ١٨٣١ نووسراوە. جوانی و جانەوەر: حەکایەتێکە بە فیلم، ئۆپێرا، فیلمی کارتوون و زنجیرە درامایش هەیە.
(***) لەوانە: أسلوب السخرية في القرآن الكريم، عبدالحليم حنفي.
(***) (شر البلية ما يضحك.)

ئایرۆنی: تهكم.
پارادۆکس: مفارقة.
گاڵتەجاڕی: سخرية.
داشۆرین: هجاء.
قۆشمە: فكاهة.

پێڕست

هونەری نووسین ........ 5
چۆن فێری نووسینی چیرۆک دەبین؟ ........ 9
هونەری گێڕانەوە لای ماریۆ ڤارگاس یۆسا ........ 24
بەرسیلەی گومان و ترێی یەقین ........ 37
مەرگ بانگمان دەکات ........ 47
ڕیسکێک کە ڕیسەکە دەکاتەوە بە خوری ........ 57
گەڕانەوە بەرەو منداڵی ........ 61
زەوین شاژنێکە تای لێ هاتووە ........ 67
کوردەواری بەدەم گۆڕانەوە لە گێڕانەوەی خەزنەداردا ........ 75
لە خۆ گۆڕان و بەدگۆڕان لە دوو چیرۆکی کوردیدا ........ 87
منداڵێکی لاسار ........ 96
کۆمێدیای ڕەش ........ 99